# پەنجەکانی نەوشیروان خەباتی هاوڕێکانی دەشێوێنێت



له ڕاستەوە مام جەلال، جۆرج بوش، کاک کۆسرەت، دیک چینی - کۆشکی سپی - واشنتۆن

**کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی**

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بەڕێز نەوشیروان مستەفا، زنجیرە وتارێکی لەژێر ناوی لەنێوان مام جەلال و مندا لەسایتی سبەی بڵاوکردۆتەوە، گەرچی نووسینەکەی بەقەولی خۆی باس لەپەیوەندی و کێشەکانی لەگەڵ مام جەلال دەکات، بەڵام لەبەشێکی زۆری گێڕانەوەکانیدا کۆمەڵێک تۆمەت و قسەی ناڕەوای لەسەر ئێمەو مێژوویی تێکۆشانمان لەناو یەکێتیی و سەردەمی بەرپرسیارێتیم لەسەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، هەڵبەستووە.

ئەگەر لەبەر هاوخەباتەکانم و پێشمەرگەقارەمانەکانی کوردستان و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان نەبووایە، بەپێویستم نەدەزانی وەڵامی ئەو تۆمەت و ناهەقیانە بدەمەوە، چونکە خەڵکی کوردستان لەوە هوشیارترن کە بە پەلاماری ناڕەوا چەواشەبکرێن و خەڵک دەزانن کێ خزمەتی ئەم میللەتەی کردووەو کێش لەقۆناغە هەستیارو چارەنووسسازەکاندا پشتی تێکردوون و جێی هێشتوون، بەڵام هەندێ ناهەقی لەو نووسینەی کاک نەوشیرواندا کراوە، کە وەڵامنەدانەوەی دواجار بۆ مێژوو دەبێتە چەواشەکاری و ڕەنگە نەوەی نوێی میللەتەکەمان، بەحوکمی تەمەن لەمرۆدا، ئاگاداری وردەکاریی ئەو ڕووداوانە نەبن، بۆیە بەگرنگم زانی هەندێ لەو هەڵەو کەموکورتی و ناڕەوایەتییانەی باسی کردوون، ڕاستیانبکەمەوە.

**سەردەمی شەڕی ناوخۆ**

پێموایە کاک نەوشیروان و هەموو ئەو هەڤاڵانەی ڕۆژێک لەڕۆژان پێکەوە خەباتمان کردبێ ئەو شایەتییەم بۆ دەدەن کە هیچ کات خۆم لەبەرپرسیارێتی نەدزیوەتەوە، ئەوەی لەمێژووی یەکێتیدا ڕوویداوە بەو قۆناغانەشەوە کە من ڕاستەوخۆ تیایدا بەشدارنەبووم، لەدامەزراندنی یەکێتیەوە تا ئەوکاتەی من چوومە شاخ، یەکێتی بەچەندین قۆناغدا تێپەڕیوەو تووشی شەڕی ناوخۆو لێکترازان و شکست و هەستانەوە هاتووە، هیچ کەس گوێی لێنەبووە ڕۆژێک لەڕۆژان باسی ئەوەم کردبێ ئەو بڕیارو هەڵانەی کە ئەگەر بڕیاری فەردی کاک نەوشیروانیش بووبێت وتبێتم ئەوە بڕیاری ئێمە نەبووە، (وەک ئەوەی ئێستا ئەو دەیکات)، مێژووی یەکێتیی شانازییەکانی بۆ هەموومانەو هەڵەو کەموکورتییەکانیشی دەبێ هەموو لێی بەرپرسیاربین، ئەمەم بۆ ئەوەیە کە بڵێم خۆم نادزمەوە لەبەرپرسیارێتی شەڕی ناوخۆ کە نەوشیروان نوسیویەتی (لەسەردەمی حکومەتەکەی ئەم برادەرەدا یەکێتیی تووشی شەڕێک بووە لەگەڵ پارتی بەهەموو زلهێزەکانی دنیا ناکوژێتەوە)، بەڵام هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و جەنابیشت شایەتن کە چەند دژی شەڕی ناوخۆ بووم، هەر بۆنموونە لەساڵی ١٩٩١ و تەنها دوای چەند مانگێک لە ڕاپەڕین، یەکێتیی و پارتی لەناوچەی دوکان بەهۆی کێشەوە هێزیان لەسەریەک کۆکردبووەوەو خەریکبوو ئاگری شەڕی ناوخۆ لەوێوە دەستپێبکات، هەمان ڕۆژ چوومە لای بەڕێز مەسعود بارزانی لەهاوینەهەواری سەلاحەدین و قسەم لەگەڵیان کردو ڕۆژی دواتر وەفدێکیان لەگەڵم نارد بۆ دوکان و لیژنەکەمان بردە لای جەنابی کاک مەسعودو کێشەکەمان چارەسەرکرد، ئەوکاتە من نە سەرۆکی حکومەت و نە جێگری سکرتێر بووم و تەنانەت کێشەکەش لەسنوری مندا ڕوووینەدابوو.

دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ چەندینجار ئێوە گلەیی ئەوەتان لێدەکردم کە بەشداری شەڕی ناوخۆ ناکەم، دەتانووت هەولێر چ قودسیەتێکی تێدایە وا کۆسرەت ناهێڵێ شەڕی ناوخۆ بچێتە هەولێرەوە، هەتانبوو کە ئێستا لەقیادەی گۆڕانە، وتبووی ئەگەر کۆسرەت بەشداری شەڕی ناوخۆ نەکات هەقە لەمەکتەبی سیاسی لایببەرین.

هەر بۆ وەبیرهێنانەوە دەڵێم لەسەر داوای د.ئەحمەد چەلەبی، سەرۆکی (INC) کە ئەوکاتە یەکێک لەناوبژیوانەکانی شەڕی ناوخۆ بوو، کاتێ مام جەلال و کاک نەوشیروان لەئەوروپاوە هاتنەوە شام و بڕیاربوو کاک مەسعود بچێتە ئیبراهیم خەلیل پێشوازییان لێبکات و پێکەوە بێنەوە، لەوکاتانەدا کاک نەوشیروان چەندینجار تەلەفۆنی بۆ من و بۆ برادەران دەکرد دەیوت شەڕو نیوە شەڕ هەریەکە هەمووی تەواوبکەن، منیش لەوەڵامدا پێم دەوت قەت شتی واناکەم! ئەوە ئێوەو بەڕێز چەلەبی و هەموو برادەران لەژیاندا ماون بۆ شاهیدی.

جا ئێستا خێرە وا ئۆباڵی شەڕی ناوخۆ لەخۆتان دووردەخەنەوەو دەتانەوێ بەوجۆرە مێژوو چەواشەبکەن؟ لەخەڵک بزرنابێ کە لەسەردەمی خەباتی پێشمەرگایەتی شاخ و دوای ڕاپەڕینیش چەندین جەولەی شەڕی ناوخۆ ئێوە بڕیارتان لێداوەو سەرکردایەتیتان کردووە.

هەڵوێستی ئێمەش لەو ڕووەوە ڕوون بووە، جەنابی کاک مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی پارتی دوای چەندین جەولەی شەڕی ناوخۆ، لەدیدارێکی تەلەفزیۆنی و دواتر چەندینجار لەکۆبوونەوەکان و لای دۆستە ناوبژیکارەکانمان ستایشی ڕۆڵی منی کردبوو کە دژی شەڕی ناوخۆ بووم و وەک سەرۆکی حکومەت ڕێگەم نەداوە شەڕ پەرەبسێنێ، وتارەکانی ئەوکاتەی د.ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی (INC) بەڵگەن لەسەر ڕۆڵی ئێمە لەڕێگەگرتن لەپەرەسەندنی شەڕی ناوخۆو لەمیدیاکانی ئەوکاتەو تەنانەت لەپەرلەمانی کوردستان چەندینجار باسی لەوەکردووە کە بەندە ڕۆڵێکی شەرەفمەندانەم گێڕاوە لەوەی بەر بەشەڕی ناوخۆ بگرین.

پێشنیازدەکەم کاک نەوشیروان، کە خۆی وا نیشاندەدات پشت بەدیکۆمێنت دەبەستێت، بچێت پرۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمان بخوێنێتەوە کە کاتی خۆی نەک یەکێتیی، بەڵکو برادەرانی پارتی چاپیان کردووە، یان ئەرشیفی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان ببینێ تا ڕاستییەکانی بۆ دەرکەوێت و لەنووسینەوەی مێژووەکەیدا تووشی هەڵەی وا گەورە نەبێت.

**بەئینقیلاب نەهاتینە حکومەت**

لە بەشێکی تری نوسینەکەیدا کاک نەوشیروان باسی سەرۆکایەتی ئێمە لەحکومەت دەکات و ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆش توانجی ناڕەوا لەڕەوتی کارەکانمان دەدا، بۆئەمە پێم خۆشە چەند ڕاستییەک باسبکەم کە خۆی پێش هەرکەسێکی تر دەیانزانێ.

پاش یەکەمین هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان، لەساڵی ١٩٩٢ و پێکهێنانی حکومەت، لەدابەشکردنی پۆستەکانی نێوان هەردوو براوەی هەڵبژاردندا پارتی سەرۆکی پەرلەمانی بەرکەوت و یەکێتیی سەرۆکی حکومەت، لەکۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیدا بەگشتی داواکرا کاک نەوشیروان ببێتە سەرۆکی حکومەت، وتی نایکەم، لێمان پرسی بۆ نایکەی؟ وتی، ئەگەر سەرۆکی حکومەت باشە بۆچی مام جەلال خۆی نایکات؟ ئەوەبوو دواتر کاک د.فوئاد مەعسوم دیاریکرا، پاش ماوەیەکی کورت ئەوان کەوتنە دژایەتی کاک د.فوئادو دەیانویست لەناو حکومەت پایەی لاوازبکەن و لەناو خەڵکدا بیشکێنن.

هەرگیزیش تالبی سەرۆکایەتی حکومەت نەبووم و بەئینقیلابیش نەهاتووم، بۆ مێژوو دەیگێڕمەوە بیرمە من و کاک شێخ دارۆی ڕەحمەتی و کاک سەعدی و کاک د.کەمال ئیجازە بووین و چووبووین بۆ ئەڵمانیا، مام جەلال داوای لێکردین بەپەلە بگەڕێینەوە بۆ کوردستان، گەڕاینەوەو لەماڵی مام جەلال کۆبوونەوەی سەرکردایەتی کرا، لەکۆبوونەوەکەدا مام جەلال و کاک نەوشیروان و هەموو برادەرانی سەرکردایەتی داوایان لێکردم پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرم، خۆم ڕەئیم لێی نەبوو، وتم نایکەم، مام جەلال و مەکتەبی سیاسی بە کاک نەوشیروانیشەوە وتیان ئەمە بڕیاری پێشمەرگانەیەو دەبێ بیکەیت، منیش لەسەختترین کاتدا ئەو ئەرکەم قبوڵکرد کە هەڵوێستی سیاسی پارتی و یەکێتی یەک نەبوو، وەزیرو وەکیل وەزیر هەردووکیان خۆیان بە وەزیر دەزانی، سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت وەک یەک بوون، هەر لەسەر ئەوەش بوو مام جەلال و کاک نەوشیروان داوایان لێکردم ببمە سەرۆکی حکومەت، چونکە سەرۆکی پەرلەمان بەتەواوی لەدەستی پارتیدا بوو حکومەتیش وەک یەک بووین کە سەرەتا چوومە حکومەت کوردستان لەبەردەم دوو ئابلۆقەی ئابووریدا بوو، ئابلۆقەی ئابووریی نێودەوڵەتی لەسەر عیراق و هی عیراق لەسەر کوردستان بوو، گیروگرفتی سنورو کێشەی هەرێمایەتیمان لەگەڵ دراوسێکان هەبوو.

ماوەیەکی کورت دوای ئەوە گەورەترین گرفت بۆ بازاڕی کوردستان دروستبوو کە ڕژێمی سەدام ٢٥ دیناری کشاندەوە کە بەشێکی زۆر لەم پارەیە لەکوردستان کاری پێدەکرا، ئێمە لەم کات و سەردەمە سەختەدا حکومەتمان وەرگرت.

لەوسەردەمەدا کاریگەری حزب لەسەر حکومەت ئاشکراو دیاربوو، ئەندازیاری ئەم پرۆسەی حکومەت و حزب تێکەڵکردنە هەر خودی کاک نەوشیروان بوو کە وەک جێگری سکرتێری گشتی لەساڵی ١٩٩٣ بەڕەسمی داوای لەمن دەکرد سەدان دۆنم زەوی لەسلێمانی تاپۆ بکەم بەناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کە یەکێ لەو زەوییانە شوێنی ئەم ئوتێلەی شاری جوانی کاک فاروقی مەلا مستەفا بوو.

ئەوە من بووم داوام دەکرد با حزب دەستوەرنەداتە ناو کاروباری حکومەتەوە، تەنانەت چەندینجار بۆ چارەسەری ناکۆکی نێوان هەردوو حزب و نێوان حزب و حکومەت، لەکۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی پێشنیازم دەکرد با مام جەلال و کاک مەسعود خۆیان یەکێکیان حکومەت و یەکێکیان پەرلەمان وەرگرن، تا کەس دەست نەخاتە کاروباری حکومەتەوە، تەنانەت لەکۆبوونەوەی پەرلەماندا، لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٤ دا وتارێکم پێشکەشکرد کە مام جەلال و کاک مەسعود ئامادەی پەرلەمان بوون، داوامکرد خۆیان بێنە ناو حکومەتەوەو با حزب و حکومەت لەیەک جیابکەینەوە، لەوێوە ئیشوکارەکان جێبەجێبکەن نەک لەدەرەوەی حکومەت و پەرلەمان، چونکە ئەگەر لەدەرەوە بڕیار بدەن ئەو دەورە ناگێڕن، (لەبەرگی ١١ ی ساڵی ١٩٩٤ ی پرۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمان دەقی وتارەکەی تێدایە)، ئەمەی من دەیڵێم گێڕانەوەی بەمیزاج نییە، با کاک نەوشیروان بچێت بیانخوێنێتەوە.

برادەرانی مەکتەبی سیاسی، بەوانەی چوونەتە گۆڕانیشەوە، ئەو ڕاستیانە دەزانن کێ دژی جیاکردنەوەی حزب لەحکومەت بوو؟ کێ دەیویست هەموو بڕیارەکانی حکومەت و تەنانەت بڕیار لەسەر دامەزراندنی کارمەندێکیش لەبارەگای حزب بدرێت، کاک نەوشیروان ئەوەندە زاڵبوونی هەیمەنەی حزبی بەسەر حکومەتەوە لا گرنگ بوو کە ڕەنگە پێویستم بەهێنانەوەی نموونە نەبێ، ئەم بیرەوەرییانەی خۆی کە بڵاویکردوونەتەوە پڕن لەنموونەی دەستوەردانی حزب لەحکومەت.

ئەوکات بژێوی خەڵک تا ڕادەیەکی ترسناک خراپ بوو، مووچەی فەرمانبەران بەئاسانی دابین نەدەکرا، حکومەت هیچ ئیمکانیاتێکی نەبوو، داهات نەبوو، میزانیە نەبوو، ڕۆژانە مەترسی پەلاماری هێزەکانی سەدام لەسەرمان بوو، ئاڵوگۆڕی بازاڕ نەبوو، کارو کەسابەت نەبوو، خەڵک لەمەینەتیدا دەژیان، دواتر ئاگری شەڕی ناوخۆش هەڵگیرسا، دەستوەردانی دەوروبەر لەناو هەرێم هەبوو، تیرۆر پەیدابوو، تەنانەت تیرۆر کاروانی هاتوچۆی خۆشمانی گرتەوە، باری ئاسایشی ژیانی خەڵک تێکچووبوو، گەنجان بۆ دەربازبوون لەو مەینەتیانە زۆریان ڕێگای هات و نەهاتی دەرەوەی وڵاتیان گرتەبەر، بریا کوردستان بەو هەلومەرجە سەختانەدا تێنەپەڕیایە بۆئەوەی هیچ گەنجێکی کوردستان ناچار نەبوایە ڕووبکاتە هەندەران، هەرچەندە بۆ ئەوکاتەش ئەمانە بوونە پشتیوانییەکی دارایی بۆ خێزان و کەسوکاری خۆیان و ڕۆڵیان هەبوو لەلایەک لەناساندنی کوردو کێشەکەی بەجیهان و زۆرێکیش لەوان توانیان خۆیان دروستبکەن لەئەوروپاو بوونە

←

> **دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ چەندینجار ئێوە گلەیی ئەوەتان لێدەکردم کە بەشداری شەڕی ناوخۆ ناکەم، دەتانووت هەولێر چ قودسیەتێکی تێدایە وا کۆسرەت ناهێڵێ شەڕی ناوخۆ بچێتە هەولێرەوە**

## ئاراستەی سێیەم



سمکۆ عەبدولکەریم

### سەرۆکی هەرێم لە کوێیە؟

چەند مانگێک دەبێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە، هەر لە دوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەوە دیار نییەو کەس نازانێ لە کوێیە، کەس نازانێ خەریکی کاری ئەدەبییە یان خەریکی کاری سیاسی و دیبلۆماسسییە، بەڵام بە پێی هەندێ زانیاری کە لە زاری وتەبێژەکەیەوە پێمان گەیشتوە، کە ئەویش نازانێ لە کوێیە وتی: دوور نییە ئێستا لە ئەمریکا بێت و خەرابێتە خوولی ڕاهێنان بۆ ئەوەی لە جەولەیەکی دیکەی هەڵبژاردندا بتوانێ لەو ڕێژەیە زیاتر بەدەست بێنی، کە لەم هەڵبژاردنەدا بەدەستی هێنا، بە ڕاستی ئەمە کارێکی نابەجێیە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکێک کە خۆی بە خەمخۆرو دڵسۆزی وڵات و میللەتەکەی بزانێ، کەچی دوور لە میدیاکان و بەبێ ئیزن خواستن لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان سەفەر بکات، بۆ کوێ ؟ کەس نازانێ .

بە پێی هەموو جۆرە لێکدانەوەیەکی ئەخلاقی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ماتماتیکی ئەوکارەی سەرۆکی هەرێم جۆرێکە لە گەندەڵی و پێویستە هەمووان بۆ ڕێگەگرتن لەو جۆرە کارانەو کۆتایی پێهێنانی یەکجارەکی بە گەندەڵی بەدەنگ بێن و شەفافانە بچینە بەردەم سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی بەریتانیا و داوای لێبکەن بە هانای خەڵکی کوردستانەوە بێت، لەمە زیاتر ڕێگە نەدرێ گاڵتە بە مەشاعیری خەڵکەوە بکرێت،جگە لەمەش داوای لێبکرێ بەهانای مووچە بڕاوەکانی کوردستانەوە بێت، کە بە هۆی دەنگدان بە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نان بڕاو کراون و خەریکە هەر هەموویان لەبرسان دەمرن و کارەساتێکی مرۆیی گەورە هەرێمی کوردستانی دەگرێتەوە، فشاریش بخرێتە سەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی چیدی لە خۆیەوەو بەبێ ئاگاداری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان سەفەری دەرەوەی وڵات نەکات، لە کاتێکدا کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی دوژمنان دایە، هەموو ئەو پڕۆتۆکۆلانەش هەڵبوشێندرێنەوە کە جەنابی سەرۆک بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان مۆری کردوون.

لە کۆتاییشدا داواکارین لە جەنابی کەمال میراودەلی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە و، لەبەر ئەوەش کە تا ئێستا نەهاتۆتە بەردەم پەرلەمان و سوێندی یاسای نەخواردووە، دەست لەکاربکێشێتەوە و دەست بەسەر سەروەت و سامانە مەنقولەو غەیر مەنقولەکەشیدا بگیرێ و لە دادگاییکردنێکی دادپەروەرانەدا بە سزای گەل و شۆڕش بگەیەنرێ .

smkobsat@yahoo.com

## هەیاسە ... لە بەدرخان چ باسە ؟!

**ئا: حەسۆ**

* شێرزاد هەینی لە بەرنامەیەکی کەناڵی گەلی کوردستاندا باسی هەموو ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی کرد، کە شتی تێدا بڵاو دەکاتەوە، تەنیا باسی بەدرخانی نەکردووە، کەچی نووسینەکانی لە بەدرخان زۆرترین خوێنەری هەیە.
* پاش ئەوەی نەوشیروان مستەفا پەلاماری داروبەردی دا لە دواجاریشدا نووسینەکانی شانی مام جەلال و کاک کۆسرەتی گرتەوە، زۆربەی لایەنگرانی گردەکە دەڵێن نەوشیروان گڕی لە خەرمانەی خۆی بەردا، ئەگەر هیچ جارێک پەنجەکانی لەبەریەک نەترازێن ئەمجارەیان چوو..
* لێرەو لەوێ باس لەو باڵەی نێو گۆڕان دەکرێ بەقەولی چەند سیاسەتمەدارێک ئەو باڵە خەوتوون و ئەمرۆ یا سبەی خۆیان رادەگەیەنن و دەگەڕێنەوە نێو باوەشی گەرمی حزبی دایکیان.

ژمارە (١٣٠) کانونی یەکەمی ٢٠٠٩/١٢/٨ زاینی
سەرماوەزی ٢٧٠٩ی کوردی



کاک کۆسره‌ت

خاوه‌ن بڕوانامه‌و شاره‌زایی جۆراوجۆریان په‌یداکردو دواتر گه‌ڕانه‌وه له‌وڵاته‌که‌ی خۆیاندا رۆڵی باشیان بینی له‌گه‌شه‌پێدانی کوردستان،که‌چی کاک نه‌وشیروان کۆچی گه‌نجیش وه‌ک دیارده‌یه‌کی مه‌وزوعی ئه‌و سه‌رده‌مه ده‌خاته ئه‌ستۆی ئێمه‌وه!!.

**پاره‌مان به‌چی داوه؟!**

کاک نه‌وشیروان له‌شوێنێکی تری هه‌وڵدانی بۆ چه‌واشه‌کردنی راستییه‌کان تۆمه‌تێکی تری دروستکردووه که ده‌ڵێ: (له‌سه‌رده‌می حکومه‌ته‌که‌ی ئه‌م بڕاده‌ره‌دا هه‌موو ماڵ و دارایی حکومه‌ته‌که به‌فیڕۆ رۆیشت...)، پێده‌چێ ئه‌م بڕاده‌ره بیه‌وێ له‌مێژوودا ئه‌وه به هه‌ڵگه‌ڕاوه‌یی تۆماربکات که خه‌ڵک وابزانێ ئێمه له‌ساڵی ١٩٩٢ ه‌وه بودجه‌و میزانیه‌مان له رژێمی به‌غداوه بۆ هاتووه، داهاتی حکومه‌تی هه‌رێم کۆکردنه‌وه‌ی گومرگ بوو له‌خاڵه گومرگییه‌کان و ده‌بوو مووچه‌ی پێشمه‌رگه،فه‌رمانبه‌رانی حکومه‌ت، که‌سوکاری شه‌هیدان و ئیداره‌دانی کاری رۆژانه‌ی خه‌ڵک و حکومه‌ت له‌گومرگ دابینبکه‌ین، کاک نه‌وشیروان خۆی ئه‌وه‌نده بێ ئاگا نیشانده‌دات له‌واقعی کوردستان یه‌کێک نه‌زانێ به‌نده‌ری ئوم قه‌سرو قه‌ناتی سوێس به‌ده‌ستی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستانه‌وه بووه‌و رۆژانه ملیۆنان دۆلار داهاتی گومرگه‌کانمان بووه!!. خه‌می گه‌وره‌ی ئێمه ئه‌وه‌بوو داهاتی هه‌موو سنوری حکومه‌تی هه‌رێم به‌شی ئه‌وه‌بکات مووچه‌ی مامۆستایان و فه‌رمانبه‌ران و که‌سوکاری شه‌هیدان و پێشمه‌رگه‌ی پێبده‌ین،ئه‌ولویه‌تمان دابینکردنی مووچه بووه، ئه‌گه‌ر داهاتێکی زیاتریش هه‌بووبێت به‌چی دراوه؟ دراوه‌ته پێشمه‌رگه‌ی که‌مئه‌ندام و خه‌ڵکی هه‌ژاری ئه‌م وڵاته، کاک نه‌وشیروان هه‌قیه‌تی ئاگای له‌ژیانی خه‌ڵک نه‌بووبێت، چونکه له‌هه‌موو ژیانیدا سه‌ردانی ماڵی چوار شه‌هیدو چه‌ند پێشمه‌رگه‌یه‌کی نه‌کردووه، نه‌چووه‌ته گه‌ڕه‌کێک ماڵی هه‌ژارێک به‌سه‌ربکاته‌وه تا بزانێ خه‌ڵک چۆن ژیاوه؟ وائێستا هاوکاری ماڵه شه‌هیدو پێشمه‌رگه‌یه‌ک به‌تالان و به‌فیڕۆدان ناوده‌بات، ئه‌وه‌ی کاتی خۆی ئێمه کردوومانه چه‌ند گه‌ڕه‌کێک هه‌بوو دورلئه‌من و هه‌ندێ خانووی حکومی که دوای راپه‌ڕین ماڵه ئاواره‌و پێشمه‌رگه‌و که‌سوکاری شه‌هیدان چووبوونه ناوی، ئێمه بڕیارماندا تاپۆی بکه‌ینه ناوی که‌سوکاری شه‌هیدان و پێشمه‌رگه دێرینه‌کانه‌وه، هیچمان نه‌بوو پاداشتی ئه‌و خه‌ڵکه تێکۆشه‌ره‌ی خۆمانی پێبده‌ینه‌وه، خه‌ڵکێک ئازیزترین کوڕی خۆی کردبوو به‌قوربانی بۆ میلله‌ته‌که‌ی، ژن و منداڵه‌کانی بێ که‌س مابوونه‌وه، خانوویه‌کی کۆنی به‌عسمان پێداوه، ئایا به‌مه کارێکی باشمانکردووه یان خراپ؟، به‌قسه‌ی کاک نه‌وشیروان بێت خراپمان کردووه!، ئه‌وکات ئابلۆقه‌ی ئابووری له‌سه‌ر هه‌رێمی کوردستان بوو شه‌ڕی ناوخۆ هه‌بوو، چه‌ند ساڵێک (سن و کیسه‌ڵه) دای له‌به‌روبوومی کشتوکاڵی، گرانی له‌ناو خه‌ڵک بڵاوبووبووه‌وه، ئایا کارێکی خراپمان کرد که هیچ هۆکارێکی تر نه‌بوو بۆ ژیان؟!، ئێمه بڕیارماندا به‌شێک له‌گه‌نجانی وڵاته‌که دابمه‌زرێنین، پێم سه‌یره کاک نه‌شیروان له‌شوێنێ ره‌خنه له‌حکومه‌ت ده‌گرێت گه‌نجان سه‌ری خۆیان هه‌ڵگرتووه‌و له‌شوێنێکی تر ره‌خنه له‌ئێمه ده‌گرێت که گه‌نجانمان دامه‌زراندووه.

کاک نه‌وشیروان خۆی له‌گێڕانه‌وه‌که‌یدا نوسیوویه‌تی داهاتی ته‌نها ٣٥٪ گومرگه‌کانی سنووری سلێمانی بۆ حکومه‌ت بووه، من ده‌پرسم ئایا گومرگه‌کانی ناوچه‌ی سلێمانی چه‌ند بووه تا رێژه‌ی ٣٥٪ ی به‌شی هه‌موو کاروباری حکومه‌ت و مووچه‌ی فه‌رمانبه‌ران بکات و با ئه‌وه‌شی زیادبووبێت ئێمه ته‌خشان و په‌خشانی پێوه‌بکه‌ین؟ ئه‌گه‌ر حکومه‌ته‌که‌مان به‌وجۆره بوایه که ئه‌و ده‌یلێت ئه‌وه بۆچی خه‌ڵک به‌و په‌رۆشی و دڵسۆزییه‌وه به‌ره‌وپیری ده‌هات، کاک نه‌وشیروان و ئه‌وانه‌ی وه‌کی ئه‌و بیرده‌که‌نه‌وه باوه‌ڕم وانییه بیریان چووبێته‌وه کاتێ ئێمه ده‌چووینه هه‌ر شارو شارۆچکه‌یه‌ک ده‌یان هه‌زار که‌س ده‌هاتنه سه‌ر شه‌قامه‌کان و جگه له‌خۆشه‌ویستی چاوه‌ڕوانی هیچی تر نه‌بوون له‌ئێمه، چونکه هیچمان نه‌بوو بیانده‌ینێ، به‌ڵام ئه‌وان متمانه‌یان به‌حکومه‌ته‌که‌ی خۆیان هه‌بوو ده‌یانزانی به‌چی به‌ده‌ستهاتووه‌و چۆن گه‌یشتۆته ئه‌و رۆژه‌و مانه‌وه‌و پاراستنیشی بۆ میلله‌ته‌که‌مان چه‌ند گرنگ بوو؟ هه‌قوابوو کاک نه‌وشیروان بۆ نه‌وه‌کانی داهاتوو تۆماری ئه‌و رۆژه سه‌ختانه‌ی بڵاوبکردایه‌ته‌وه که به‌چی مه‌ینه‌تییه‌ک ده‌رگای قوتابخانه‌و خوێندنگه‌کانمان کردده‌وه، چۆن توانیمان زانکۆو په‌یمانگه‌کان دابمه‌زرێنینه‌وه، چۆن له‌کۆلێژێکه‌وه ده‌ستمانپێکردو کردمان به‌زانکۆیه‌ک که کاک نه‌وشیروان به‌شانازی بزانێ موحازه‌ره‌ی تیابڵێته‌وه، تا وایلێهات که ئه‌و رۆڵه جوامێرانه‌ی کورد که به‌هۆی زیندانیکردن و هه‌ڵهاتنیان له‌ده‌ستی به‌عس و به‌هۆی پێشمه‌رگایه‌تییه‌وه له‌خوێندن مه‌حروم بووبوون ئه‌م په‌یمانگه‌و زانکۆیانه بوونه ده‌رفه‌تی ئه‌وه‌ی دوای چه‌ندین ساڵ له‌خه‌باتی پێشمه‌رگایه‌تی بگه‌ڕێنه‌وه سه‌ر خوێندنه‌کانیان و زۆربه‌یان زانکۆو په‌یمانگه ته‌واوبکه‌ن، ئه‌مه هه‌قبوو کاک نه‌وشیروان وه‌ک شانازییه‌ک بۆ حوکمڕانی کوردی باسی بکردایه، نه‌ک وه‌ک مه‌حسوبیه‌ت و مه‌نسوبیه‌ت.

**بۆ هاتمه سلێمانی؟!**

له‌جێگه‌یه‌کی تری نووسینه‌که‌یدا ده‌ڵێت: (وه‌ختێ حکومه‌تی هه‌رێممان ته‌سلیمی ده‌ستی ئه‌م بڕاده‌ره کرد یه‌کێتیی له‌زاخۆوه تا کفری به‌ده‌ستیه‌وه بوو، به‌ڵام ئێستا ئه‌وه‌تا خۆی و حکومه‌ته‌که‌ی به‌ئاواره‌یی له‌سلێمانین)، کاک نه‌وشیروان ئه‌مه چه‌ندجارێکه ئه‌و قه‌وانه لێده‌داته‌وه‌و مه‌سه‌له‌ی سلێمانیچێتی و ئاواره‌یی ده‌وروژێنێ و کاتی خۆشی ویستی بیکاته مه‌سه‌له‌یه‌کی سیاسی و به‌وهۆیه‌وه ناکۆکی بخاته نێوان خه‌ڵکی سلێمانی و هه‌ولێره‌وه، هه‌رچه‌نده زۆر بڕاده‌ری خه‌ڵکی سلێمانیش له‌م هه‌ڵوێسته‌ی بێتاقه‌ت بوون و ناڕه‌حه‌تن به‌وه‌ی هه‌رجاره‌ی شعوری خه‌ڵکی شارێک بریندارده‌کات به‌ناوی سلێمانییه‌وه، له‌کاتێکدا سلێمانی پێش ئه‌وه‌ی بۆ نه‌وشیروان مسته‌فا جێی شانازی بێت که خوا وایکردووه له‌وێ گیرسابێته‌وه، جێگه‌ی فه‌خره بۆ ئێمه‌و مانانی تێکۆشه‌رو پێشمه‌رگه،چونکه تیایدا ژیاوین و میوانداری کردووین، دۆست و خۆشه‌ویستمان له‌م شاره هه‌یه‌و ئێمه‌ش خزمه‌تمان کردووه، ته‌نانه‌ت ته‌رمی خۆشه‌ویسته‌کانی خۆشمان له‌م شاره ناشتووه که ئه‌وه‌نده به‌لامانه‌وه شارێکی خۆشه‌ویسته. گه‌رچی من وه‌کو کوردستانییه‌ک به‌یه‌ک چاو ده‌ڕوانمه هه‌موو شاره‌کانی کوردستان و هه‌مووی به به‌شێک له‌جه‌رگی خۆم ده‌زانم و شانازیش ده‌که‌م که چوارده ساڵی ته‌مه‌نم له‌م شاره بردۆته سه‌ر، به‌ڵام هۆکار زۆربوون که وه‌ک نه‌وشیروان ده‌ڵێ خۆم و حکومه‌ته‌که‌م بێینه سلێمانی، خه‌ڵک ده‌زانن ئێمه له‌سه‌ر کێشه‌یه‌کی کۆمه‌لایه‌تی لێمان نه‌قه‌وماوه‌و نه‌هاتووینه‌ته سلێمانی، رووداوه‌کانی شه‌ڕی ناوخۆ که درێژکراوه‌ی ململانێکانی رابردووه ئێمه‌ی گه‌یانده سلێمانی و بریا ئه‌و رووداوه تاڵ و تفتانه‌ی رابردوو نه‌بوایه‌و بۆ خۆشی و سه‌یران رووماـن بکردایه‌ته ئه‌م شاره، پێموانییه له‌به‌رئه‌وه‌ی کاک نه‌وشیروان که‌وتۆته بڵاوکردنه‌وه‌ی هه‌ندێ له‌وشتانه‌ی خۆی مه‌به‌ستیه‌تی و بڵاویانده‌کاته‌وه ئیتر مێژوو چه‌واشه‌بێت، چونکه مێژوو ون نابێ و ئه‌گه‌ر رێککه‌وتنی درۆگیدا به بنبه‌ست نه‌گه‌یشتایه کاره‌ساته‌کان به‌و ئاقاره نه‌ده‌چوون و هێشتا خۆشبه‌ختانه زۆرینه‌ی بڕاده‌ران له‌ژیاندا ماون، ئه‌گه‌ر مه‌سه‌له‌که پێسپاردن و به‌رپرسیارێتی بێت ئه‌وه له‌ساڵی ١٩٨٧ و له‌شۆڕشدا مام جه‌لال که سه‌فه‌ری کرد هه‌موو ناوچه رزگارکراوه‌کانی کوردستانی ته‌سلیم به کاک نه‌وشیروان کرد، که‌چی کاتێ گه‌ڕایه‌وه کاک نه‌وشیروان له‌و هه‌موو ئه‌مانه‌ته ته‌نها قاسمه ره‌شی ته‌سلیم به مام جه‌لال کرده‌وه‌و هه‌موو ناوچه رزگارکراوه‌کانی له‌ده‌ستدا.

**ئه‌گه‌ر مه‌سه‌له‌که پێسپاردن و به‌رپرسیارێتی بێت ئه‌وه له‌ساڵی ١٩٨٧ و له‌شۆڕشدا مام جه‌لال که سه‌فه‌ری کرد هه‌موو ناوچه رزگارکراوه‌کانی کوردستانی ته‌سلیم به کاک نه‌وشیروان کرد، که‌چی کاتێ گه‌ڕایه‌وه کاک نه‌وشیروان له‌و هه‌موو ئه‌مانه‌ته ته‌نها قاسمه ره‌شی ته‌سلیم به مام جه‌لال کرده‌وه‌و هه‌موو ناوچه رزگارکراوه‌کانی له‌ده‌ستدا**

سه‌باره‌ت به‌وه‌ی نوسیویه‌تی (مام جه‌لال ده‌ڵێ کۆسره‌ت کرمانجه، خه‌ڵکی شار نییه، که به له‌هجه‌ی کۆیه ئه‌م وشه‌یه بۆ سوکایه‌تی پێکردنی پایه‌ی کۆمه‌لایه‌تییه)، ئه‌گه‌ر نه‌وشیروان ئه‌مه‌ی بۆ ئه‌وه‌بێ به‌وشێوه‌یه نێوانی من و مام جه‌لال تێکبدات، ئه‌وه به‌هه‌ڵه‌دا چووه، ئێوه ئه‌وکاته‌ی له‌ناو یه‌کێتی بوون و به‌پێچ و ده‌ورا هه‌وڵتانده‌دا نێوانی من و مام جه‌لال تێکبده‌ن تا بۆ به‌رژه‌وه‌ندیی خۆتان و به‌هێزبوونی نفوزو ده‌سه‌ڵاتتان به‌کاریبه‌رن، نه‌تانتوانی، چونکه تێگه‌یشتن و لێکدانه‌وه‌ی ئێمه له‌وه گه‌وره‌تربوو که هه‌ر جیاوازیی و ناکۆکییه‌کیش به‌و ته‌ریقه‌یه‌ی تۆ چاره‌سه‌ربکه‌ین.

ئه‌وه ئێمه نه‌بووین که له‌هه‌ر سه‌رده‌م و قۆناغێکی تێکۆشاندا کۆمه‌ڵێ تێکۆشه‌ر ببوغزێنین و ململانێمان له‌گه‌ڵ هه‌موویان هه‌بووبێ،ئه‌وه‌ی له‌بیره‌وه‌رییه‌کانی خۆیدا نوسیویه‌تییه‌وه که‌سی نه‌هێشتۆته‌وه که به‌خراپ باسینه‌کات، خێره هه‌موو مه‌کته‌بی سیاسی خراپ بووبن، ته‌نها خۆی نه‌بێ! هیچ نه‌بێ رێزی ئه‌و ئه‌ندامانه‌ی مه‌کته‌بی سیاسی بگرێ که ئێستا له‌سه‌ر گرده‌که‌ن، ئه‌گه‌ر ململانێکان مه‌سه‌له‌ی گه‌نده‌ڵی ئیداریی و ته‌خشان و په‌خشانه، خۆ سه‌رده‌مانی کۆنفرانسه‌کانی کۆمه‌ڵه‌و خه‌باتی شاخ حکومه‌ت و ئیمکانیاتمان نه‌بوو تا گه‌نده‌ڵی تیابکرێت و سه‌روه‌ت و سامان ته‌خشان و په‌خشانی پێوه‌بکرێت، ده‌پرسم: ئه‌ی کێشه‌کان و ناکۆکییه‌کان و تۆمه‌ته‌کانی، ئه‌وکاته له‌سه‌رچی بوون؟!

**بێ ئاگایی له‌کۆنگره**

کاک نه‌وشیروان هه‌ر له‌شوێنێکی تری نوسینه‌که‌یدا له‌باره‌ی کۆنگره‌ی دووه‌مه‌وه ده‌ڵێ: (پێوه‌رێک نه‌بوو بۆ ئه‌ندامێتی کۆنگره، مام جه‌لال، کۆسره‌ت، جه‌بار فه‌رمان، ئه‌رسه‌لان، باجیان بۆ حیمایه‌کانی خۆیان دابینکرد به‌شداری ده‌نگدان بن!) ره‌نگه ته‌نها ئه‌م قسه‌یه‌ی کاک نه‌وشیروان خۆی به‌س بێت بۆ وه‌ڵامدانه‌وه‌ی و به‌خه‌ڵک بڵێیت قسه‌کانی کاک نه‌وشیروان هیچ پێوه‌رێکی نییه، چونکه جگه له کاک نه‌وشیروان هه‌موو یه‌کێتیی ده‌زانن که هه‌ڤاڵی کۆچکردوومان کاک جه‌بار فه‌رمان نه‌خۆش بوو، به‌شداری کۆنگره‌ی دووه‌می یه‌کێتیی نه‌کردووه‌و ئه‌وکاته له‌ده‌ره‌وه‌ی وڵات بوو، که‌چی کاک نه‌وشیروان به‌وه تاوانباری ده‌کات باجی بۆ هه‌موو حیمایه‌کانی کردووه‌و به‌شداری ده‌نگدانیان کردووه، ئه‌مه ده‌لیله له‌سه‌رئه‌وه‌ی گێڕانه‌وه‌کانی تریش وه‌ک ئه‌وه‌ی کاک جه‌بار وایه‌و ئه‌وه‌یان چه‌ند جێی باوه‌ڕو راستین، قسه‌کانی تریش هه‌رئه‌وه‌نده راستن.

ئێمه پێمان باش نه‌بووه بێین لاپه‌ڕه‌کانی یه‌کتر هه‌ڵده‌ینه‌وه‌و خیلافه‌کانی ئێستامان ببه‌ستینه‌وه به رابردووه‌وه، ئه‌گینا ئه‌وه‌ی کاک نه‌وشیروان له‌کۆنگره‌ی دووه‌م کردی چ پێوه‌رێکی تیابوو به‌عورفی کام وڵات و کۆنگره‌ی کام حزب ئه‌و مۆدێله‌ی داهێنا که پێش ئه‌وه‌ی په‌یڕه‌و و پرۆگرام قسه‌ی له‌سه‌ربکرێت پێش هه‌موو شت و له‌یه‌که‌م رۆژی کۆنگره‌دا دوای راپۆرتی سیاسی سکرتێری گشتی بڕیاری هه‌ڵبژاردن درا، سه‌رکردایه‌تیمان هه‌ڵبژارد بۆ حزبێک که هێشتا په‌یڕه‌وو پرۆگرامی بۆ دانه‌نرابوو! ئه‌مه له‌هیچ وڵاتێکی دنیادا نه‌بووه‌و کاک نه‌وشیروان ئه‌مه‌ی فه‌رزکرد، بۆیه هه‌ق نییه باسی پێوه‌رو یاساو رێسا بکات!

٢٠٠٩/١٢/٠٤

# کاک نه‌وشیروان به‌ناوکه‌تییه‌و دایتییه‌وه که‌ندێ



**جه‌مال عه‌بدوڵڵا**

* ئه‌وه‌ی به‌وردی و هه‌تا ئێستا سه‌رنجی له گشت نووسین و چاوپێکه‌وتن و لێدوانه‌کانی کاک نه‌وشیروان دابێ له ململانێی نێوان خۆی و یه‌کێتیدا و به‌گشتی له‌باس و خواسه سیاسییه‌کانی کوردستاندا به‌هیچ شێوه‌یه‌ک یه‌ک رسته، یه‌ک په‌ره‌گرافی ده‌ست ناکه‌وێت که تێیدا ئازایانه‌و جوامێرانه، به‌رپرسیارێتی هه‌ندێ له‌و شکست و که‌موکوڕییانه‌ی که له‌ناو مێژووی یه‌کێتی و شۆڕشی کوردستاندا روویانداوه بخاته ئه‌ستۆی خۆی، جگه له‌هه‌موو ئه‌مانه‌ش ئه‌وه‌ی دیسان به‌وردی سه‌رنجی له نووسین و قسه‌و لێدوانه‌کانی ئه‌م کاک نه‌وشیروانه دابێت، زۆر به زه‌حمه‌ت ده‌توانێت بابه‌تی بوون و بێ لایه‌نی له بۆچوون و هه‌ڵوێسته‌کانیدا به‌دی بکات.

* تۆران و راکردن بۆ ئه‌وروپا دوو خه‌سڵه‌تی زۆر خراپی کاک نه‌وشیروان بوون، به تایبه‌تی له‌و کاتانه‌ی که یه‌کێتی و خه‌ڵکی کوردستان له رۆژانی پێویستدا پێویستیان به خۆتۆراندن و راکردن نه‌بووبێت، خۆ ئه‌گه‌ر هه‌ڤاڵه‌کانی پێشووی خۆیان چاویان له‌کاک نه‌وشیروان بکردایه‌و هه‌مان رێچکه‌ی ئه‌ویان بگرتایه، زۆر له‌مێژ بوو یه‌کێتی داری به‌سه‌ر به‌ردییه‌وه نه‌مابوو.

* ئێستاش قسه‌ی ئه‌و بڕاده‌ره‌م بیرناچێ که پێی گوتم: جه‌مال ئایا تۆ ده‌زانیت دوای ئه‌نفاله‌کان کاک نه‌وشیروان بانگی کردم و پێی گوتم: ئه‌وه وه‌زعه‌که‌مانه‌و تۆ بۆچی ناچیت ته‌سلیم ببیته‌وه و ببیه جاش؟! هه‌ر ئه‌و بڕاده‌ره پێی گوتم ئێمه له‌و وه‌زعه ناهه‌مواره‌و له‌و رۆژه ره‌ش و سه‌خته‌دا بووین، که‌چی له‌جیاتی ئه‌وه‌ی کاک نه‌وشیروان وه‌ک سه‌رکرده‌یه‌ک وره‌مان به‌رز بکاته‌وه و کۆمان بکاته‌وه و دڵنه‌واییمان بکات و ئاگادارمان بێت رێگای ته‌سلیم بوونه‌وه به به‌عسی نیشان ده‌داین! که‌واته جه‌نابی مام جه‌لال راستی فه‌رمووه که له پلنیۆمدا گوتی: ئه‌گه‌ر کاک کۆسره‌ت و کاک جه‌بار فه‌رمان نه‌بوونایه هه‌ر ئه‌وکات کاک نه‌وشیروان یه‌کێتی تووشی هه‌ڵوه‌شان و په‌رته‌وازه بوون ده‌کرد!

* له هه‌مووی سه‌یرتر ئه‌وه‌یه، کاک نه‌وشیروان هۆکاری کۆچی هه‌ندێ له خه‌ڵکی کوردستان ده‌خاته ئه‌ستۆی هه‌ڤاڵێکی تێکۆشه‌ری خۆی که ئه‌ویش کاک کۆسره‌ته، بێ ئاگا له‌وه‌ی که پێش کاک کۆسره‌ت و له‌سه‌رده‌می کاک د. فوئاد مه‌عسوم و دوای کاک کۆسره‌تیش و له‌سه‌رده‌می د. به‌رهه‌م و ئه‌وانی تریش کۆچکردن هه‌بووه و ئێستاش چۆڕه بڕ نه‌بووه! هیچ کام له‌و به‌ڕێزانه نه‌بوون که پاڵ به خه‌ڵکی کوردستانه‌وه بنێن بۆ کۆچکردن به‌ڵکو کۆمه‌ڵێک هۆکاری بابه‌تی و له ده‌ره‌وه‌ی ئیراده‌دا وایکرد که ئه‌و کۆچکردنه رووبدات.

باشه ئه‌وا گریمان کاک کۆسره‌ت له کوردستان هۆکاری رۆیشتنی هه‌زاران گه‌نجی کوردستان بووبێت بۆ ده‌ره‌وه ئه‌ی باشه کێ هۆکاری رۆیشتنی ئه‌و گه‌نجه ئه‌وروپاییانه‌یه که کۆچیان کردووه بۆ ئه‌مریکا؟ حه‌ز به ژیانی ئه‌مریکا ده‌که‌ن؟ ئه‌ی کێ هۆکاری رۆیشتنی ئه‌و گه‌نجه چینیانه‌یه که کۆچیان کردووه بۆ ئه‌وروپا؟ حه‌ز به ژیانی ئه‌وروپا ده‌که‌ن؟ خۆ ناشێ کاک نه‌وشیروان پێمان بڵێت جۆن مێجه‌ر و گۆڕدن براون، ئۆلف پاڵمێ و هۆجینتا گه‌نده‌ڵن و ئه‌وان هۆکاری ئه‌و کۆچکردنه بوون یان هۆکاری ئه‌و کۆچکردنه‌ن؟ هه‌تا ئێستاش خه‌ڵک هه‌ن گه‌رمیان و کوێستان ده‌که‌ن و ئه‌مه‌ش شێوه‌یه‌کی تره له شێوه‌کانی کۆچکردن و ئه‌میش هۆکاری خۆی هه‌یه هه‌ر باشه کاک نه‌وشیروان ئه‌م جۆره کۆچه‌ش ناخاته ئه‌ستۆی کاک کۆسره‌ت!!

به‌هه‌رحاڵ کاک نه‌وشیروان له‌و نووسینه‌یدا له‌ژێر ناوی "نێوانی من و مام جه‌لال له ١٩٩١ بۆ ٢٠٠١" یه‌ک قسه‌ی بڕاده‌رانی هه‌ولێر پڕ به‌پێستیه‌تی که ده‌ڵێن:"به‌ناو که‌تییه‌و دایتییه‌وه که‌ندێ".



# قه‌ڵه‌م

**حه‌سه‌ن یاسین**

## سۆزانییه‌کی رۆشنبیرو رۆژنامه‌نووسێکی کۆڵه‌وار

*سۆزانی ئه‌و ژنه‌یه که‌سێکسکردن له‌گه‌ڵ نێره کڕیاره‌کانیدا به‌ئیشێک بۆ خۆی ده‌زانێ و له‌و رێگه‌یه‌وه پاره بۆ بژێوی په‌یدا ده‌کات.هه‌ر ئه‌مه‌ش وای له‌گه‌وره رۆماننووسێکی وه‌ک (عه‌بدولڕه‌حمان مونیف )ی عه‌ره‌ب کردووه له‌رۆمانی داره‌کان و کوشتنی مه‌رزووق ( الاشجار وأغتيال مرزوق )دا بڵێت ئه‌و ژنه‌ی له‌شی خۆی ده‌فرۆشێت شه‌ریفتره له‌و پیاوه‌ی که‌ئیش ناکات . ئه‌م جۆره‌ی سێکسکردن له‌نێو کۆمه‌ڵدا به‌کارێکی به‌دره‌وشتی له‌قه‌ڵه‌م ده‌درێ. ئه‌م جۆره سێکسکردنه به‌دوو لایه‌ن ئه‌نجام ده‌درێ. لایه‌نی یه‌که‌م که‌فرۆشیاره‌که‌یه له‌نێو کۆمه‌ڵدا به‌سۆزانی ناوزه‌د ده‌کرێ، که‌ناوێکی ناتۆره هه‌ڵگره.لایه‌نی دووه‌م، که‌کڕیاره‌که‌یه له‌نێو کۆمه‌ڵدا نه‌ک هه‌ر هیچ ناتۆره‌یه‌کی نه‌خراوه‌ته پاڵ، به‌ڵکو زۆر جار وه‌ک پاڵه‌وانیش ناوی ده‌هێنرێ و ده‌ڵێن فلانه‌که‌س ( گا.. که‌ر)ێکی شان وباڵ قه‌وییه!

*چاوپێکه‌وتنی رۆژنامه‌نووسی له‌گه‌ڵ سۆزانییه‌کدا جگه‌له‌وه‌ی ده‌بێ ئامانجدار بێت و رۆژنامه‌نووسه‌که بتوانێ به‌روونی ئامانج له‌سازدانی چاوپێکه‌وتنه‌که وه‌ک په‌یامی رۆژنامه‌نووسیی خۆی به‌خوێنه‌ران بگه‌یه‌نێت،ده‌بێ رۆژنامه‌نووسه‌که نه‌ک هه‌ر به‌ئاگابێت له‌مه‌ڕزانستی کۆمه‌ڵ که‌به‌کۆمه‌ڵناسی ناسراوه، به‌ڵکو ده‌بێ شاره‌زاییه‌کی باشی له‌و بواره‌دا هه‌بێت ! ئه‌گه‌ر رۆژنامه‌نووس هه‌م له‌بواری کاره‌که‌ی خۆیدا که‌رۆژنامه‌نووسییه و هه‌م له‌و بواره‌شدا که‌ده‌یه‌وێ چاوپێکه‌وتنی تێدا ئه‌نجام بدات بێئاگا و که‌متوانابوو، ئه‌وا خوێنه‌رانی چاوپێکه‌وتنه‌که( ئه‌گه‌ر چاوپێکه‌وتنه‌که بۆ رۆژنامه بێت ) کۆڵه‌واریی رۆژنامه‌نووسه‌که‌یان بۆ ده‌رده‌که‌وێت! ئه‌و کاته رۆژنامه‌نووس له‌په‌یامی خۆی دوور ده‌که‌وێته‌وه و دوور له‌کاری رۆژنامه‌نووسی، خۆی و خوێنه‌ریش تووشی پاشاگه‌ردانی ده‌کات. له‌بارێکی له‌و جۆره‌دا رۆژنامه‌نووسه‌که بواره‌که‌ی خۆی که‌کاری رۆژنامه‌نووسییه و ده‌بێ په‌یامی رۆژنامه‌نووس بێلایه‌نانه بگه‌یه‌نێت، ده‌خاته خزمه‌ت ئه‌وانه‌ی که‌چاوپێکه‌وتنیان له‌گه‌ڵدا ئه‌نجامدراوه.

* له‌م هه‌رێمه‌ی ئێمه‌دا که‌هه‌رێمی کوردستانی عیراقه رۆژنامه و گۆڤار زۆر ده‌رده‌چن، ئه‌م زۆری و بۆرییه‌ش بێسه‌ره و به‌ره‌یه‌کی وای له‌مه‌یدانه‌که‌دا دروست کردووه، که‌هه‌ندێ گۆڤاری ناوه‌رۆک بێپێز و پوچه‌ک، به‌ده‌ست له‌پشتدانێکی ئه‌م و ئه‌و، زۆر ناشیانه له‌نێو گه‌مه سیاسییه‌که‌دا سه‌رمه‌قولات ده‌ده‌ن و خۆیان تووشی سه‌ره‌گێژه‌یه‌کی وا ده‌که‌ن، له‌جیاتی ئه‌وه‌ی له‌سه‌ر هه‌ردوو قاچه‌کانیان بگیرسێنه‌وه، له‌سه‌ر سه‌ر ده‌ڕۆن .ئه‌م له‌سه‌رسه‌ررۆیشتنه‌ی ئه‌و گۆڤار و رۆژنامانه و ئه‌و که‌سانه‌ش که‌ئیشیان تێدا ده‌که‌ن و خۆیان به‌رۆژنامه‌نووس ده‌زانن بواری کۆمه‌ڵایه‌تیشی گرتۆته‌وه!

* ئه‌م قسانه‌ی له‌خواره‌وه و له‌نێو دوو که‌وانه‌ی بچوکداده‌یانخوێنیته‌وه‌هی سۆزانییه‌کن.قسه‌کان به‌شێکن له چاوپێکه‌وتنێکی (رۆژنامه‌نووس)ی که له‌گۆڤارێکی ئه‌م هه‌رێمه‌دا که‌بۆ (خه‌ڵک ) ده‌رده‌چێت،بڵاوبوونه‌ته‌وه: ژنه‌که روو له( رۆژنامه‌نووس )ه‌که ده‌کات و ده‌ڵێت: " چیت داوه له‌رۆژنامه‌نووسی،بۆ ناچی به‌لای کار و کاسبیه‌کیتره‌وه".ژنه‌که،که‌سۆزانییه‌کی ئه‌م وڵاته‌ی خۆمانه، ئه‌ویش وه‌ک وڵاتی (نه‌ک هاووڵاتی )یه‌ک هه‌ست به‌م پاشاگه‌ردانییه‌ی ئێستای رۆژنامه‌نووسیی هه‌رێمه‌که‌مان ده‌کات،بۆیه ده‌ڵێت: " به‌م رۆژگاره درۆ و ده‌له‌سه بڵاوده‌که‌نه‌وه،به‌قسه‌ی ئێوه بێ ئه‌م وڵاته کاولبووه، به‌ڵام وانییه ".ژنه سۆزانییه‌که زیاتر له‌سه‌ر ئه‌م مه‌سه‌له‌یه ده‌وه‌ستێ و ده‌ڵێت: "من وه‌ک فه‌ردێکی ئه‌م کۆمه‌ڵگه‌یه حه‌زده‌که‌م ئێوه‌ی رۆژنامه‌نووس دوور بکه‌ونه‌وه له‌مه‌سه‌له شه‌خسییه‌کان ".

*دێمه‌وه سه‌ر ئه‌وه‌ی که‌گووتم ئه‌گه‌ر رۆژنامه‌نووس (ئه‌گه‌ر به‌راستی رۆژنامه‌نووس بێت!) وریای پیشه و په‌یامه‌که‌ی خۆی نه‌بێت ئه‌وا ده‌که‌وێته داوی ئه‌وه‌ی که‌بواره‌که‌ی خۆی بخاته خزمه‌ت ئه‌و که‌سه‌وه که‌چاوپێکه‌وتنه‌که‌ی له‌گه‌ڵیدا سازکردووه،وه‌ک ئه‌و (رۆژنامه‌نووس )ه‌ی که له‌م گۆڤاره‌دا که‌بۆ (خه‌ڵک ) ده‌رده‌چێت، چاوپێکه‌وتنی له‌گه‌ڵ ئه‌و سۆزانییه‌دا کردووه‌و له‌چاوپێکه‌وتنه‌که‌دا که سێ لاپه‌ڕه‌ی گۆڤاره‌که‌ی گرتووه، سێ وێنه‌ی ئه‌و ژنه سۆزانییه، که‌دووانیان، هه‌ر یه‌که‌ی نیو لاپه‌ڕه‌ی گۆڤاره‌که ده‌بێت،سێیه‌میش چاره‌کێکی گۆڤاره‌که‌ی گرتووه، بڵاوبوونه‌ته‌وه که‌ژنه‌که ئه‌گه‌ر به رێکه‌وت له‌جاده‌یه‌کدا تووشی خوێنه‌رێکی ئه‌و گۆڤاره ببێت به ئاسانی ده‌یناسێته‌وه، چونکه وێنه‌کان نه‌شێوێندراون . ئه‌مه جگه له‌وه‌ی گۆڤاره‌که بووه به‌سه‌رچاوه‌یه‌کی ریکلام بۆ ئه‌و ئه‌و ژنه سۆزانییه! هه‌روه‌ها له‌سه‌ر به‌رگی گۆڤاره‌که‌ش وێنه‌یه‌کی ژنه سۆزانییه‌که داندراوه.ئه‌وه‌ی ئه‌م گۆڤاره کردوویه‌تی بۆته جۆرێک له‌ریکلام بۆ ئه‌و سۆزانییه و به‌ڵگه‌یه‌کیشه له‌سه‌ر کۆڵه‌واریی ئه‌و ( رۆژنامه‌نووس )ه!

# گەشاوە جاف : ئازادی ڕاگەیاندن لە کوردستان سنووری بەزاندووە

**گەشاوە جاف ئەو ئافرەتەیە کە ماوەی ١٤ ساڵە لە ئەورووپا دەژی و ٧ ساڵیشە لە بەریتانیا دەژی و لە ماوەی ئەو ٧ ساڵەشدا ئەو خەریکی خوێندنەو لە بواری ڕاگەیاندن و فیلمی دیکۆمێنتاری، بە هاوکاری لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە ئێستا ئەو لە کوردستانە بۆ بەجێهێنانی چەند پرۆژەیەک، دەربارەی ڕەوشی ڕاگەیاندن و فیلمە دیکۆمێنتییە کوردییەکان بە باشمانزانی بیدوێنین...**

**ئا: بەدرخان**

*** بەو پێیەی ماوەیەکە کاری ڕاگەیاندن دەکەی و دەشخوێنی، ئەمڕۆی ڕاگەیاندنی کوردی چۆن دەبینی، بە تایبەتی ئەلیکترۆنییەکان و زۆربوونی ژمارەیان، تۆ پێتوایە ئەوە کارێکی تەندروست یا نا تەندروستە؟**

- خۆی بوونی ماڵپەڕەکان بەگشتی شتێکی خراپ نییە، بەڵام دەکرێ ئیتیکی ڕۆژنامەوانی لە ماڵپەڕەکان بەکاربهێندرێ.

*** ئەو ئیتیکەی باسی دەکەی چەندە هەستی پێدەکرێ؟**

- تا ئەو ڕادەیەی توانیبێتم چاودێریان بکەم بەداخەوە لە هەندێکیاندا ئەو ئیتیکە زۆر زۆر کەمە و ڕەچاو ناکرێ.

*** لە دنیادا ڕاگەیاندن دەسەڵاتی چوارەمە، کەچی لێرە بەداخەوە وێڕای ئەوەی ڕاگەیاندن ئەو دەسەڵاتەی نییە چەند سیفەتێکی خراپیش دراوەتە پاڵ ڕۆژنامەنووس، هۆکاری ئەوە بۆچی دەگەڕێنییەوە و پێتوایە چارەسەر بۆ ئەوە چییە؟**

- ئەو خاڵەی کە باسی دەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵمان نییە، بوونی زانکۆیەکی ڕاگەیاندن کە کار بکا لەسەر بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەنووسێک کە خواستی خۆی بێ، نەک بە خواستی خۆی نەبووبێ و چووبێتە ئەو شوێنانە، بۆ نموونە دەتوانم نموونەیەکت بدەمێ بۆ ئەوجارەم کە گەڕامەوە کوردستان، دوو موحازەرەم گوتەوە لە پەیمانگای تەکنیکی بەشی ڕۆژنامەنووسی لە سلێمانی، لە هەردوو گرووپەکە کە لێمدەپرسین چەند کەس بە ئارەزووی خۆی هاتۆتە ئێرە تا ببێتە ڕۆژنامەنووس، باوەڕ بکەن لە ١٠٠ خوێندکار ٢٠یان بە ئارەزووی خۆیان هاتبوون، ئایا من چۆن چاوەڕێ بکەم کە ئەوانە ڕۆژنامەنووسێک بن ڕای گشتی دروست بکەن، ناتوانن. بەداخەوە شێوازی گووتنەوەی سیستەمی وانە گوتنەوەی ڕۆژنامەنووسی بەو شێوەیەی لە کوردستاندا هەیە هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی ڕۆژنامەنووسێک بەرهەم بێنێ و لە مانای ڕۆژنامەنووسی بزانێ و ببێتە ناوەندێک لەنێوان دەسەڵات و کۆمەڵگا تا بتوانێ ڕای گشتی دروست بکا، ئەگەر شتەکە بە ئارەزووی خۆت نەبێ کارەکە هەر دەبێ بە مووچەو کارکردن و پاداشت و ناو دەرکردن، بەڵام ڕۆژنامەنووسی زۆر لەوە گەورەترە کە خەڵکانێک بیری لێدەکەنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بامن خاڵێکی پۆزەتیڤیش بڵێم، من خۆم یەکێک بووم لەو کەسانەی تا سەر ئێسقان حەزم لە بواری ڕاگەیاندن و تەلەفزیۆن بوو، بەڵام کاتێک من لێرەبووم ئەو شوێنانە نەبوو، ئێستا جێگای دڵخۆشییە کە ئێمە زانکۆ و پەیمانگامان هەیە و لەبەرئەوەی تازەیە ناکرێ هەموو شتەکان بخەینە سەر ئەوان، دەکرێت وردە وردە شتەکان بەرەو پێشتر بڕوات بە بوونی وۆرک شۆپی باش و وەرگرتنی فکرە لەوانەی لە دەرەوە دەخوێنن و کاردەکەن، دەشتوانین ببینە دەسەڵاتی چوارەم ئەو دەسەڵاتەشی کە بەسەر ئێمەی ڕۆژنامەنووس و بەرهەمهێنەری تەلەفزیۆنی دروست دەبێ دەسەڵاتی پێنجەمە کە بینەر و خوێنەر و گوێگرە.

*** پێتوانییە دروستبوونی ئەو دەسەڵاتە کارێکی قورسە، لەبەرئەوەی زۆربەی بڵاوکراوەکان یان حزبی یان ئامانجدارن، لەوکاتەدا ئەو دەسەڵاتە چۆن دروست دەبێ؟**

- خۆی دەبێ لەو کاتەدا ئێمە بتوانین کارەکەمان و حزبایەتی لەیەک جیابکەینەوە، دەکرێ من هەر بیروباوەڕێکم هەبێ بەڵام لە کارەکەمدا کە کار دەکەم بیروباوەڕەکە دەخەمە دواوە، لەو کاتەدا دەتوانین ببینە دەسەڵاتی چوارەم، هەر ئەوە نییە کە ئێمە داوای ئازادی دەکەین و دەنووسین، لەبەرئەوەی هەموو ئازادییەکیش سنووری خۆی هەیە، تۆ ناکرێ هەموو شتێک بنووسی و بڵێی ئازادی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی دیکە هەیە کە لەهەمووی گرنگترە دەبێ یاسا سەروەر بێ بەسەر هەر هەموومانەوە، من هەڵەیەک دەکەم و شتێک بەناوی تۆ بڵاودەکەمەوە دەبێ عیقاب وەرگرم، بەڵام ئەگەر یاسا سەروەر نەبوو شێواوییەک دروست دەبێ لەناو ناوەندەکەدا، بۆیە ئێمە وەکو ڕۆژنامەنوسان لەناو کوردستان باوەڕمان پێناکرێ، لەبەر ئەوەی ئەوەندە هەواڵمان بڵاوکردەوە و گوتمان سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو، هەواڵێک لە فلان شوێنەوە، ئەمانە لەبواری ڕۆژنامەنوسیدا هەواڵەکە هەرچەند گرنگ بێ لاوازی دەکا، چونکە سەرچاوەکەت نادیارە.

*** لە ڕاگەیاندنەکانی بەریتانیا چەندە باس لە شتە شەخسیەکانی سەرکردەکان دەکرێ، لە کاتێکدا لێرە باس لەوە دەکرێ فلان بەرپرس چۆتە دیسکۆ، یان ...؟**

- لێرەدا جیاکارییەک هەیە، بەڵێ لای ئێمەش ئەو شتانە باس دەکرێ، بەڵام چۆن؟ ئێمە لە کوردستاندا تا ئێستا ئەوەمان نییە، ڕۆژنامەنووسی دوو جۆرە: جۆرێکیان پرۆکشیدە کە زانیاری زۆر زۆری تیایە، گوێ نادا بەهەندێ قسەو قسەلۆک، ئەوی دیکەیان تابلۆیت وێنەت پیشان دەداو شتی کەم کەم دەنووسێ، لەدوای ئەوانیشەوە کە پاشکۆی سێیەم دێت ئەو بەشە کە گۆسپی زۆر تیایەو لەسەر خەڵک قسە دەکا، بەڵام تەشهیر کردن نییە، بۆ نموونە سەرۆکی بەریتانیا دەبینن شەوێک ڕۆیشتووە لە شوێنێک خواردوویەتیەوە باس دەکرێ، کاریکاتێریشی لەسەر دروست دەکرێ، یانی شتێک نییە بە شەخسی وەرگیرێ، ئەوان ئەو ئاستەیان پەڕاندووە کە ئەوانە بە شتێکی خراپ وەرگرن، بەڵام ئێمە جارێ ماومانە.

*** بەڵام لە کۆمەڵگای کوردی کە وێنەی بەرپرسێک بڵاودەبێتەوە خواردنەوەی لە پێشە یان شتی دیکەی شەخسی، کاریگەری دەکاتە سەر شەخسیەتی، ئایا بۆی نییە داوای یاسایی تۆمار بکا؟**

- بۆی هەیە داوا تۆماربکا، بەڵام بوونی خواردنەوە لەبەردەمیا هیچ لە کەسایەتی کەم ناکاتەوە.

*** بەڵام خۆ کۆمەڵگا ڕێگای پێناداو پێی کارێکی خراپە؟**

- من لەگەڵتام کۆمەڵگا ڕێگای پێنادا، بەڵام هەر هەموومان دەزانین لە کۆمەڵگاکە هەیە، کەواتا دەبێ دوکانەکانی مەشروباتیش دابخەین، نەخێر ئەوە ئیشی ئێمەیە چۆن مێشکی خەڵک بگۆڕین بەوەی ئەمە شتێکی ئاساییە من و بەرپرسێک وەکو یەکین و هەردووکمان حەزمان لە شتێکە بیکەین، لەوانەیە منیش بچمە ئاهەنگێکی کوردی و هەڵپەڕم، بڵێن ئەها چوو هەڵپەڕی، نەخێر بەرپرسەکەش وەک منە، یانی ئێمە لە دەرەوەی کوردستان بەلامانەوە سەیرە بۆ بەرپرسەکانی ئێمە نایەنە ناو ئاهەنگەکان و خێزانەکانیان ناهێنن، بۆچی جوولەیان نییە، بە پێچەوانەوە ئەوە وادەکا خاکی بی، کە خاکی بووی خەڵک باوەڕت پێدەکا.

*** بە بڕوای تۆ ئازادی چەندە لەناو ڕاگەیاندنی کوردی بوونی هەیە؟**

- من دەڵێم ئازادی زۆر زۆر هەیە و جاری واش هەیە سنووری بەزاندووە.

*** چۆن و بە چ بەڵگەیەک؟**

- زۆر شت هەیە کە دەنووسرێ و دەکرێتە کاریکاتێر، ڕاستە ئێمە لە ئەورووپا بەو شتانە ڕاهاتووین، بەڵام هەستدەکەم هێشتا بۆ کۆمەڵگای ئێمە ماویەتی.

*** پێتوانییە زۆربوونی بڵاوکراوەکان جۆرێک لە فەوزای دروستکردووە لەناو خەڵک؟**

- خۆی هەموو شتێک دەبێ سنوورێکی هەبێت، بوونی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان هەریەکەو بە ئاوازێک دەخوێنێ بتەوێ و نەتەوێ سەرلێشێواوی دروست دەکا، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەمانە هەریەکەو بەلایەکا ئیش بکەن شتێکی باشترە وەک لەوەی لەم گۆڤار هەمان هەواڵ دەخوێنمەوە و لەوەی دیکە بە جۆرێک داڕێژراوە و لەیەکێکی دیکەش بە شێوەیەکی دیکە، ئەگەر هاتوو ئەمانە جیاکاریان بۆ کرابێ، بۆ نموونە منێک کە ڕۆژنامەنووسم دەمەوێ لە بەشی هونەریدا ئیش بکەم، ئەمە بەشی منە، تۆ پۆلەتیکی و بەشی تۆیە، بێین شتەکان دووبارە نەکەینەوە تەنها بۆ ئەوەی ناو دەرکەین.

*** نەبوونی گۆڤاری تایبەتمەند بە بوارەکان لە کوردستان چەندە کاریگەری هەیە لەسەر خراپی ڕەوشی ڕۆژنامەگەری کوردی؟**

- ئەوەی من بینیومە لێرە ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لێرە بینیومن و ئاگام لە شتەکانیانە، یەکێکم نەبینی تەرکیز لەسەر یەک شت بکا، پێویست ناکا من لە هونەریدا بنووسم و لە تەلەفزیۆن بنووسم و لەوسەر وەرزش و پۆلەتیکیش بێ هەر باسی دەکەم، بۆ هەر من، بۆ مەجال نادەم بەوانی تریش کە کاربکەن لەو مەجالەدا، من بەشی خۆم هونەرییە تەواو هونەریم، هی سیاسیش بێتە لام دەیدەمە هاوکارەکەم کە ئەو خۆی قوڵکردۆتەوە لە سیاسەتدا، ئێمە ئەوەمان نییە.

*** بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار تۆی ڕۆژنامەنووس دەتەوێ تەنها لە لایەنێک ئیش بکەی، لە فەراغی نەبوونی کادیر لە دەزگاکەت ناچاری کاری دیکە بکەی، لەوکاتەدا چی؟**

- ئەوەش زۆر ڕاستە، من پێتدەڵێم لەبەرئەوەی ئێمە باگراوندێکمان نییە لەسەر پەروەردەکردنی ڕۆژنامەنووس و بەرهەمهێنەرینەوەیەکی ڕۆژنامەنووسی جدی و جیاکردنەوەی بەشەکان بەڕای من لە کۆلیژ و زانکۆ کە تەوەیە نەک لە بواری ئیشەکەت، یانی کەمن چوومەتە پەیمانگای ڕۆژنامەنووسی سلێمانی خواوەکیلیە چەندی دەردەچێت و باس لە چی دەکا، پێیانم گوت و لێیانم پرسی ئێوە دەتانەوێ ببنە ڕۆژنامەنووس شەوانە کە دەچنەوە ماڵەوە چەند گوێ لە هەواڵەکان دەگرن؟ یەک کەس دەستی هەڵنەبڕی، کە گوتم ئەی چەند کەس سەیری دراما دەکا هەموویان دەستیان بەرز کردەوە، بابە وانییە دەبێ ڕۆژنامەنووس خۆی قوڵکاتەوە لە بوارەکە، هەر ئەوە نییە لە کتێبەکەدا وەریدەگری، ئەی دەرەوە و پەیوەندییەکانت، کە ئەوانەمان نەبوو ناتوانین باسی تایبەتمەندی بکەین لە بوارەکاندا، جارێ لە سەرەتاوە دەبێ بێین زانکۆ و پەیمانگاکان ڕێکبکەینەوە و ئەو کەسانەی لەوێ کاردەکەن پێیان بڵێین بابە هەر کتێبەکە نییە کە تۆ زانیاری لێوەردەگری، زانیاری دەرەوەش زۆر گرنگە، ئەو کاتە هەرکەسەو هەڵیدەبژێرێ چ بوارێکی بەدڵە تاکو تیایدا ئیش بکا، بەڵام ئێمە ئەو شتانەمان نییەو سەرلێشێواوییە، هەر کەسێک ئیشی نەبێ بابەتێک دەنووسێ و ناوی دەردەچێ دەڵێ ڕۆژنامەنووسم، بەچی؟

*** پێتوانییە لەو تێکەڵییەدا سەندیکای ڕۆژنامەنووسان دەستێکی باڵای هەیە، لەبەرئەوەی چاپچی هەندێ ڕۆژنامە ئەندامی کاران؟**

- وەڵڵاهی من خۆم چەند ساڵە ڕۆژنامەنووسم پارساڵ داوای ناسنامەی ڕۆژنامەنووسیم کردووە،کە پێشبینی دەکەم لە زۆرێکیان چالاکترم لە ناوەوە و دەرەوەش، بەڵام تا ئێستا هیچم نەبینیوە، یانی باوەڕکە چەندەها بابەتم بڵاوکردۆتەوە، باوەڕکە یەک کەس نەیگوتووە سوپاس. بابە من پاداشتم ناوێ، دەمەوێ زانیاری بە کۆمەڵگاکەم بگەیەنم و ئەوەی لەوێ وەریدەگرم بیدەم بەتۆ، پێویستم بە پارە نییە، بەڵام مەعنەوییەن.

*** مەسەلەی هەڵە لە ڕاگەیاندن و دواتر گرتنەبەری دادگا بەرامبەری خەریکە دەبێتە شتێکی باو، کارێکی تەندروستە؟**

- من خۆم دەکەمە نموونە هاوین لێرەبووم سیمینارێکم کرد لەسەر چۆنیەتی کاری ڕۆژنامەنووسی و بۆ ئەوە BBCم بە هەرسێ بەشی "بینەر، بیسەر، خوێنەر" وەکو نموونە هێنایەوە بۆ ئەو کارە، ئەوەی دوایی دیدارەکانم لەگەڵ کرابوو دواتر وەریان گرتبوو وا شێواندبوویان یەکیان دەڵێ ١٤ ساڵە لە BBC ئیش دەکا، یانی من بۆم هەیە هەم ڕۆژنامەکەو هەم خۆشی بدەمە دادگا، چونکە ئەوە لەسەر من دەکەوێ، دیداری تەلەفزیۆنیم لەگەڵ کراوە من گوتوومە بەرهەمهێنەری فیلمی دیکۆمێنتی لە تایتلەکەدا نووسراوە بەرهەمهێنەری فیلمی دیکۆمێنتی لە کەناڵی BBC بەشی منداڵان، بابە من گوتوومە من کۆنتراکتم هەیە لەگەڵیان چونکە تۆ کۆنتراکت لەگەڵ شوێنێک هەبوو بەرپرس نین لەتۆ، من ئەوەتا ئێستا بۆ کۆمپانیای دیکە ئیش دەکەم، تۆ چۆن دەتوانی ئەمە دابنێی، چاوی خەڵک بۆ دەخەڵەتێنی، بۆ شتەکان گەورەتر دەکەی لەوەی کە هەیە، ئەو شتە لە بەریتانیا ڕوویدات هەم کۆمپانیاکەو هەم ئەو کەسەی کاری بۆ دەکا سزادەدرێن، هەقی ئەوەشی من ئەزیەتم خواردووە پێی چەندەها مەلاین پاوەنم ئیستیفادە دەکرد، بەڵام من ناتوانم لێرە ئەمە بکەم، چونکە دەزانم هێشتا ڕاگەیاندن لە وڵاتەکەی مندا وردە وردە دەبێ سەرکەوێ.

*** نائومێدییەکی زۆر لەناو ڕاگەیاندنی کوردی هەیە بە تایبەتی کە ئێستا خەریکە ڕاگەیاندنی زەرد دروست دەبێ و زمانی زبر بەکاردێ، ئەوە چۆن دەبینی؟**

- خۆی بتەوێ و نەتەوێ بەداخەوە لە ڕۆژنامەگەری ئێمە قسەی زبر زۆر زۆر هەیە.

*** چارەسەر بۆ ئەوە چییە؟**

- من دەڵێم پێش ئەوەی گەورەیەک گوێمان ڕابکێشێ خۆمان ویژدانی خۆمان ڕابوەشێنین کە چی دەنووسین و چی دەکەین.

*** چیتر لەسەر ڕاگەیاندن دەڵێی...**

- من هەر ئەوەندە دەڵێم لەبەرئەوەی چەندەها جار دیدارم لەگەڵ سازکراوە و شێوێندراوە، لەدوا دیدار سوێندم خوارد کە ئیتر دیدار نەکەم لەبەرئەوەی لێموەردەگرن و شتێکی دیکە دەنووسن، ڕۆژنامەی هاوڵاتی دوا دیدار کە لەگەڵ منیان کردووە بەڕاستی زۆربەی قسەکانی منیان گۆڕیوە و بە ئاراستەیەکیان بردووە کە خۆیان ویستوویانە، یانی زۆر سەیرە بەمن دەڵێ شارەزا لەبواری کۆمەڵایەتیدا، پێمگوتووە بابە من لەبەشی ڕۆژنامەو فیلمی دیکۆمێنتاریم.

**بەشی یەکەم**



گەشاوە جاف

# هێنری جەیمز و حوسام بەرزنجی لە نامەیەکی ماستەردا

**ئا: حەمید بەدرخان**

بێگومان ئەدەبی بەراوردکاری وەکو زانستێکی سەربەخۆو وەک کەرەستەیەکی بەراورد کارانە لە ڕەخنەی ئەدەبییدا ئاوڕی لێ دراوەتەوە و لە چەند قوتابخانەیەکی جیاوازو سیماو خەسڵەت و تایبەتمەندی جوداکاری لەسەرکراوە.

جا ئەم نامەی ماستەرەش، کە بە زمانی ئینگلیزی سەبارەت بە دیاردەی کۆچ نووسراوە دەچێتە خانەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە، کە بە ناونیشانی:- "کۆچ و ئاسەواری کانی لە دوو چیرۆکی هەڵبژاردەی هێنری جێمز و حوسام بەرزنجیدا" ئەم نامەیە هەوڵ و دەستە چیلەیی خوێندکار "میعاد محەمەد بارزانی"یە بەپلەی "زۆرباش" بە دەستی هێناوە.

لە دەرفەتێکدا "حوسام بەرزنجی" ڕۆماننووسمان لەم بارەوە دواند: هەڵبەتە هەڵبژاردنێکی زیرەکانەی خوێندکارە بۆ بەراوردکردنی نێوان دوو بەرهەمی "خۆرهەڵاتی" و "خۆرئاوایی" لە نێوان هەردوو ڕۆمانی "زەلیل"ی حوسام بەرزنجی و ڕۆمانی "تابلۆی خانمێک"ی هێزی جێمز.

لێرەدا پوختەی بیروبۆ چوونە ڕاگوزارییەکانی کۆچ و کاریگەری و شوێنەوارەکانی دەردەخات و لەم بارەوە نموونەی جوان و گوزارشتکاری هێناوەتەوە، کە لە هەردوو بەرهەمی ناوبراودا وەریانی گرتووە.

هیواداریـن وێنەی ئەم جۆرە کارانە زۆرتر بێت بۆ دەوڵەمەندکردنی هەردوو کتێبخانەی "خۆرهەڵات"و "خۆرئاوا" و پردێکی هەمیشە بەردەوام و جاویدانی لە میانەی هەردوو ئەم جیهانەدا بنیات بنرێ بەمەبەستی لەیەک گەیشتنی و لەیەک نزیکبوونەوەیان.

هەڵبەتە دەبێ سوپاسی هەموو ئەم بەش و ڕاگەیاندنانە بکرێ چ بە نووسین و چ بە وتن و گوتار، کە باس لەم کارانە دەکەن و بانگەشەی ئەرێنیان بۆ دەکەن بۆ هاندانی خوێندکارانی دیکەش بۆ دەستدانە کاری وا پیرۆز، بێگومان دەبێ لە بەرایی هەموویانەوە سوپاسی دەزگای بەدرخان بکرێ، کە هەردەم لە پێشەنگی کاروانی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەکانە لەم ڕووەوە.

شایانی باسە ڕۆمان نووسانی دنیا، گەر چیروکێکیان وەربگێردرێتە سەر زمانانی دیکە ئاهەنگی بۆ دەکەن، ڕۆمان نووسی ئێمەی کوردیش، ئەوەتا چیرۆکیان دەکرێتە بڕوانامەو ماستەری لەسەر وەردەگیرێت، بە شەرمەوە نووسەرەکان باسی لێوەدەکەن و ڕاگەیاندنی کوردیش بێئاگا.

ئەمەش پوختەی نامەی ماستەرەکەیە چەمکی کۆچ بابەتی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوە لەخۆ دەگرێت لە ڕۆمانی "تابلۆی خانمێک"ی هێنری جیمس "١٨٤٣- ١٩١٦"و "زەلیل"ی حوسام بەرزنجی "١٩٥١-ئێستا" دا کە بە دوو لێکدانەوەی جیاواز لە هەردوو کلتووری ئەمریکی و کوردیدا. جگە لە چەندین خاڵی لێکچوون وەکو هۆکار، پاڵنەر، ئاسەوارە جیا جیاکانی کۆچ کە لە نێوانیاندا بەدی دەکرێن. کۆچ وەکو بابەتێکی سەرنجراکێش و ئەکادیمی ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە لە کارە ئەدەبییەکاندا، بە تایبەتی لە ڕۆمانی سەدەکانی نۆزدەو بیستدا. چەندین نووسەر لە وڵاتی جیاجیاو بە زمانی جیاواز هەمان چەمکیان



حوسام بەرزنجی

بەکارهێناوە وەکو بنەمای سەرەکی کارە ئەدەبییەکانیان. ئەم لێکۆڵینەوەیە پێنج بەش لە خۆ دەگرێت:

لەبەشی یەکەمدا کۆچ بەشێوەیەکی گشتی وەکو دیاردەیەکی جیهانی باسکراوە و لەگەڵ ڕەنگدانەوەی ئەم چەمکە لە مێژووی هەردوو گەلی ئەمریکی و کوردیدا، هەروەها باس لە پەیوەندی کۆچ و ئەدەب دەکات لەم دوو کلتوورەدا. هەروەها پێناسەی ئەدەبی تاراوگە وەکو ئەنجامێکی ڕاستەقینەی پەیوەندی کۆچ بە ئەدەبەوە بابەتێکی تری ئەم بەشەیە.

بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ ژیان و داهێنانە ئەدەبییەکانی نووسەری بەناوبانگی ئەمریکی هێنری جێمز لەگەڵ شیکردنەوەیەکی تێروتەسەلی ڕۆمانی "تابلۆی خانمێک""١٨٨١". دواتر چەمکی کۆچ بەوردی شیکراوەتەوە لە ڕێگای کەسایەتییە پەیوەندیدارەکانی ناو ڕۆمانەکە بۆ دەستنیشان کردنی هۆکارو ئەنجامەکانی دیاردەی کۆچ.

بەشی سێیەم بریتییە لە بەشی کوردی لێکۆڵینەوەکە. ژیاننامەو شاکارە ئەدەبییەکانی نووسەری کورد. حوسام بەرزنجی لەخۆ دەگرێت لەگەڵ شیکردنەوەیەکی تێروتەسەلی نۆڤلێتی "زەلیل" "١٩٨٢" ڕەنگدانەوەو کاریگەری دیاردەی کۆچ لەسەر کەسایەتییەکانی نۆڤلێتەکە لایەنێکی تری ئەم بەشە لێکۆڵینەوەیە.

شیکردنەوەیەکی ڕوونی پێناسە جیاجیاکانی ئەدەبی بەراورد و ڕێبازەکانی ئەم زانستە بابەتی سەرەکی بەشی چوارەمە. دواتر پوختەی بەرادوردی هەردوو کارە ئەدەبییەکە خراوەتە ڕوو لە چوارچێوەی ڕێبازی ئەمریکی ئەدەبی بەراورد، کە زیاتر شیاوە بۆ ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە.

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لەبەشی پێنجەم پێشکەش کراوە کە زیاتر گرنگی داوە بە لێکچوونەکانی نێوان هەردوو کارە ئەدەبییەکە لەبواری هۆکار، پاڵنەر، ئاسەوارەکانی چەمکی کۆچ لەگەڵ چەندین جیاوازی تریش. دواتر چەند پێشنیارێکی بەنرخ وەکو بابەتی لێکۆڵینەوە لە داهاتوودا خراوەتە بەر دەست لێکۆڵەری بەڕێز.

ئومێدەوارین ئەم کارو پرۆژە جوانانە بەردەوام بن بۆ خزمەتی زیاتر بە ئەدەبی کوردی و زیاتر ئاشناکردنی خەڵکی بیانیش بە ئەدەب و چیرۆک و ڕۆمانی کوردی. پیرۆزەو نەخشەش لە دکتۆراکەی بێت.



بەرگی تێزی ماستەرەکە

# حاجی مەمۆ: سەرجەلەیەکی پچڕپچڕی و ناتەبایی رەوتی حزبایەتی لە کوردستاندا



**حاجی مەمۆ**

بزاف و ملنەدان و رووبەڕووبوونەوەی عەشیرەتی بارزانییەکان لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەرانی کوردستان، هەر لە کۆتایی سییەکانەوە بە "حکومەتەکەی شێخ مەحمود لە ناوچەکانی سلێمانی"یشەوە کەم و زۆر یەکەم هەوێنی سەرهەڵدانی بیروبۆچوونی کوردایەتیان لەگەڵ خۆ هەڵگرتووەو لە کوردستانی خوارووداو پاشان دروستبوونی کۆمەڵەی "ژ.ک" و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهابادو هاتنە کایەوەی پارتی دیموکراتی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات دیسانەوە فاکتەرێکی دیکەی ئاشکرای کەوتنە سەرپێی بزووتنەوەی ئازادیخوازی خەڵکی کورد بووە لە رووبەڕووی داگیرکەراندا.

لە کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکان، لە کوردستانی خوارووداو، بەشێوەیەکی مەیدانی لەلایەن چەندان رووناکبیرێکی وەک "رەفیق حیلمی"و دەیان سەربازی نەناسراودا، بۆ یەکەمجار بەشێوەیەکی ئاشکرا لەو پارچەیەی کوردستاندا "بێگومان هەوڵدان و کاری لەوەش گرنگتر هەبووە، بەڵام هەتاکو هەنووکە رووناکی وەک پێویست نەخراوەتە سەر، بە تایبەت لە ناوچەکانی هەولێر و کەرکووکدا" لە ژێر دەواری رۆشنبیری و کلتووری ئەدەبی و لاوانەوە، یانەو کۆمەڵەی کوردان و سەریانهەڵداوە کە لە مێژوودا بۆ کوانووی چەکەرەکردنی بیری کوردایەتی دەگەڕێتەوە، هاوزەمان فیوداڵیزم "دەرەبەگایەتی- ئاغایەتی" لە کوردستاندا، بەپشتیوانی رژێمی پادشایەتی حوکمڕانی عێراق و پاشماوەکانی سەڵتەنەتی عوسمانییەکان لە تورکیاو سەفەوییەت لە ئێراندا لە هەوڵی خۆیان بۆ قۆرخکردنی دەسەڵات درێخییان نەکردووە.

لێرەدا من وای تێدەگەم و لەلای خۆم بۆم ساغبووەتەوە، هەر لەوێ گاڤدا، هەڵبژاردەیەک بە چاولێکەری ئەزموونەکانی دەورووبەرو دوور لە هێنانی خۆکردو دەستپێشکەری بەرخواستەکانی نەتەوەی کورد، بەڵکو لە پەراوێزی بزاڤی ئەوانەی تورکیای مۆدێرن لەلایەک و بەرانبەربوونەوە لەگەڵ دەستڕۆیشتنی ئاغاو دەرەبەگ و بەگە خۆماڵییەکانی کوردەواری لەلایەکی دیکەوە، ئەو هەڵبژاردەیە کەوتوونەتە هەنگاو هەڵگرتنی چاولێکەرانەو کۆپیکردنی ئەزموونی حزبایەتی کە هەر لە سەرەتاوە لەناو هەناوی کورددا خۆڕسک و وەڵامدانەوەی هەست و نەستی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی کۆمەڵ لەدایک نەبووە، بەڵکو ئەو دەستە خوێندەوارو رووناکبیرەی ئەوێ رۆژێ، لە رێگای هێنانەکایەوەی دەستکردانەی بیرۆکەی حزب، هەوڵیان داوە ئەوانیش وەک نمایندەی خەڵکی خوێندەوار بۆ خۆیان لەسەر بەرماڵی دەسەڵاتدا، چەمکێک بە دەستەوە بگرن. دیارە ئەو توخمە کەسایەتییانە تاڕادەیەکی زۆر بەرژەوەندی و حەزی تایبەتی خۆیان بەپێی رۆژگار پیادەکردووەو کردوویانەتە ناوەرۆکی قاوغی "رووخساری" فراوانی کوردایەتی، بەجۆرێک سنووری کوردایەتییان تەسک کردووەتەوەو کوردایەتی ساغڵەمیان وەک پەرژین بۆ بەرێکردنی ویستە نێرگزییەکانیان بەکار هێناوەو لەم پێناوەدا دەیان و سەدان رۆڵەی بەهیممەت و هەڵکەوتوو دڵسۆزو کاڵفامیان کردووەتە سووتەمەنی و قەڵغانی مەبەستەکانیان وەک ماشە بەکاریان هێناون، لە بۆ جاڕدان و سازدانی ئاووهەوایەکی سازگار بۆ ئەو جۆرە حزبایەتییە دەستکردە، سوودیان لەو خەڵکە وەرگرتووە. هەر لەو روانگەیەوە یەکەم راوکەی حزبایەتی دانراوەو هەر لەسەرەتاوە هەوڵنەدراوە ئەو چالاکییە لە یەک چوارچێوەی یەکگرتووی بەر رەوتی بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی نەتەوەی کورد تێر بکرێت. بەڵام سەرباری ئەو واقیعە ناهەموارەش، هەوڵ و تەقەڵای کەسانی دڵسۆزو سەربازی ون بە ئێمە ناشاردرێتەوە کە لەم پێناوەدا، واتا لە پێناوی کوردو کوردستان، سەری خۆشیان کردووەتە قوربانی.

هەم دیسانەوە نزمی ئاستی هۆشیاری نەتەوەکەمان و نزمی هەستی وڵاتپارێزی بە درێژایی رەوتی مێژوو، ئەو واقیعە تاڵەی کردووەتە سەرپارەو کەسانی هەڵپاس و خۆڕەپێشکەرو ئۆپۆرتۆنیست و میزاجی و مەکرۆ کەوتونەتە سەرەوە لە بەڕێوەبردنی قوتابخانەی حزبی کوردان رۆڵی ئاشکرایان بینیوە.

مەسەلەکانی خەباتی کوردایەتییان بۆ ئەو ئاقارە بردووە کە زامنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانی تێدابێت.

دەرکەوتە مێژووییەکان پێمان نیشان دەدەن کە ئەو کەسانە هیچ کاتێک درێخیان نەکردووە لەوەی هەردەم ملکەچی حەزە تایبەتییەکانی خۆیان بن و حزب و رەوتی خەباتیش بۆ ئەو ئاقارە پەلکێش بکەن کە خۆیان حەزیان پێکردووە! سەرەتاکانی دروستبوونی کۆمەڵەی "ژ. ک، رزگاری، یانەی کوردان، هیوا، شۆڕش، ئەوجا پارتی و کاژیک و حزبی شیوعی" لەناو ریزەکانی نەتەوەی کورددا، یەک ئەزموونی پارچە پارچەیی کردۆتە سەرپشکی بەرژەوەندییە نەتەوەییە گشتییەکانی نەتەوەی کوردو ئەو پاشەگەردانییەیان بە پراکتیک وەک میرات بۆ داهاتوو زەقکردووەتەوە.

لێرەدا نابێ رۆڵ و فەلسەفەی حزبی شیوعی عێراقی لەبیر بکرێت- بەتایبەت دوای فەهد- لە ژێر ناوو دروشمی بێ بناغەی نێوان دوو نەتەوەی جیاواز "یەکێتی چینی کرێکاری عێراق" کوردە کۆمۆنیستەکانییان لە خەباتی نەتەوایەتی بە سەرچیخ بردووەو بگرە لە زۆربەی کاتدا لە ژێر خواستی رزگاری و ئازادیدا، سەنگەری دژایەتی نەتەوەی خۆیان پێ گەرم کردن کە لە ئەنجامدا هەتا بەزیان بۆ سەر خودی خۆیشیان گەڕاوەتەوەو تەنیا دوژمنە سەرسەختەکانی کوردو کوردستانیان پێ قەڵەو کراوە. ئیتر هەر کارێک بە سەرەتایەکی ئاڵۆزو شێواو دەست پێ دەکات، دیارە ئەنجامێکی پڕ گەڕولاوژێ دەبێت و زەحمەتە وەڵامدەرەوەی خۆزگەکانی لێ بکەوێتەوەو ئەوەتە هەتا هەنووکەش خامۆشی و پاشاگەردانییەکانی ئەو سەرەتایە، بەتەوێڵی خەباتی نەتەوەکەماندا دەلەنگێتەوە.

بێگومان دوژمنانی نەتەوەی کورد، داگیرکارانی کوردستان لەم پێناوەدا زۆریان کردووە، ئەوان ئەوەی کردوویانە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان و بەردەوام بوونیان لە داگیرکردنی کوردستان و هێشتنەوەی نەتەوەی کورد بەژێردەستەیی و زەلیلی چەقی بەستووە، چونکە هێشتا لە دنیای دەسەڵات و قازانجدا، هیچ هێزو دەسەڵاتێک پەیدا نەبووە، هەروا بە خووت و خۆڕایی دەست لە قازانج و دەستکەوتی نەتەوەی ژێر دەست هەڵگری و ئازادی بۆ جاڕبدات.

دەبێ لێرەدا ئەوەش دووپات بکەمەوە، مەبەستی من لە تێکڕای ئەم باسەدا، ئەوە نییە من هەبوونی بیروبۆچوونی جیاواز، فرە حزبی و رێکخراوەیی سروشتی بەر رەوتی ناکۆکییە جۆربەجۆرەکان لەم رۆژگارە بەیەکجارەکی رەتبکەمەوە، بەڵکە من بەتاقی تەنێ پێ لەسەر ئەوە دادەگرم، ئەگەر حزب و فرە حزبی بەشێوەیەکی ریالیستیانە، دڵسۆزییەکی راستگۆیانە بە نەتەوەی کورد سەیری خواستە بابەتییەکانی رەوتی بەرەو پێشەوە بردنی جووڵانەوەی نەتەوەی کوردی و گۆڕانکارییەکانی ئەمڕۆی دنیای بخوێندرایەوە، دەبوو بەلانی کەمەوە ئامانجی ستراتیژی بەرژەوەندی نەتەوەی کورد لە حزب لە قوربانی بێشوماری خەڵکی کورد بەرەوپێشەوە بردنی نەتەوەو وڵات رۆڵێکی کۆنکریتی هەبووایەو کاروانی کوردایەتی لە هەموو مەیدانەکانی ژیانی نەتەوە هەنگاوی گەورەی هەڵنایە!

**بەشی سی و حەوت**

***تێبینی:***

ئەو نووسینە لەبری بەشەکانی دیکەی یاداشتەکانی حاجی مەمۆ بڵاودەبێتەوە.

# محەمەد سەعید مەحموود: هەموو کەس یەکسانە بەرامبەر قانوون و نیزام



**محەمەد سەعید مەحموود - لەندەن**

**قەزای ئەبوسەخیر**

لە ١٩٦٨/١٠/٢١دا گوێزرامەوە بۆ قەزای ئەبو سەخیر. لەم قەزایە مامەوە هەتا ١٩٧٤/٥/١١ "نزیکەی ٦ ساڵ". ئوبو سەخیر تابیعی لیوای دیوانییە بوو لە شماڵەوە حدودی ئیداری قەزای کوفە لە نەجەف لە شەرقەوە قەزای شامیە لە جنوبەوە حدودی شافعیە کە تابیعی قەزای مەرکەزەو قەزای سلێمان.

ئەم قەزایە زۆر کۆنە لە زەمانی عوسمانیەکانەوە قەزا بوو دانیشتوانی ئەم ناوچەیە رۆڵێکی گەورەمان هەبوو لە شۆڕشی میللی دا ساڵی ١٨٢٠ لە دژی ئینگلیز. (٣) ناحیە تابعە "مشخاب، حیرە، قادسیە" لە ساڵی ١٩٤٤ دا بوو بەناحییە.

ئەم قەزایە زەوییەکانی زۆر بە بەرەکەتەو کشتوکاڵی برنجی تیا دەکرێت.نفوسی قەزاکە هەتا ساڵی ١٩٦٥ "٨٥٠٠٠" هەشتاو پێنج هەزار کەس بوو.

لە ئەبو سەخیر ئەم ناوچەیە هەموو دیانەتی ئیسلامیان هەیە "شیعە مەزهەبن" ناوچەیەکی عەشا ئیریە وەکو عەشیرەتی "ئەل شەبل"کە لە ناوچەی قادسیە جێ نیشین بوون و "ئەل فتلە" لە ناحیەی مشخاب بوون "ئەل ئیبراهیم و غزالات" لە ناحییەی قادسیە بوون و "ساداتی عزاریی"و "ئەل یاسرو جبوور" لە مەنتیقەی حیرە "محاجیر" دادەنیشن. دەمەوێت ناوی چەند کەسێک کە دەورێکی گرنگیان هەبوو لە پێناوی عەشایریداو خۆیان دانابوو بە سەرۆک پێشەنگی عەشیرەتەکان باسیان بکەم:

١- عەبد عەلی کازم سەرۆکی عەشیرەتی ئەل شبل.

٢- عەبدولعباس ئەل مەزهەر سەرۆکی عەشیرەتی ئەل فتلە "ئەل فرعون" لە ناحییەی مشخاب دادەنیشت.

٣- راهی عەبدولواحید ئەل سکربو کە کە دەورێکی گرنگی هەبوو لە شۆڕشی ٢٠ دا.

٤- عاد تکلیف ئەل فرعون لە عەشیرەتی ل فتلە بوو محامی بوو لە بەغدا دادەنیشت و زۆر جار بەسەردان دەهاتەوە بۆ مشحاب.

٥- کامل داخل ئەل شعلان لە سەرۆکەکانی ئەل ئیبراهیم بوو لە ناوچەی سوق ئەلشعلان لە قادسییە دادەنیشت.

٦- عەبدولمەهدی ئەل سەید نوور الیاسری لە سەرۆکەکانی ئەل یاسر بوو لە قادسییە و بەغدا دادەنیشت.

٧- عەبدولشەهید ئەلسەید ئەلیاسری لە مشعان دادەنیشت.

٨- عەلی زوین سەرۆکی عەشیرەتی لیمحات بوو لە حیرە دادەنیشت.

٩- عەبدولمنعەم حاج جبار سەرۆکی عەشیرەتی لیمات بوو لە حەیرە دادەنیشت.

١٠- سەید نوور ئەلعەزاری لە عەشیرەتی ساداتی عەزاری بوو لە ئەبو سەغیر دادەنیشت.

١١- سەید عەزیز عەبدوڵلا ئەلعەزاری لە عەشیرەتی عەزاری بوو لە ئەبو سەغیر دادەنیشت.

١٢- سەید یاسر ئەلعەزاری لە عەشیرەتی عەزاری بوو لە ئەبو سەغیر دادەنیشت.

لەبەر ئەوەی کە ئەم عەشیرەتانەی تیا جێ نیشین بوو ئەبو سەغیر زۆر ئەهمیەتێکی گەورەی هەبوو لە بواری ئیداریەوە و زۆر جار منازعات و مەشاکیل و رووی دەدا لە بەینی دانیشتوانی ئەم ناوچەیەدا لەسەر زراعەت و ئاو لە کاتێکدا کە ئاو کەم ئەبووەوە چونکێ هەموو زراعەتەکیان لە رووباری "فرات" دەکرد.

لەم ناوچە عەرەبستانە شیعەیەدا ئیداری وڵات وا دەزانم تۆزێک بەزەحمەت ئەژمێردرێت بە نسبەت کوردێکی سوونی مەزهەب بەڵام من هەموو کاتێک خۆم وا دادەنا لەم شوێنە بە ئەهمیەتانە کە من سەفیرێکی کوردم لەم ناوچانەدا هەتا بتوانم بەپێی قابیلیەتی خۆم هەوڵ بدەم کە ئیشی باش لە هەموو روویەکەوە بهێنمە بەرهەم بۆ ئەوەی روو سووریەک بخەمە سەر کاغەز. کە کارمەندێکی کورد هەمیشە دڵسۆزە لە ئیشوکاری خۆیانەوە بە دڵسۆزیەوە گیان فیداییەوە ئەیەوێت خزمەتی وڵاتی خۆی بکات بەو ئیعتبارە کە عێراق وڵاتی کورد و عەرەبە، فەرق و جیاوازی نییە.

من کوردێکم هەموو کاتێک شانازی بە کوردایەتی خۆمەوە دەکەم و فەرق و جیاوازی نییە لە بەینی سوننەو شیعەدا هەموویان ئیسلامی بە گوێرەی ئسولی فەقهی ئیسلامی چەند ئیمامێک و مەجتەهیدەکان فتوایان داوە لە هەندێ مەسائیلی دینی لە شەریعەتی ئیسلامی کە ئەوە هەرگیز نەبۆتە دژایەتی.

جا لەو مەبدەئە پاک و تەمیزەوە هەمووان ئەگەر تەسەرف بکەین لام وایە هیچ جۆرە گێچەڵ و مەشاکیلێک روو نادات بەڵکو هەمووی حەل ئەبێت.

دووبارە ئێمە موزەفێکی ئیداری نەهاتووین بۆ ئەوەی مشکیلە درووست بکەین ئێمە هاتووین ئیدارەی وڵات بەرین بەرێگاوە مستەوای وڵات بەرز بکەینەوە لە رووی ئیقتیسادو زەراعەت خوێندەواری و میللەت هەست بکات ئینسانە مافی ژیانی هەیە.

هەموو کەس یەکسانە بەرامبەر بە قانوون و نیزام کەوابوو با دەست بکەم بە روونکردنەوە لەو ناوچەیەدا ماوەی بیروباوەڕە کە من تووشم بووە لە کاتێکدا کە بەر پرسیار بووم لەو ناوچەیەدا ماوەی "٦" ساڵ چۆن و چیم کردووەو مەقفی ئیداریەکانم چی بووە ئەمەوێت بیخەمە بەر چاوی خوێنەواری بەڕێز فەرموون لەگەڵما:

١- ساڵێک وا روویدا کە ئاوی فورات ئاو کەم بووە بەشێوەیەک بەتەواوی نەئەگەیشتە لایان و مەڕوماڵاتیان کەوتە مەترسییەوە.

منیش ئەو ساڵە زۆر لە دانیشتوانی ناوچەکەم هان دابوو کە زراعەتی برنج بکەن. ئیقتسادی عێراق بەندە بەم ناوچەی ئەبو سەغیرو شامییەو بەشێک لە کوفە هەموو عێراق تەموین دەکەن بە برنجی عەنبەر.

هەتا ناوچەیەک بوو لە قەزاکەی من کە پێی دەوترا "ناوچەی بەحری نەجەف" کە زراعەتی برنج لەو مەنتقەیەدا بوو چونکی ئاوی نەدەگەیشتێ من ئەو ناوچەیەم ئاوەدان کردبۆوەو جۆگایەکی فەرعیم دروست بوو کە داوام کرد وەزیری داخلیەت بێت بۆ ئیفتیتاحی.

وەزیری ناوخۆ "سەعدون غێدان" بوو هات ئیفتیتاحی کرد لەگەڵ پارێزگار "عەلی هادی وتوت" جا هەموو ناوچەکانی ئەبو سەغیر بەهەر سێ ناحییەکەوە شوێن نەمابوو زەراعەتی برنجی تیا نەکرێت و هەموو دانیشتوانی قەزاو ناوچەکان دڵخۆشن کە ئەم ساڵ زراعەتەکەیان زۆر باشە. واریداتێکی باشیان دەبێت.

ئێمە لەم خۆشەوە کەوتینە مشکیلەیەکی گەورە ئەوە بوو بەهۆی کارەساتێک ئەو مشکیلەیە ئەوەیە سەرۆک کۆمار دەستەیەکی دروست کردبوو بە سەرۆکایەتی وەکیلی وەزارەتی ناوخۆ "شئونی ئیدارە محلی" عەزویەتی مەهندسی رەی ناوچەی دیوانییە ئەم دەستەیە سەلاحەیتان پێدرابوو کە ئاوی فرات لە ناوچەی ئەبو سەغیرەوە کەم بکەنەوە یەعنی نازمەکان مشخاب و قادسییە بەرز بکەنەوە ئاو بڕوات لە موقەدمەی فوراتەوە بۆ موئەخەرەی فورات بۆ ئەوەی مەڕو ماڵاتی ئەو ناوچانە زەرەر نەهێشت.

لیژنە گەیشتە ئەبو سەغیرو هاتن بۆ چاوپێکەوتنی من لە دائیرە وتیان بە ئەمری سەرۆک کۆمار "ئەحمەد حەسەن بەکر" قەراری سەرۆک کۆماری ئێمە هاتووین کە پێیان رابگەیەنین ئەو نازنامانە بەرز بکرێتەوە کە لە ناوچەی ئەبو سەغیر دایە بۆ ئەوەی مشکیلەی موئەخەرەی فورات حەل بکرێت.

**بەشی چواردەهەم**





**حەمید بەدرخان**

# میرابۆ و دانتۆن و کۆمپانیای وشە

هەموومان لە وانەکانی خوێندن سەرکردەی شۆڕشگێڕ و بەزیوو خائین و خۆفرۆشمان خوێندووە و خوێندۆتەوە. بە تایبەتی لەوانەی مێژوو لەپێش هەموویان "تالێران و میرابۆ" کە دوو نووسەر و رووناکبیر و شۆڕشگێڕ بوون لە شۆڕشی فەڕەنساو بە نووسین و شیعر و کارە سیاسییەکانیان ناو و ناوبانگی گەورەیان بۆ خۆیان دروست کرد و بوونە جێگای شانازی گەلانی فەڕەنساو ئازادیخوازانی دنیا، بەڵام کاتێ شۆڕشی فەڕەنسا بەرپادەبێ و هەرچی بەڵگەنامە هەیە ئاشکرا دەبێ، کە ئەو دووانە گەورەترین خزمەتیان بە دوژمن گەیاندووە، کە مردن بردیانن بۆ گۆڕستانی نەمران و لەپاش ئاشکرابوونی دیکۆمێنتەکان دەیانبەن بۆ گۆڕستانی پیاو خراپان، چونکە ئەوان میللەتیان چەواشە کردو میللەتیش لەوانی قبوڵی نەکردو راستییەکانیان بۆ روونبووەوەو چوونە نێو زبڵدانی مێژوو...

نموونەی دیکەی چەواشەکاری و دڵڕەقی بەرامبەر بە گەلی کورد و میللەتانی ژێردەستە ئەوەندە زۆرە هەر باس ناکرێ.

ئەگەر باسی "دانتۆن ١٧٥٩" بکەین کە لە فەڕەنسا بەدادوەر و پارێزەر و داکۆکیکاری گەورەی خەڵکی ستەمدیدەی میللەتی خۆی بووە، بەڵام بەدیارکەوت کە ئەو پیاوێکی بێ بەزەیی و توندڕەو و بکوژێکی زەبەلاحیش بووە لە هەمان کاتیش "الرهبان الفرنسیسیان" بووە، ئامانجیشی ئازادکردنی گەلی فەڕەنسا بووە. کەچی نەیتوانیوە هەڵەشەکانی میللەتی پێ چەواشە بکات.

ئەگەر بە وردی چاوێک بە کار و کەسێتی هەردوو سەرکردە بخشێنین دەبینین ئەویان تاوانبار بە ئاشکرابوونی راستییەکان و ئەویدیکەشیان پیاوکوژ. لەهەردوو حاڵەتدا هەر میللەت بڕیاردەر و هەر میللەتیشە بەگژ ئەوانەدا دەچێتەوە کە بەقسە باق و بریقەدارەکانەوە میللەت لەخشتە دەبەن.

چونکە کوردەواری دەڵێ:" ئەوەی چاڵ بۆ خەڵکی هەڵبکەنێ، خۆی تێیدا دەکەوێ".

ماوەیەکە نەوشیروان مستەفا شەلم کوێرم ناپارێزم دەستی داوەتە ئاگرێک، خەریکە خەرمانی خۆیشی دەسووتێنێ!

سەرەتا قسەو رەخنەکانی ئاراستەی سەرۆک مام جەلال و لەپاشان بەزمی فایل و لە پاشان خۆپیشاندانەکانی "کۆیە، رانیە، چەمچەماڵ، کەلار، کفری، دەربەندیخان، پێنجوین. لە کۆتایی ٢٠٠٥-٢٠٠٦" کە خۆی ئەندازیاری بوو، لە پاشان مەکتەبی سیاسی و ئینجا گەیشتە هەڵبژاردنی مەڵبەندەکان و دواتریش لیستی جیاکردەوەو لەدواجاریش هێڵی سووری بەزاندو هاتەسەر بە قەولی خۆی نەوشیروان مستەفا "شێرە کوڕی قارەمان کۆسرەت رەسول" نەیزانی وەڵامەکەی ئەوەندە کەمەر شکێن و ئەوەندە بابەتیانە دوبێ، مرۆڤ لە ئاستی قسە بێ سەروبەرەکانی ئەو کابرایەو وەڵامی باوکی شەهیدان "پێشڕەو، ئاراس، رێباز". سەری سووڕ دەمینێ.

بۆیە ئەمڕۆ یا سبەی راستییەکان ئاشکرا دەبێ و ئینجا بەدیار دەکەوێ کێ "میرابۆو دانتۆن"ە، کێش کوڕی ئەو گەل و میللەتەیە، چاودێرانی سیاسیش دەڵێن کۆمپانیای وشە ئەمەیان کرد، ویستیان سەرەتا بیکەن بە بانگەشەی هەڵبژاردن، بەڵام گڕی لە خەرمانەی وشە بەرداو لە ئایندەیەکی نزیکیشدا هەموو ریفۆرمخوازەکانی نێو گردەکە دەگەڕێنەوە باوەشی گەرمی لانەی خەبات و تێکۆشانی چەندین ساڵەی خۆیان.

زۆربەی ئەوانەی دڵیان بۆ کوردایەتی لێدەداو لەخەمی کێشەی رەوای نەتەوەکەی خۆیانن، ئەگەر قسەیەک یا هەر شتێکی دیکەشی هەبووبێ، بۆ ئەوەی ناحەزانیان سوودی لێوەرنەگرن، هەولێریانە گوتەنی "وەکو ئەوە وایە بچێتە بنی گۆمێ" بەڵام دیارە بەپێی تەکنەلۆژیاو عەلمانییەتی عەیار ٢٤ "شەلم کوێرم ناپارێزم" لێرەو لەوێ قسان دەکرێ و کوردەواریش ئەوەندە خۆشباوەڕە، یەکسەر باوەڕ دەکات و پێیان وایە وەکو سەرکردەی فرەنسی "میرابۆ" هەرچی گوت و هەرچی بڵێ خەڵکی گوێی لێدەگرن و بەقسەی دەکەن. بۆیە لە پاش شۆڕشی فەرەنسی بەڵگەنامەکان ئاشکرا دەبێ کە "میرابۆ " چ بەڵایەکی بەسەر گەلی فەرەنسی هێناوە، تووشی چ دەردەسەرییەکی کردوون، پرسیارەو لە خەڵکی بەشەرەفی کوردستانی دەکەم، نەوشێروان مستەفا کەسێ نەما شەڕی پێنەفرۆشێ تا دواجار شانی کاک کۆسرەتیشی گرتەوە، بەڵام نەیزانی دەستی دەسووتێنێ و پەنجەکانی کە نووسینەکانی پێ نووسیوە دەشکێنێ، کۆمەڵانی گەلی کوردستانیش بەتۆ چەواشە ناکرێ و پێیان وایە خەڵک بۆ خۆتان کۆدەکەنەوەو دەیکەن بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، بۆیە دەڵێین ئەویشم چوو، ئەویشت چوو!

# کاک کۆسرەت زۆر لەوە گەورەترە تەشهیری پێ بکرێ

**حەیدەر مەنتک**

من لە ناخەوە زۆر دڵتەنگم وەک رۆژنامەنووسێکی گەنج لێرە و لەوێ بە تایبەت لە پێش هەڵبژاردنەکانی ٢٥/٧ی ئەمساڵ تا ئێستاش هەندێ فەریکە نووسەر و رۆژنامەنووس بۆ مەرامی شەخسی و نیەت خراپی هەندێ لایەن و گروپ و بزووتنەوەی تازە بابەت جا بۆ بەدەستهێنانی مادده بێت یان بۆ خۆدەرخستن بێت جار وایە بۆ شکانی کەسەکانە، زمانی زبر لەم هەرێمەی ئێمە بۆتە نەریتێکی نێگەتیڤ بۆ خۆدەرخستن و شکانی بەرامبەر بێ گەڕانەوە بۆ باکگراوندی کەسەکەو قابیلیەیتی ئاستی رۆشنبیری سیاسی و بە توانایی جا هەر کەسێک بێت، کارکردن لەسەرئەم ستایلە تاوانە، ئەم کارو پیشەیە لادانە لە مسداقیەتی رۆژنامەنووسی و ئیتکی رۆژنامەگەری ..جا ئەوەی دەمەوێ من تیشکی بخەمە سەر ئەوەیە چەند گۆڤارێک و رۆژنامەیەکی بە ناو ئازاد کە ئازاد و سەربەخۆ نین، بەڵکو کار بۆ چەند لایەن و گروپێکی دیاریکراو دەکەن بەناوی رۆژنامەی ئازاد بە بەرنامەی داڕێژراو کار لەسەر کەسەیایەتی و کاریزمایی سیاسی هەڤاڵ کاک (کۆسرەت ) دەکەن بۆ ناشیرن کردن و لەکەدارکردنی ژیانی سیاسی ئەم تێکۆشەرە، من نامەوێ لەم نووسینەم پیاهەڵدان و ئیبرازکردنی کاک کۆسرەت بخەمە روو، بەڵکو کارەسات لەوەیە ئەوەی ئێمە گوێبیستی دەبین لە سایت و گۆڤارە بەناو ئەهلییەکان لە دەستا و دەستی هەواڵ و گێڕانەوە لە رێگای دەماو دەمی ئەم و ئەو کەسایەتی کۆسرەت رەسول تێکبشکێنن یان بۆ پڕفرۆشتنی گۆڤار و رۆژنامەکانیان خوێنەر پەیدا بکەن و ژمارەیەکی وەهمی بخەنە سەر تیراژی گۆڤارەکانیان یان تەشهیرکردن لە پێناو بە دەست هێنانی چەند کورسییەک لە کاتی هەڵبژاردنەکان ببێتە وەسیلەیەک بۆ سەرکەوتن و شکانی بەرامبەرەکەت لە لایەکی تر ئەمە دوورە لە نەریتی پرۆسەی هەڵبژارن و بنەماکانی دیموکراسی، ئەگەر فلاش باکێک بە مێژووی (کۆسرەت رەسول ) دا بکەین لە ژیانی لاویەتی و خوێنکاریەتی ئەو کەسێکی سادە و رووخۆشی ناو هاوڕێیانی بووە، لایەنی دۆستایەتی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەوێ رۆژێی داهاتووی لەسەر بنیات نراوە، بۆیە لە هەر کارو بەرپرسیاریەتییەک لە ژیانی رێکخستنە خوێنکارییەکان سەرووی خۆی زۆر لێی مورتاح بوونە، هەر زوو متمانەی ئۆرگانەی سەروی خۆی، تەنانەت سەرکردایەتی بۆ لای خۆی کێش کردووە، لای هەموو لایەک روون و ئاشکرایە ئەوێ رۆژێ سەدامییەکان لەوپەڕی هێزو دەسەڵات دا بوون، نەک هەرێمی کوردستان بەڵکو رژێمی عێراق دوژمنکاری زۆرترین دەوڵەتی دراوسێی دەکرد ..ئا لەو کاتە ( باوکی شالاو) سەرپەرشتی رێکخستنەکانی ناو هەولێری دەکرد گەر ئێستا دەڵێن بۆ بەرژەوەندی و خۆ دەوڵەمەند کردنە خۆ ئەوکاتانە بۆ دەسەڵات و دابین کردنی ڤێللاو مۆنیکا سیاسەت و خەباتی نەدەکرد، ئەگەر بۆ رزگاری میللەت و بە دیهێنانی خەونە وەنەوشەییەکانی میللەتێکی خێر لە خۆ نەدیوی وەک کورد نەبوایە، خۆ دەیتوانی بێ دەنگی بنوێنێ و پاشایانە بژی، کە ئەو کات فەرمانبەر بوو، ژیانی ئیداری خۆی و منداڵەکانی بەرێوە ببات (کاک کۆسرەت) ژیانی خۆی منداڵەکانی بەلاوە ناوە بۆ ئەو خەونەی سەدان ساڵە کورد بۆی تێدەکۆشێ، خاڵێکی تر بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو بەناو رۆژنامەنووسانەی تازە قەلەمەکانیان بە دەستی ئەم و ئەو کەف و کۆڵ دەکات، پێیان دەڵێم لە کاتێک (باوکی شالاو) توانی لە رێگەی خۆیەوە بڕێک پارە لە قاسەی سایلۆی هەولێر دابین بکات، کە خۆی لە مەبلەغێکی زۆر دەدات بیگەیەنێتە شۆڕش و لە کار و چالاکی پێشمەرگانەی ئەو کات سەرفی بکەن بێ ئەوەی دینارێک لای خۆی گل بداتەوە . ئەوانەی ئێستا تەشهیر بە کاک (کۆسرەت) دا دەکەن یان مزدایەدە بە خەبات و پاکی خۆیانەوە دەکەن نەیان دەوێرا لە ماڵەکانی خۆشیان باسی پێشمەرگە بکەن . دواتر دەرچوونی کاک (کۆسرەت) بۆ شاخ مێژووییەکە پڕە لە سەروەری و سەرکەوتنی گەورە، بە رای من ئەگەر (باوکی شالاو)



کاک کۆسرەت و شەهید حەسەن کوێستانی

هاووڵاتییەکی هەر وڵات و هەرێمێکی تر بوایە ئێستا دەیان فەرمانگەو شوێنی تایبەتیان بەناو دەکرد جگە لە پەیکەری رێز لێنان، بەڵام ئێمە میللەتێکی داماوین، ئازاین بۆ یەکتر شکان و تەشهیرکردن بە یەکتر . ئازایی و لێهاتوویی خۆی بوو هەر زوو کرایە بەرپرسی مەڵبەندی (٣) ی هەولێری ئەوکات ناشاردرێتەوە لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەو دوژمن چەند زەربەی بەهێزی پێکەوتووە، کە دوژمن لەبەر کەمین و بۆسەکانی پێشمەرگە قارەکانەکانی سنووری دەشتی هەولێر بەسەرپەرشتی (کۆسرەت رەسول) چەند سەرکەوتنی گەورەی بە دەستهێناوە . بۆ ئازاد کردنی هەولێر و کەرکووک لە راپەڕین مێژوو شاهیدە جگە لە کاک (کۆسرەت) لە سەرکردەکانی کورد کێی تر لە پێشەوە ی سەنگەرەکانی هەڵمەت و بەرگری بووە، لە قۆناغی پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران و پۆستی سەرۆک وەزیران لەم ئان و ساتە ناسک و دژوارەدا لەم قۆناغە سەختە بێ ئیمکانیەتە رۆڵی زۆری هەبوو لە ئیدارەدان و دروستکردنەوەی هەیکەلی ئەنجومەنی وەزیران، خاڵێکی تر ئەوەی هیچ سەرکردەیەکی کورد نەی کردووەو پەی پێ نەبردووە کاک کۆسرەت پەی پێ بردووە بەخشینی مووچەکەی خۆی و دروستکردنی چەند پرۆژەیەکی خێرخوازی وەک دەست پێشخەری لە جەژنی رەمەزاندا، سەرجەم مووچەکەی خۆی بەخشییە سەر ژمارەیەک کەم ئەندامانی سەنگەر، کە بووە کارێکی ئیجابی و شایستە کە سەرکردەیەکی خاکی بتوانێ لە ئازارو مەینەتییەکانی کەم ئەندامان بگات و مووچەکەی خۆی بکاتە جەژنانە بۆیان، لە لایەکی تر ساڵی پار دیسان بەرێزیان لە کارێکی شایستە و خێرخوازی توانی لەسەر زەوییە کۆنەکەی خۆی، کە پێش (٣١ ئابی ساڵی ١٩٩٦) ماڵی خۆی تیا بوو لە هەولێر بەردی گەورەترین نەخۆشخانە بە ناوی ( پار) کە کورتکراوەی ناوی هەرسێ کورە شەهیدەکەیەتی کە بۆ نەخۆشییە قورسەکان ببێتە جێگای یان ماڵی نەخۆشانی کەس و کاری شەهید و زیندانی و پێشمەرگە دێرینەکان، بەم کارە خێرخوازییەش جارێکی تر دڵ و دەروونی دایکانی شەهیدی سارێژکرد. خەونێکی ئەم تێکۆشەرە بوو زیاتر خزمەتگوزرای بۆ وارسی شەهیدانی سەنگەر دیسان هەر کاک کۆسرەت بوو توانی لە رێگەی پەیوەندییە فراوان و تایبەتیەکانییەوە هاوکاری لە سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدرال بەرێز (مالیکی) وەربگرێت و بیکاتە پرۆژەیەک بۆ کەس و کاری شەهیدانی سەربەرز لەسەر رێگەی (کەرکووک – هەولێر) نزیک بازگەی گردە رەشە، کە خۆی لە (٨٠٠) خانوو دەبینێتەوە (٢٠٠) دووسەد خانووی تەواو کراوو دابەش کرا بەسەر کەسوکاری شەهیدان...ئەگەر ئاوڕێک لە لایەنی هاوکاری ئەم بەرێزە بدەینەوە بۆ پێگەیاندن و ئاستی زانستی کوڕو کچانی شەهید و فەرماندە و تێکۆشەرانی دابراو لە خوێندن بکەین دەبینین (باوکی شالاو) لە رێگەی رێکخراوی (رێباز فاوندەیشن)سەدان خوێندکار لەسەر بودجەی ئەم رێکخراوە خێرخوازییە دەخوێنن، کە بۆ چوار ساڵی خوێندن بڕی پارەی هەر خوێندکارێک زیاتر لە دەفتەرێک دۆلارە . بۆ لایەنی کۆمەڵایەتیش کەسایەتییەکی دیار و لێهاتووی هەرێمی کوردستانە، بگرە عێراقیش نەک لەسەر ئاستی شارێک، بەڵکو ئەم کاریزمایە روو لە هەر شارێک بکات بێ بەرنامە و ئاگادارکردنەوەی دەسەڵات و فەرمانگەو رێکخراوەکان خەڵک لە هەموو ئاستەکان لەپێشوازیدا دەبن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سادەیی و خاکی بوون و تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵک و ئەو رێزەی لەسەرجەم چین و توێژەکان دەگرێت بۆتە ناوو ناوبانگێکی زۆر، بەڵگەش بۆمان دەرکەوت چ لەپرسەی رێبازی کوڕی، کە ئەو هەموو هاووڵاتی و کەسایەتییە بەناوبانگەکانی جیهان بە فاکس و ئیمەیل و بەشداری کردن لە پرسەکەی لە شاری سلێمانی، لە لایەکی تر لە کاتی سەرکەوتنی نەشتەرگەرییەکەی لە ئەمەریکا بە هەزاران سەر ئاژەڵی گەورەو بچووک خەڵکی هەرێمی کوردستان کردیانە قوربانی، کاک کۆسرەت کەس بێ ئومێد ناکات ؟ دیارە زۆر جار لێرە و لەوێ گوێبیستی ئەوە بووینە جا دایکە شەهیدە، زیندانییە، خوێندکارە، لێ قەوماوە، نان دەری پێشمەرگەیە، گەیشتبێتە لای ئەوپەڕی رێزی لێ گرتووەو بە جوانترین شێوە میوانداری کردووە، خۆ زۆر جاریش کارەکە لە توانا و دەسەڵاتی ئەویش نەبووە، بەڵام شێوەو پێشوازییەکی ئەوەندە بەرێز بووە، هاووڵاتییەکە پێی وابووە کارەکەی بۆ کراوە . سەرکردەیەک بارتەقای تەمەنی خۆی لەناو شۆڕش و کوردایەتیدا بێت بێ گوێدانە ژیانێکی رەفاهی دوور لە منداڵەکانی و خزم و کەسوکاری، بەشداری و سەرپەرشتی زۆربەی داستانەکانی کوردستانی کردبێت، چەندین جار بریندار ببێت و شەهیدی زیندوو بێت، خاوەنی سێ کوڕی شەهید بێت لە جیاتی رێزلێنان و پەیکەری زێرینی بۆ بتاشرێ خەڵکانێک بۆ مەرامی شەخسی و گەیشتن بە دەسەڵات تەشهیری پێ بکەن، ئەمە دوورە لە دابو نەریتی شۆڕشگێڕانەو کاری سیاسیانە. لە کۆتایی ئەم چەند وشەی سەرەوە دەڵێم کاک کۆسرەت بەتەزکیەو خاترانە نەبۆتە ئەو کاک کۆسرەتە و تەنانەت بۆ ساتێکیش لە خەبات وتێکۆشان دانەبڕاوە و لە ئەوروپا دانەنیشتووە، تاکە بەرپرسە پێشنیاری دەست لەکار کێشانەوەی کردووە بۆ مەکتەبی سیاسی، ئەوانەی لەسەروی (٥٠) ساڵییەوەن وازبهێنن بۆ هاتنە پێشەوەی خوێنی تازەو گەنجان و لاوان بۆ ناو رێکخستنەکان .

# رۆژنامەو گۆڤارەکان لە بەرانبەر مێژوو بەرپرسیارن

**کازم عومەر دەباغ**

ئاشکرایە کاری رۆژنامەگەری کارێکی زۆر پیرۆزە بۆیە پێویستە بەو پەڕی هەستکردن بە لێپرسراویەتی رۆژنامە نووسەکان قەلەمەکانیان بەکاربهێنن بەمەبەستی خزمەتکردن و پاراستنی یەکڕیزی میللەتەکەمان دوور لەنانەوەی پشێوی و دروستکردنی بێ متمانەیی لە نێوان حکومەت و جەماوەر یا بەنزین کردنە سەر ئاگر بەمەبەستی تانە لە یەکتر گرتن .

چەند مانگێکە بزوتنەوەی (گۆڕان) لە دایک بووی (ی . ن . ک) لەسەر گۆرەپانی سیاسی کوردستان سەری هەڵدا . سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی ئەوها لە وڵاتێکی دیموکراسی شتێکی زۆر ئاساییەو هەموو رۆشنبیرێکی ئەم میللەتە لەگەڵ رەوتی (گۆڕانکاری) یە بەرەو چاکسازی و پاکسازی و لە ڕەگ و ریشەی هەڵقەندنی گەندەڵی ئەم بیرۆکەیە لەلایەن بەرێز (مام جەلال تاڵەبانی) سەرۆکی کۆماری عێراقی فیدرال هاتە ئاراوە پێش ئەوەی ئەم بزوتنەوەیە سەر هەڵبدا بەرێز مام جەلال تاڵەبانی کاتێک ئەم پرۆژەیەی خستە بەردەم حکومەت و حزب بە سیاسییەکانی کوردستان داوای جێبەجێکردنی لێکردن .

ناکرێت دەست پێشخەرییەکانی ئەم سەرکردە لێهاتووە لەبەر چاو نەگیرێت . هیچ تاکێکی دڵسۆزی ئەم میللەتە پشتگیری لە بزوتنەوەیەک ناکات مەرام و ئامانجی پچرانی شیرازەی یەکڕیزی میللەت بێت گۆڕانکاری بەیەکڕیزی و تەبایی و یەکیەتی خەڵکی کوردستان دەکرێت .

بڵاو کردنەوەی هەواڵی نادروست ئاشکراکردنی نهێنییەکانی حزب و هەڵبەستنی بوختان و قسەی بێ سەروپا و ئاراستە کردنی رەخنەی رووخێنەر و سووکایەتی کردن بە بواری نیشتمانپەروەری سەرکردە ماندوو نەناسەکانمان و بڵاو کردنەوەیان لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارەکان وەک بڵا و کردنەوەی ئەو وتارەی کە لەسەر لاپەرەکانی لڤین بڵاو کرایەوە کە دەڵێت (کاک نەوشیروان گڕ لە پەیوەندییەکانی خۆی و کاک کۆسرەت بەردەدات ) بڵاو کردنەوەی ئەم جۆرە وتارانە لەم هەڵ و مەرجە ناسکە خزمەت بە کێشەی کورد ناکات بەڵکو بە پێچەوانەوە کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات و دڵە راوکێش دروست دەکات لەناو دڵ و دەروونی جەماوەر دوژمنانیش شاد دەکات و ئەم جۆرە وتارو هەوڵانەش بۆ مەرامی گڵاوی خۆیان دەقۆزنەوە .

ئەمرۆ لە هەموو کاتێک زیاتر کورد پێوستی بەیەکڕیزی و رێکخستنەوەی ناو ماڵی خۆی هەیە چونکە میللەتەکەمان لەبەردەم چەندین کێشەی چارەنووس سازی وەک ماددەی (١٤٠) و ناوچە دابڕاوەکانی هەرێم و بودجەو یاسای هەڵبژاردن و سەرژمێری و پێشمەرگەدایە کە یەکلایی نەکراونەتەوە لە بڕی خۆ خەریککردن بەم کێشە لابەلایانە پێویستە بەرژەوەندی گشتی بخەینە سەرووی هەمووویست و بەرژەوەندییە تایبەتیەکان هەڵبەستن و خستنە رووی کەم و کوری هەر سەرکردەیەکی ئەم میللەتە تفی سەر بەرەوژوورە بە رووی خۆیان دەکەوێتەوە مەسەلە رەوا کەشمان لە نێو کۆڕو کۆبوونەوەکان بە ئاقارێکی خراپ دەروات و ریسەکانمان لێدەبێتەوە خوری ئەوکات پەشیمانی دادمان نادات مێژووی رابردوووش شاهیدی راستی یەکانە .

بۆیە دەبێت بەخۆمان دابچینەوە و ژیرانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکە بکەین بۆ ئاسودەکردنی گیانی پاکی شەهیدە سەر بەرزەکانمان و چەکەرەکردنی ئۆقرەیی لەناو دڵ و دەروونی جەماوەری کوردستان و مسۆگەر کردنی سەرکەوتنی یەکجاری .

## ڕۆژەڤ



**عەبدولغەنی عەلی یەحیا**

**مووشەکی کەرتی تایبەت!!**

دوو هاووڵاتیی نیوزلەندی مووشەکێکی "٦" مەتریان دروستکردو هەڵیاندایە ئاسمان، جێی سەرسوڕمانە کەسانێک یان تاکە کەسێک کاری ئاوا ئەنجام بدات، چونکی هەموو داهێنانێک بۆ کەس و تاک دەگەڕێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا دەوڵەتی ئەوتۆ هەن ناتوانن بچووکترینیان ساکارترین ئامێر دروست بکەن.

**فەرەنسا لە نێوان "٢"کاری رەگەز پەرستیدا..**

وەزیری دەرەوەی فەرەنسا نارەزایی وڵاتەکەی دەرهەق قەدەغەکردنی "منارە" لە "سویسرا" پێشانداو بە کارێکی دژ بە سەربەستی و لێبووردەیی دانا، لە کاتێکدا خودی "فەرەنسا" هاوکات لەگەڵ بڕیارەکەی "سویسرا" سەرقاڵی دانانی پێناسەیێکی رەگەزپەرستییە، کە هاووڵاتیانی غەیرە فەرەنسی، بە توخم پەرستیان داناو نارەزاییان دەرهەقی دەربڕی!!

**بەبۆنەی سەربەخۆیی ئاهەنگ دەگێڕێ.**

و گەلیش لە ئاهەنگێڕان قەدەغە دەکات!!

لە مانگی رابردوو حکومەتی "یەمەن" ئاهەنگی بە بۆنەی سەربەخۆیی یەمەنی باشوور لە بەریتانیا گێڕا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا رێگای بە یەمەنییەکانی باشوور نەدا، ئاهەنگ بە هەمان بۆنە بگێڕن! سەیرە.

**دیبلۆماسییەت و فایلی ئەتۆمی ئێران.**

لە دوا لێدوانیدا "لاریجانی" سەرۆکی پەرلەمانی ئێران وتی: دەکرێ تەنگژەی فایلی ئەتۆمی ئێران بە دیبلۆماسییەت چارەسەر بکرێت، ئەرێ تاکەی بڕوا بەم جۆرە قسانە بکرێت، ئەوا بۆ چەند ساڵێک دەچێت، دیبلۆماسییەت بۆی نەکراوە کێشەکە چارەسەر بکات و هەردەم شکستی هێناوە، تۆ بڵێی شێوازێک مابێت بۆ چارەسەرکردنی بەکار نەهێندرابێت؟

**ئەوە چ بوو ئەو سەبرە قەت تەواو نەبوو؟**

پێش چەند رۆژێک بەرپرسێکی ئەمریکی وتی: خەریکە وڵاتەکەی چیتر سەبری بەرامبەر بە ئێران نەمێنێ، بەڵام وەک پێدەچێت ئەو سەبرە بێ سنووربێ، چونکی ئەوا بۆ چەند ساڵێک دەچێت ئەمریکا تەحەمول و بەرگەیەکی سنووردار دەخاتە روو، لەگەڵ ئەوەشدا بەرگەکەی بێ سنوور دەمێنێتەوە!!

**حکومەتی "یەمەن" و "٢" ئاگر!**

لەو کاتەی شەڕی "حوسییەکان" لە باکووری "یەمەن" بەردەوامە، ئەوەتا لە باشووریشیدا، جوداخوازەکان لە پێناو سەربەخۆیی وڵاتەکەیان کەوتوونەتە جموجۆڵ، حکومەتەکەشی نازانێ روو لە کامەیان بکات. بەهەر حاڵ ئەگەر حکومەتی ناوبراو لەسەر کەللەرەقییەکەی بمێنێتەوە بە یەکێ لە هەردوو ئاگرەکە یان بەهەر دووکیان دەسووتێت!

**روسیا لە نێوان کۆسۆڤۆی ئیسلامی و روسیای ئیسلامی دوای "٥٠" ساڵ!!**

روسیا هەردەم بە توندی دژ بە سەربەخۆیی موسڵمانەکانی کۆسۆڤۆ وەستاوەو قبوولی ناکات دەوڵەتێکی ئیسلامی لە ئەوروپادا هەبێت، لە کاتێکدا بەپێی ئامارێکی ئیسلامی لە ئەوروپا موسڵمانان لە روسیا لە زیادبووندایەو لە ساڵی ٢٠٦٠ ئایینی ئیسلامی لەم وڵاتە زاڵ دەبێت و موسڵمانانیش زۆرینەی دانیشتوانی پێکدێنن!!

**نوجێفی و تەوافوق کوجا مەرحەبا؟!!**

بە گوێرەی b.b.c.tv ئوسامە نوجێفی دەستکاریکردن لە یاسای هەڵبژاردنەکانی بە کارێکی نسکۆو ترسناک داناو هەروەها بە دژایەتیکردنی تەوافوقی سیاسیش. جێی وەبیر هێنانەوە، لە دوای بێ بەشکردنی لیستی برایەتی نەینەوا لە پایەی سیادی لە ئەنجومەنی پارێزگاری نەینەوا نوجێفی یەکەم کەس بوو کارنەکردنی بە "تەوافوق" راگەیاندو وتی: "بێ کەڵکەو شکستی هێنا"!!

**مەتران "لویس ساکۆ"ش بایداوە!!**

دوا لێدوانەکانی مەتران "لویس ساکۆ" مەترانی کەرکووک دەربارەی رەوشی نالەباری مەسیحییەکانی عێراق، ناوبراو ئامۆژگاریی مەسیحییەکانی عێراقی کرد کۆچ بۆ هاندەران نەکەن و وڵاتەکەیان چۆڵ نەکەن، هەروەها وتی: واچاکە روو لە کوردستان بکەن، چونکی رێزیان لێدەگیرێ و باوەشیان بۆ کراوەتەوە. سوپاس بۆ ئەم هەڵوێستەی، بەڵام هەر ئەو بوو ناوە ناوە جاڕی بۆ ئەوە دەداو بەباشی دەزانی مەسیحییەکان روو لە بەغدا بکەن. جێی خۆشحاڵییە "کۆتای" مەسیحییەکانیش لە پارێزگای "نەینەوا" بایکۆتی لە ئەنجومەنی پارێزگاکە کرد.

**موسڵ یان سێیەمین پایتەختی عێراق؟!**

تاریقولهاشمی بەڵێنی بە موسڵ دا "٣١" کورسییەکەی پێش دەستکاری کردن لە یاسای هەڵبژاردنەکان بۆی بمێنێتەوە، پارێزگای موسڵیش "ئەسیل نوجێفی" وتی: ئەگەر کورسییەکان وەکو خۆیان نەمێننەوە، ئەوا بایکۆتی هەڵبژاردنەکان دەکەین. خوێنەری بەرێز تا ئێستا هەر ناوی "٢" پایتەخت "بەغدا"و "هەولێر" لە ناوەندەکانی سیاسی و راگەیاندنی دێت، بەڵام وەک پێدەچێت، موسڵ پاڵێوراوە ببێت بە پایتەختی سێیەم لە عێراق.

# هیچ پارت و کەسایەتییەکی کورد لەماف و بەرژەوەندییەکانی کورد گەورەتر نییە



پارێزەر: کەمال محێدین

نامەوێ خوێنەرانی هەفتەنامەی بەدرخانی خۆشەویست و هەوادارانی چارەنووسی گەلی کورد ماندوو بکەم بەگەڕانەوەم بۆ مێژووی نزیکی جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیاو چۆنییەتی دروستبوونی پارتی کرێکارانی کوردستانی لە تورکیا بەسەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆک عەبدوڵڵا ئۆجەلان و بەرهەم هێنان و ئامادەکردنی ئەو هێزە گەورەو خوێن گەرم و نەبەزو نەترسەی، کە پێک هاتووە لە هەزارەها گەریلاو پێشمەرگەو وڵاتپارێز لە ژن و پیاو، لە کچ و کوڕ، کە لەسەرانسەری جیهان بەم رێژەیە ئافرەت لە رێزەکانی هێزی چەکداری نەتەوەکەی خۆی، بە شداری نەکردووە ئەمەش یەکێکە لە دەستکەوتە هەرە گەورەو فراوانەکانی خەباتی کوردایەتی بە بەشداریکردنی ئافرەت لە پلە هەستدارو بەرزەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری بەبێ فرت و فێڵ و ریایی یا بۆ پڕوپاگەندەیی هەڵبژاردن و دەستکەوتی پایەو پلەی بەرز و کورسی.

ئەمەش تەنانەت پاش دروستبوونی پەکەکە هاتە کایەوە، کە لە ١٩٧٨/١١/٢٧ لە گوندی هیلوان "hilwan" لە کوردستانی تورکیا لە لایەن چەند لاوێکی کوردپەروەرەوە دروست کرا.

ئەم پارتە سیاسییە کوردپەروەرە تا ئێستا لە پێناو پاراستنی گەلی کوردو ناسنامەکەی و بەدەست هێنانی تەواوی مافەکانی کۆڵی نەداوەو لە خەبات و فیداکاری بەردەوامە بەرامبەر گەورەترین و دڕندەترین هێزی چەکداری تورکیا بەسەربازو جاشەوە، کە بەتازەترین چەکی پەیمانی ناتۆ پڕ چەککراون و بە ملیارەها دۆلاریان تەرخان کردووە بۆ لە ناوبردنی پارتی کرێکارانی کوردستان و سەرۆکەکەی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان و خەفەکردنی کێشەی کورد بە ئاگر پارتی کرێکارانی کوردستان وەک هەموو پارت و رێکخراوێکی سیاسی بە چەند قۆناغێکی خەباتکردندا تێپەڕیوەو بەپێی کات و شوێن و توانای خۆی وردە وردە دروشم و هەڵوێستەکانی خۆی گونجاندووە لەگەڵ ئەو ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی تیا ژیاوە هەروەها لە پەرەپێدانی دۆستایەتی و زیاتر گۆڕینەوەی بیروباوەڕ و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی پارتە سیاسییەکانی کوردستان و دەوروبەرو هەندەران بەردەوام بووە، زۆر جاریش تووشی داکشان و شکست هاتووە بەهۆی پیلانبازی دوژمن و نەیارەکانی لە دەرەوەو ناوەوەی حزبەکەشی، سەرەنجام سەربڵندانە هەڵساوەتەوە، بەڵام بەڕێز ئۆجەلان لە خۆشباوەڕی و راستی خۆی کەوتە ناو پیلانە هەمە لایەنە ئەوروپی و ئەسیوبی ئەفریقییەکەی، کە دواجار خستیانە ناو چاڵی مەرگ لە ئیمڕالی، کە ١١ساڵی رەبەقە بەبەندی ماوەتەوە تا ئێستا، هەر بۆیە دەبێ کورد دەرس وەربگرێت و پشت نەبەستیت بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەهەر پاساوێک یا دەستکەوتێکی بچووک و کاتی، بەڵگەش بۆ ئەم راستییە روخاندنی کۆمارە ساواکەی مهابادو بەیانە شوومەکەی جەزائیرو زیندانەکەی ئیمرالییە.

لە مێژووی خەباتی نیشتیمانی و نەتەوایەتی هەموو گەل و نەتەوەیەک هەڵکشان و داکشان بەرچاو دەکەوێت، رێژەکەشی زۆر یان کەم هەمیشە لەگەڵ زیرەکی و ئازایی و شارەزایی و خوێندەواری و پاکی سەرکردەکانیان نزیک و گونجاو دەبیت، فەلەستینییەکان ماوەی ٦٢ ساڵە خەبات دەکەن لە پێناو مافەکانیان، بەڵام رۆژ بەرۆژ خوێن رژان وماڵوێرانی و دەربەدەریان زیاد دەبێت هەروەها لە باشووری ئەفریقا، کە سەرۆکەکەیان بەڕێز ماندێلا پاش ٢٠ بیست ساڵ لە زیندان هاتە دەرەوەو وڵاتەکەی ئازاد بوو هەروەها بەربەرەکانی باشووری ئەفریقاو فیتنام و قیبتییەکانی میسر هەروەهاش خەباتی گەلی کورد کە ماوەی ٨٠تا ١٠٠ ساڵە لە خەباتی خوێناوی بەردەوامە و تازە تروسکەیی سەرکەوتن و هەندێ لە دەستکەوتەکانی بە دەست هێناوە، ئەم دواکەوتن و داشکانانە گشتی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی "بیروباوەڕی راست و و دووربینی و دڵسۆزی و دەست و دەم و لەش پاکی و یەکیەتی لەناو رێزەکانی کۆمەڵگاو، بە تایبەتیش لەناو سەرکردەکان".

بۆ سەرکەوتنی هەر جولانەوەیەکی سیاسی دەبێ لە پێشەوە سیماو دەنگ و رەنگی بەرامبەر دەست نیشان بکەین بە وردی ئاوات و داخوازییەکانی بخەینە تەرازوی بێلایەن لەگەڵ ئاوات و داخوازییەکانی خۆمان، بۆ ئەوەی بەقسەی چەورو نەرم و بەڵێنی شیرین و بەتام فریو نەدرێن، هەر وەک چەند جار ئەوەمان بەسەر هاتووە.

زۆرجار پێکدادان و شەڕی نا بەرامبەرو دەستێوەردانی دەرەکی و خەیانەتکاری ناو خۆشمان بووە بەهۆی هەندێ لە شکستەکانمان، دەبێ دەرسیان لێوەر بگرین.

بەڵێ لەپاشی دروستبوونی حکومەتی تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣و دانانی دەستووری کۆماری تورکیا و تاکڕەوی و توندڕەوی مستەفا کەمال، چەسپانی دروشمی "یەک نیشتیمان و یەک ئاڵاو یەک زوبان" لە دەستوورەکە بووە مایەی نیگەرانی هەموو نەتەوەکانی وەک کوردو عەرەب و ئەرمەن و شرکس و ئەلبان یۆنان و بلغار، لەم ناوە بەشێوەیەکی زۆر زەق و توندو دیار دژایەتی کوردیان کردو ناویان نان بە تورکی شاخاوی، هەرچەندە لە کاتی دەسەڵاتداری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەرەتای دەسەڵاتی مستەفا کەمال کورد ناسنامەو پێگەی تایبەتی خۆی هەبوو، لە پاشان هەمووی رەشکرایەوەو نەتەوایەتی تورک باڵی بەسەر هەموو نەتەوەکاندا کێشاو بە ئاگرو ئاسن هەتا ئێستاش رەفتاریان لەگەڵی کردووە.

ماوەی ٣١ ساڵی رەبەقە پارتی کرێکارانی کوردستان و رێکخراوە جۆراو جۆرەکانی کوردی خەباتی چەکدارانەی خوێناوییان بەسەردا سەپێندراوە لە پێناو پاراستنی گەل و نیشتیمانەکەیان لە کوردستانی تورکیاو بۆ چەسپانی ناسنامەی کوردی و مافە رەواکانیان، بەڵام کاربەدەستانی یەک لە دوای یەکی تورکیا هەمیشە بەردەوام بوونە بۆ قڕکردنی کوردو کاول کردن و سوتاندنی شارو شارۆچکەو دێهاتەکانی کوردستان، کوردیش لە بچووکترین مافی مرۆڤ و هاووڵاتی بێ بەشکراوەو، دژی وشەی کوردو کوردستانن، ئەگەر لە ئەفریقیای باشوورو سیبریاشەوە کۆمەڵەیەک یا گۆڤارێک بە کوردی دەربچێت ئەوا هەر زوو بەزوو هێزەکانی ئەمن و موخابەرات و جاسوسیەتی تورک دەگەنە سەریان و تێکیان دەشکێنن و ئامادەش نەبوونە بۆ هیچ کرانەوەو بیرکردنەوەیەک بۆ چارەکردنی کێشەی کورد بە ئاشتی، چونکە لەگەڵ بیروباوەڕە شوڤێنی تەسک و توندڕەوی و بەرژەوەندی ئابووری و کەسایەتیان رێک ناکەوێت، کە تەنها لەشەڕ دەستیان دەکەوێت، ئەمەش رۆژبەرۆژ تورکیا بەرەو برسیەتی و نەهامەتی دەبات، بەڵام لەم دواییانەدا لەسایەی خەباتی توندوتیژی هەمیشەیی و سیاسی و چەکدارانەی گەلی کورد بە رابەرایەتی pkk و پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی و سەرکردە دڵسۆزو بە جەرگەکانیان و هەوڵ و تەقەللا بەردەوام و دڵسۆزانەکەی بەڕێز جەنابی مام جەلال سەرۆکی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان لەسەردەمی دەسەڵاتی تورگوت ئۆزالی خوالێخۆش بووەوە تا ئێستا بۆ نزیک کردنەوەی دەسەڵاتدارانی تورکیا لەسەرکردەکانی جولاندنەوەی کورد لە تورکیا لەسەرووی هەموویانەوە بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان چڕکردنی هەوڵەکانی لەگەڵ خوالێخۆشبوو بلند ئەجەوید و بەڕێز نەجمەدین ئەربەکان و لەم دواییانەش لەگەڵ بەڕێزان عەبدوڵڵا گوڵ و رەجەب تەیب ئەردۆغان و بەهۆش هاتنەوەی پارتی دادو گەشە پێدان لەبەرامبەر مەترسییە گەورەکانی پەرەپێدانی شەڕو هێشتنەوەی کێشەی کورد بەبێ چارەکردن، کە دەبێتە هۆی لەدەستدانی دەسەڵاتیان لە تورکیا و تووشبوونی وڵاتەکەیان بەقەیرانێکی کوشندەو ماڵوێرانکردن و برسیەتی و هەژاری کۆمەڵانی خەڵکی تورکیا بە تورک و هەموو نەتەوەکانی دیکەیان.

هەر بۆیە حکومەتی تورکیا بە رابەرایەتی پارتی دادو گەشەپێدان گەیشتە ئەو باوەڕەی، کە دەبێ بە زووترین کات بیر لە چارەکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد بکەنەوە، چونکە بۆیان دەرکەوت لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوو بە درێژایی تەمەنی حکومەتەکانی یەک لەدوای یەکی تورکیا نەیانتوانی pkk لەناوبەرن و جولانەوەی کوردیش خەفەبکەن، هەر بۆیە سەرۆک کۆماری تورکیاو سەرۆک وەزیرانی لە سەرەتای ساڵی رابردووەوە دەستیان کرد بە بانگەشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەرێگای ئاشتیانە، دواجار کێشەکەیان گەیاندە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانی تورکیا، بە ئاشکرا لە رۆژی ٢٠٠٩/١١/١٣ بەیانی رۆژی هەینی لەم کۆبوونەوە زۆر گرنگ و مێژووییە بەڕێز ئەردۆگان وەک پارێزەر بۆ کێشەی کورد بە بۆچوونی مام ناوەندی و توانای خۆی کەوتە داکۆکی لە کێشەکەو هێرش بردنە سەر نەیارەکانی، کە بریتی بوون لە پارتی گەلی کۆماری و پارتی نەژادپەرستی و تورکیا، لە وتارەکەی پێشوومان بە درێژی باسی هەڵوێست و قسەکانی بەڕێز ئەردۆغان لە هەفتەنامەی بەدرخانی خۆشەویست ژمارە ١٢٩ی رۆژی ٢٠٠٩/١١/٢٢کرد، بۆیە بە پێویستی نازانم دووبارەی بکەمەوە، دوێنێش واتە ٢٠٠٩/١٢/٣ سەرۆک کۆماری تورکیا وتی هەنگاوی گەورە لە رێگایە بۆ چارەکردنی کێشەی کورد، لە هەمان رۆژ بەڕێز رەجەب تەیب ئەردۆغان وتی جێبەجێکردنی مافەکانی کوردنابێتە پارچە پارچەکردنی تورکیا، بەڵکو دەبێتە بە هێزکردنی تورکیا، هەرچەندە ئەم هەڵوێست و قسانە هەموویان لەخانەی بەڵێن و دڵنیاکردنەوەی کوردەو هیچی نەکەوتۆتە ناو دەستوورو جێبەجێ کردنەوە، بەڵام دەرگایەکی گەلێک فراوان و رێگا خۆشکەرە بۆ کێشەی کورد لە کوردستانی تورکیا، خۆ لە ئاستی ئەم هەڵوێست و قسە گرنگانە دەبێ هەڵوێستی بەرامبەریش هەبێت، دیارە چەپڵەش بە دەستێک لێنادرێت، هەرچەندە هەندێک لە لێپرسراوانی پەکەکەو بەڕێز جەنابی ئەحمەد تورک لەسەرەتای قسەکانی بەڕێز ئەردۆگان هەڵوێستەکەیان بەباش لە قەڵەم داو چەند گروپێکی ئاشتیان ناردەوە تورکیا، بەڵام بەداخەوە لەم رۆژانەدا لە جیاتی زیاتر پێشوازی بکەن لە هەڵوێستەکەی پارتی دادو گەشەپێدان و ئامادەیی خۆیان نیشان بدەن بۆ هاوکاری گونجاو لەگەڵ هەڵوێستەکەی تورکیا دیسان دەڵێم بەداخەوە بە پێچەوانەوە هەندێ لە دەسەڵاتدارانی پەکەکەو بەڕێز ئەحمەد تورکیش کەوتنە گلەیی و گازاندەی خراپ و پارتی دادو گەشەپێدان و پرۆسەکەیان بە پیلان و دژایەتی کوردو لەناو بردنی pkk لەقەڵەم دا، کە گوایا ئەوە پیلانی ئەمریکاو تورکیا و عێراقە بۆ لەناوبردنی جولانەوەی ئازادیخوازانەی راستەقینەی کوردی تورکیا بەهاوکاری لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لەمێژە رێزەکانی پەکەکەیان بەجێهێشتووە.

پێش ئەم پرۆژەیەی بەڕێز ئەردۆگان ئەگەر کاربەدەستێکی بچووکی تورکیا ناوی کوردو کوردستانیان بهێنابایە بەجاسوس و خیانەت تاوانبار دەکراو لە سێدارەیان دەدا، بەڵام سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیران باسی کوردو داکۆکی لە هەندێ مافەکانی دەکەن، لەم رێگایەشدا زۆر مەترسی دێتە رێگایان، دەبا برادەران و دڵسۆزانی کورد ئەم دۆستانە لە دەست نەدەین، بەڵکو هەوڵدەین زیادیان بکەن یا بە فرتوفێڵ و هاندانی نەزان و دوژمن و نەیارانمان خول لە دوی خۆمان نەکەین، مەرج نییە کوردەکانی تورکیا بتوانن هەموو داخوازییەکانیان لەم کاتو ساتە ناسکە بێ بەرامبەرە بە دەست بهێنن، چونکە توانای قەبوول کردنیان نییە لەلایەن پارتی دادو گەشەپێدان لەبەر زۆریی و بەهێزو توندڕەوی دوژمنەکانیان، بەتایبەتی لەبابەتی کێشەی کورد.

ئەگەر ئێستا حکومەتی تورکیاو سەرۆک وەزیران نەیانەوێ لەگەڵ pkk و بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان دانوستان بکەن جا ئەوە لە ترسان بێت یان لەبێ باوەڕی خۆیان بە پەکەکە بێت، رەنگە لەماوەیەکی نزیکدا ئەو مەترسی و بێ باوەڕییە نەمێنێت، ئەمەش تەنها بە هەڵوێستی نەرم و زانستیانە و وردبینی لایەنی کورد لە تورکیا دێتە دی، لەهەموو دنیا روون و ئاشکرایە، کە هەموو پارت و لایەنێکی سیاسی و سەرکردەکانیشیان ئامرازو رێگا نە بە گەیشتن بە ئامانجە دوورو نزیکەکانیان نەک خودی پارت و سەرکردەکان ئامانج بن.

واتە لەم قۆناغە ناسک و بێ وێنەیەدا باسەر لە خۆمان نەشێوێنین هەر ئەوەندە لە بەرامبەرەکەمان داوا بکەین، کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەیە، نەک بە سەریا بشکێتەوەو خۆشی لەناو بچێت و پرۆژەکەش تەفرتونا بێت.

دانوستان لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان یا ئازادکردنی لە توانای هیچ حکومەتێکی ئەو سەردەمەی تورکیا نییە هەروەها کۆنفیدرالیەت و مافی چارەنووس، بۆیە دەبێ ئێمە تواناکانی خۆمان و حکومەتی تورکیا بزانین و پێکەوە هاوکار بین تا بەهێزتریان بکەین، ئەگینا دوژمنەکانمان زەفەرمان پێدەبەن و دۆستەکانمان لەناو دەبەن.

ئێمەی پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسی لەکاتی ناخۆشیمان لەگەڵ خوالێخۆشبوو جەنابی مەلا مستەفا لە ساڵی ١٩٦٨ زۆر لەگەڵ بەعسییەکان دۆستایەتیمان هەبوو، کە هاتنە سەر حوکم پێمان وتن پێویستە ئێوە کاری باش بکەن بۆ کورد تا گەلی کورد باوەڕتان پێبکات و مەرج نییە کارە باشەکان لە رێگای ئێمەوە بێت یا لایەنێکی تر، هەر کاتێک کاری باشتان کردو دانتان بە مافە رەواکانی کورد هێنا پاسپورتمان بدەنێ و دەڕۆین بۆ هەندەران، دوور لە کورسی و پایەو پوول.

دیسان پاش رێککەوتنی بەیانی ١١/ ئازار کە بە دژی ئێمەوە وەستایەوە وەک لایەنێکی سیاسی کورد، بەڵام لە رۆژی ١٩٧١/٣/١٣ سەرکردایەتی حزبمان کۆبووینەوە لە کەرکووک لە ماڵی بەڕێز کاک عەباس حوسێنی تێکۆشەر، کە ئەندامی لێژنەی مەرکەزی و لێپرسراوی لقی کەرکووکمان بوو، لەم کۆبوونەوەیە پاش هەڵسەنگاندنی ناوەرۆکی بەیانەکەو بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو گەلی کورد بە بەیاننامەیەکی روون و ئاشکرا پشگیری بەیانی ١١ی ئازارمان کردو ئومێدی سەرکەوتنمان بۆ خواست، هەرچەندە دەمانزانی لایەنەکانی ئەم رێککەوتنە متمانەیان بەیەک نییەو لەدوارۆژدا سەرناگرێت، لەگەڵ ئەوەش پێداگری و رێگای شەڕمان نەگرتە بەرو لەگەڵ بەڕێز جەنابی مەلا مستەفا رێککەوتینەوە، ئەمەیە هەڵوێستی جوامێرانەو دوور لە خۆپەرستی یا تاکپەرستی و یا پارت پەرستی، بۆیە بەلای ئێمەوە نابێ هیچ تاکێک یا پارتێکی سیاسی یا دینی لە کوردستان ببێتە کۆسپ لە رێگای پرۆژەیەکی سیاسی گەورە، کە زۆر گرنگە و لەبەرژەوەندی گەلی کورددابێت، بە راشکاوی دەڵێم باکەسیش تیرو توانجم تێنەگرێت و بە چلکاو خۆری تورکیام دانەنێن، بە درێژایی ژیانی سیاسیم لە ماوەی ٥٦ ساڵی رابردوو سەنگەری کوردایەتیم چۆڵ نەکردووەو هیچ وەزیفەو زەوی و خانووشم وەرنەگرتووە، لێم زویر مەبن، دەڵێم نە بەڕێز مام جەلال نە بەڕێز کاک مەسعود بارزانی و نە بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان.. لە ماف و بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردو کوردستان گەورەتر نینە. لەگەڵ رێزو متمانەو خۆشەویستی زۆرم بۆ هەموویان.



مەسعود بارزانی



عەبدوڵڵا ئۆجەلان



جەلال تاڵەبانی

## پرسە

**بەناوی کارمەندانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، پرسەو سەرەخۆشی لە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو (دلێر مامەی بەرگدروو) دەکەین، لە خوای گەورە داواکارین سەبووری کەسوکاری بداتەوە**

**خوالێخۆشبوو لە رۆژانی تەنگانەدا بەهانای خەڵکی لێقەوماوو بێدەرەتان هاتووە.**

**بەدرخان**



سمکۆ محەمەد

## نامەیەک بۆ سەرۆک وەزیران "دکتۆر بەرهەم"

بەڕێز جەنابی دکتۆر سەرۆکی حکومەت، من نامەوێ لەئێستاوە کەمانگێک نابێت پۆستی سەرۆکایەتیت وەرگرتووە و بکەومە تەقە لەکابینەکەت و داوای هەرچی زووتر چاکسازی و پاکسازی هەیە بیکەم، یان وەکو ئەو نارۆژنامەنووس و ئینسانە نالۆژیکیانە، بەچاوێکی ئیدیۆلۆژیانە و دڵڕەقانە هێڵی راست و چەپ بدەم بەسەر کارەکانتا، بەڵام داواکانم لەچەند خاڵێکدا کۆدەکەمەوە، ئەگەر دەتەوێ گوێ لەرۆشنبیر و نووسەر و رۆژنامەنووسی بەویژدان بگری.

باشترین و راستگۆترین و شارەزاترین سەرۆک، ئەو سەرۆکەیە کەکەڵک لەباگراوندی سیاسی و ئیداری وەربگرێت و کاریان لەسەر بکات، نەک گوتاردان بەبێ پراکتیک. چونکە دواتر ئەم گوتارانەش متمانەی سەرۆکایەتیت کەمدەکەنەوە.

رۆشنبیرترین سەرۆک، ئەو سەرۆکەیە رەخنە قەبوڵ بکات و بەدڵێکی فراوانەوە لەگەڵ نەیاری کابینەکەی و ئۆپۆزسیۆن مامەڵ بکات، نەک کار بەکۆنە قین بکات و گوێ بەئۆپۆزسیۆن نەدات.

باشترین سەرۆکی سیستمخواز و یاساخواز، ئەو سەرۆکەیە کە رێگە بەرۆتینیات بگرێت و دائیرەکانی سیستماتیک بکات، نەک بەئاسایی وەرگرتنی ئەو حاڵەتە نەشازەی کەچەند ساڵێکە خەڵکی تووشی نەخۆشی دەروونی کردووە و لەدائیرەکاندا سوکایەتی بەهاوڵاتیەکەی بکرێ.

راقیترین سەرۆک، ئەو سەرۆکەیە کەچارەسەرێک بۆ قەیرانی نیشتەجێبوون دابنێ، نەک بەشێکی زۆری هاوڵاتیەکەی کێشەی کرێنیشینی هەبێت و کەسانێکی مشەخۆریش لەسەر سکی خەڵک بلەوەڕێن.

باشترین سەرۆکی هەموو خەڵک و لایەنە سیاسیەکان و کەسانی بێلایەن، ئەو سەرۆکەیە کەپێی بکرێ حیزب دوور بخاتەوە لەو حکومەتە یاسایی و تەکنۆکراتەی کەئیدیعای بۆ دەکات.

شارەزاترین سەرۆک، ئەو سەرۆکەیە بزانی بودجەی حکومەت چەندە و داهاتی چەندە و چۆن خەرج دەکرێ، نەک تەنها پسولەی خەرجیەکان ئیمزا بکات، نەزانێ داهاتی حکومەتەکەی و دەخلی تاک چەندە و سامانی وڵاتەکەی چی بەسەردێت.

سیاسی ترین سەرۆک، ئەو سەرۆکەیە رێوشوێنێک بۆ کاری سیاسی و حیزبی دابنێیت و بودجەکانیان بەقەبارەی بنکە جەماوەریەکەیان دیاریبکات، نەک هەر چەند کەسێکی ناسیاسی بەناوی کیان و مەزهەب و بیروبۆچونی جیاوازەوە، بارەگایەک بکاتەوە و پارەی ئەم وڵاتە بەهەدەر بدات بەناوی دیموکراسیەتەوە، سەرۆکیش ئەم وەهمە بەواقیعی سیاسی فرەیی لەقەڵەمبدات لەپێناو رایی کردنی دڵی هەموو لایەک.

عەدالەتخوازترین سەرۆک، ئەو سەرۆکەیە کەئەو فەزایەی لەئەنجامی سیاسەتی ناعادیلانە دروست بووە و تائێستا نەک هەر دوو ئیدارەیی بەکوردستانەوە دیارە کەلەدهۆک سیستمێکە و لەسلێمانی سیستمێک ولەپایەتەختیش سیستمێکی گشتگیر، وڵاتەکەی بەرەو عەدالەتخوازی بەرێت.

دڵسۆزترین سەرۆک، ئەو سەرۆکەیە ئەمنیەتی وڵاتەکەی جێگیر بکات، نەک دوو ئاسایش و دوو پۆلیس و دوو شێوە کارکردن قەبوڵ بکات، لەسەروی هەموشیانەوە بوونی دوو دەزگای موخابەراتی نهێنی دەست لەکاروباری ئاشایشی یاسایی وەربدەن.

سەرۆکی هەموو شارەکان، ئەو دسەرۆکەیە مەسەلەی کەرکوک وەکو پێشتر تەماشا نەکات، مەبەستم ئەوەیە کەسەرباری ئەوەی هێشتا لەچوارچێوەی ماددەیەکی دەستووریدا نەبۆتە بەشێک لەهەرێم و ناشبێت، بەهەر نرخێک بێت ئەو شارە بەشاری کوردستان بناسێت و کاری بۆ بکات، نەک مانەوەی بەم شێوەیەی کەئێستا دەبینرێت و بازرگانی پێوەدەکرێت.

دەسەڵاتدارترین سەرۆک، ئەو سەرۆکەیە لەرێگەی دەسەڵاتەکانی خۆیەوە، مامەڵەیەکی جیاواز و نوێ لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا بکات، تاکو پاراستنی سنوورەکان و موڵک و ماڵی خەڵکی چیتر بەناوی سنوور بەزاندن لەلایەن قاچاخچی و حیزبە سیاسیەکانەوە بۆردومان نەکرێن و رێز لەکەرامەتی کوردستان بگیرێت.

جەنابی دکتۆر ئەگەر توانیت بەهاوکاری کەسانی شارەزا و دڵسۆزت کابینەکەت سیسیتماتیک بکەیت، توانیت بەپراکتیک یاسا سەروەر بکەیت و کەس لەسەروی یاساوە نەبێت، توانیت لانی کەم ئەو بەڵێنانەی لەسەردەمی هەڵبژاردن بەخەڵکتاندا بەئەنجامی بگەیێنیت، ئەوا من وەکو نووسەر و رۆژنامەنووسێک، ئامادەم هاوکاری کابینەکەت بکەم، بەپێچەوانەوە شکستت خوارد و سەرکەوتوو نەبوویت، بەباشی دەزانم پێش ئەوەی زۆرترین رەخنەت لەسەر بنووسین و سەرقاڵمان بکەیت بەشتی لاوەکیەوە، ئاشکرای بکەیت کەرێگریت لێدەکرێ، یان لەتواناتا نیە کابینەیەکی نوێی سەربەخۆی بنکە فراوان بەبێتە رێوە.

# گەشتێک بەقەد نیوەی تەمەن ... گەشتێک بۆ پێنج وڵات و نیوی ئەوروپی

سمکۆ عەبدولکەریم

بەشی دووەم



کێشەی هەرە گەورەمان خواردن بوو - سیئۆل پایتەختی کۆریای باشوور ٢٠٠٦

ئێستا لە یۆنان بەهۆی نائومێدبوونیان لە گەیشتن بە وڵاتێکی دیکەی ئەوروپی و بە دەنگەوە نەهاتنی حکومەتی یۆنان و مانەوەیانە لەم وڵاتەدا و نارۆشنی ئایندەیان یەکێکە لەو هۆکارانەی وای کردوە بەشێک لە کوردەکانیش بخزێنە نێو بازرگانیکردن و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، ئەمەش لایەنێکی هۆکاری رەواندنەوەی ئەو سۆزەیە کە پێشتر یۆنانییەکان لەبەرامبەر کورددا هەیانبووە.

لەسەرەتادا بارودۆخەکە بەشێوەیەکی دیکە بوو، یۆنانییەکان لە روانگەی راستگۆییەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەو هاوڵاتیانە کردوە کە وایان پیشانداوە لە دەستی زوڵم و زۆری و شەڕو شۆڕەوە وڵاتەکانیان جێهێشتووە و بە مەبەستی وەرگرتنی مافی پەناهەندەیی روویان کردۆتە یۆنان، ئەمەش شانسێکی باش بووە بۆ هەموو ئەوانەی لەم قۆناغەدا گەیشتونەتە یۆنان و داوای مافی پەنابەرییەتیان کردووە یان چوونەتە وڵاتێکی دیکە .

وەک چەند برادەرێکی نیشتەجێی یۆنان بۆیان باسکردم، ئەوکات و ئێستاش تا رادەیەک هاوڵاتیانی زۆربەی وڵاتە ئەفریقی و مەغربییەکان کە بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان روویان لە یۆنان کردوە، بە مەبەستی بەدەست هێنانی مافی پەنابەرییەتی خۆیان بە هاوڵاتی ئەو وڵاتانە دەناسێنن کە شەڕو کوشتاریان تێدایە وەک عیراق و ئەفغانستان، بۆیە ئێستا یۆنانییەکان لەمە گەیشتوون و وردتر لەو مەسەلەیە دەڕوانن و کەمتر پشت بە راستگۆیی دەبەستن، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی حکومەتی یۆنان توندتر هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو هاوڵاتیانە بکات کە بەشێوەی نایاسایی لەم وڵاتەدا دەژین و داوای پەناهەندەیی دەکەن، ئەم بارودۆخە ملی هەموو ئەوانەشی گرتۆتەوە کە حەق وایە جیاوازتر لەو خەڵکانەی بە شێوەی ساختە خۆیان دەناسێنن هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێ .

قووڵبوونەوەی بارودۆخەکە دیاردەی پەنابردەنە بەر دزی و بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکانی زۆر زیاتر کردووە، ئەم باردۆخە بە شێوەیەک لە شێوەکان بەرۆکی کوردەکانیشی گرتۆتەوە، بۆیە ئەوەی ئێمە لە کوردەکانی ئەوێمان بیست، ئەوان زۆر رازی نەبوون لە هەڵسوکەوتی حکومەتی یۆنان، بەڵام دڵخۆشبوون بە دەرچوونی حزبی سۆشیالیستی یۆنان (پاسۆک)، پێیان وابوو بە دەرچوونی ئەو حزبە بارودۆخیان باشتر دەبێت، لەو ماوە کەمەشدا کە ئەم حزبە دەسەڵاتی گرتۆتە دەست هەستیان بە باشتربوونی بارودۆخەکە کردووە.

ئەو ئوتێلەی ئێمە لێی دابەزین کەوتبووە ئەو بەشەی شاری ئەسینا کە زۆرترین پەناهەندە و کوردەکانی لێبوو چێشتخانە کوردییەکانیش هەر نزیکی ئەوێ بوون، ئەو ئێوارە درەنگەی گەیشتینە ئەسینا یەکەم نانخواردنمان لە چێشتخانەی سارا بوو، رۆژانی دواتریش ئەگەر ویستبامان پاروە نانێک بخۆین زیاتر دەچووینە چێشتخانەی بابەگوڕگوڕ یان سارا، هەرچەندە وابزانم چێشتخانەی دیکەی کوردیش لە ئەسینا هەبوون .

بۆ ئەو کەسانەی کە لە گەشتەکاندا ناتوانن خواردن فەرامۆش بکەن و بایەخی زۆر بە نان خواردن دەدەن، خواردن یەکێکە لە کێشەکانیان هەم وەک جۆری خواردنەکە،هەم وەک باشی و خاوێنی، زۆربەمان بەتایبەتی ئەوانەی سەفەرمان نەکردووە بۆ ئەو وڵاتانەی لەگەڵ ئێمەدا جیاوازی زۆریان هەیە لە شێواز و جۆری خواردندا، بۆیە خواردن لەم وڵاتانەدا یەکێکە لە کێشەکان، هەرچەندە باشتر وایە لەو گەشتانەدا وەک چۆن دەیان شت و شوێنی تازە دەبینین، زۆر پێویستیشە خواردنە جیاوازەکانی ئەوانیش تام بکەین، خواردنەکانی ئەوێ بە رادەیەک باشترو بەسوودترو سووکترن لەسەر مەعیدە، کە لەگەڵ یەکەم ژەمە خواردندا هەستی پێدەکرێت، من لە یەکەم سەفەرمدا لە ساڵی ٢٠٠٦ بۆ کۆریای باشوور کە وڵاتێکی تەواو جیاوازە رووبەڕووی ئەو گرفتە بوومەوە، کە زۆر تایبەتمەندی لە خواردنی کۆریای باشووردا هەیە، کە ئێمەمانان زۆر بە زەحمەت دەتوانین لەگەڵی رابێن، زۆربەی خواردنەکانیان بریتی بوو لە خواردنی دەریایی، نان پێ خواردن نەبوو، چێشتەکانیان تەواو بێ خوێ بوو، خواردنەکانیان تام و بۆنێکی تایبەتی هەبوو، کە سەرو دڵی هەندێکمانی دەگرت، ئەمە جگە لەوەی کە بەشێکی زۆری خواردنەکان کە لە پێشمان دادەنرا نەماندەزانی چییە، زۆربەی جارەکان بەر لەوەی دەمم بۆ هەر خواردنێک ببردایە چاوەڕێی ئەوەم دەکرد کاک سمکۆ ئەنوەر و هەژارسدیق کە هەمیشە لە کاتی نانخواردندا لە رۆخ ئەوان دانیشتم لێم دەپرسین کە ئەمە خواردنی چییەو تامی چی لێدێت ؟

هەر جۆرە خواردنێکیان بۆ هێنابایین کە لە سمکۆ ئەنوەرم دەپرسی دەیگوت زۆر زەریفە .

هەمووشمان لەوە دەگەیشتین کە جۆری خواردنەکانی ئەوان زۆر لە هی لای خۆمان باشترو بەسوودترە، بەڵام ئەمە بۆ هەندێکمان راهاتنی دەویست، هەندێک لەو برادەرانەش کە لەو سەفەرەی کۆریا لەگەڵمان بوون نەک ئامادەنەبوون ئەو خواردنانە بخۆن، بەڵکو لەسەر مێزەکانیش دانەدەنیشتن و دەچوون لە لایەکی تر لێک خڕدەبوونەوە، نانی ئەو ژەمەشیان نەدەخوارد، هەندێکشمان لەبەر عەیبە دەمێکمان دەگایاندێ و تامێکمان دەکرد،خواخوامان بوو زوو لەبەردەممان لاببرێ و کەس نەزانێ نەمان خواردوە، ئەمە جگە لەوەی بۆ ئەوان ناخۆش بوو کە بە برسییەتی دەمانەوە، بۆ ئێمەش حاڵەتێکی خۆش نەبوو، بە تایبەتی لەو داوەتانەدا کە لە لایەن دەزگاو بەرپرسە رەسمییەکانەوە بۆمان رێکدەخرا، دوای چەند رۆژێک کۆرییەکانیش لەوە تێگەیشتن کە ئێمە گرفتمان لە گەڵ جۆری خواردنەکانی ئەواندا هەیە، بۆیە دواتر هەستمان کرد دەیانەوەێ بۆ نانخواردن بمانبەنە ئەو چێشتخانانەی خواردنەکانیان لە تەبیعەتی ئێمە نزیکە، وەک خواردنگە تورکی و پاکستانییەکان، لەوێش خواردنگەی نزیک لە ئێمە هەبوو کە دواتر چەند جارێک ئێمەیان بردە ئەوێ، هەندێ لە برادەران بەمە گەشانەوە، هەرکە دەیان وت دەچینە ئەو خواردنگەیە لە خۆشیان لە هەڵهەڵەیان دەدا .

کاتێکیش لە ئەنقەرە بەڕێ کەوتین بۆ ئەستەنبوڵ بەشێکی قسەو باسەکانی نێو پاسەکە تایبەت کرا بە خواردن، ئەو بەیانییە نانمان نەخواردبوو، زۆر زوو کۆکراینەوەو سواری پاسێک کراین بۆ ئەوەی لە کاتی دیاریکراو بگەینە فڕۆکەخانەی ئەستنبۆل، لە وێشەوە بفڕین بۆ ئەسینای پایتەختی یۆنان، لە رێگادا بەشێک لەبرادەران برسییەتی هەراسانی کردبوون، بەڵام چار نەبوو، کاک ئازاد حەمەشەریف توومەز کاتی خۆی رێی کەتۆتە ئەو ناوەو تۆزێک شارەزا بوو، هەموومانی بەوە غافڵاند کە لەم رێگایەدا چێشتخانەیەک هەیە دەیان جۆر خواردنی زەریفی هەیە، بڕیاردرا لەسەر قسەی کاک ئازاد بۆ نان خواردن لادەینە ئەو خواردنگەیە، بەڵام ئەو برادەرانەی برسییەتی تەنگی پێهەڵچنیبوون، فشاریان هێناو داوایان کرد کە چیتر بەرگە ناگرن، پێویست ناکات بە هۆی ئەو چێشتخانەیەی کاک ئازاد ریکلامی بۆ دەکات لەوە زیاتر ئازاری مەعیدەکانیان بدەن، بۆیە بڕیاردرا هەرکە خواردنگەیەک هاتە پێش لادەین و نانەکەمان بخۆین، بەڵام ئەو چێشتخانەیەی هاتە پێشمان هەمان ئەو خواردنگەیە بوو کە کاک ئازاد لە رێگادا وەسفی بۆ کردبووین، چێشتخانەی سەباهەتین لە رێگای نێوان ئەنقەرەو ئەستەنبوڵ.



چێشتخانەی باباگورگور لە ئەسینای پایتەختی یۆنان - ٢٠٠٩

# ئازاد سەڵاح سەعدوڵڵا باس لە هۆشیاری تەندروستی لە کوردستان دەکا

**ئایا خەڵکی کوردستان چەند وشیارە لە بەرامبەر تەندروستیدا، لە پاڵ ئەوەدا نەخۆشخانەکانی ئێمە چەندە لەگەڵ ستاندارده جیهانییەکان دەگونجێن و کار بەو ستانداردانە دەکرێ، رەوشی تەندروستی بەگشتی و وشیاری تەندروستی بە تایبەتی لە دیدارێکدا رووبەڕووی ئازاد سەڵاح سەعدوڵڵامان کردەوە وەکو بەرپرسی کۆمپانیای گاڤان بۆ کاروباری تەندروستی...**

**ئا: بەدرخان**

*** ئەمڕۆ واقیعی تەندروستی لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئەوە نزیکەی ٧ جارە من دێمە هەولێر، زۆر چوومەتە نەخۆشخانە ئەهلی و حکومییەکان، ئێمە واقیعێکمان هەیە دەکرێ زۆر زۆر باشتر بێ، پێویستە گەلێک شت بکەین و دەستی پێ بکەین، هەتا ئاستەکەی بگەیەنینە ناڵێم جیهانی، بەڵام شتێکی وا کە ببێتە هۆی سەلامەتی هاووڵاتیان لێرە، ئیختیساسی ئێمە لەناو پاککردنەوە (تەعقیم)یە لەناو نەخۆشخانەکان، ئەوە هۆکارێکی زۆر گرنگە لە هەموو نەخۆشخانەکان و بەتایبەتی لە کەلوپەلەکانی جەراحی و ژووری نەشتەرگەری دەشوورێن و پاشان جارێکی دیکە لە نەشتەرگەری بەکاردێتەوە، من بینیم لێرە چۆن دەیکەن، دەمەوێ بڵێم دەکرێ بە شێوازێکی دیکە کە گەلەک باشتر بێ، ئەو شتانەم لەوێ بینیم ستاندارد نینە، هەریەکەو بە ئارەزووی خۆی دەیکا، یانی من دێم شتێک دەکەم و تۆش شتێکی دیکە دەکەی و ستانداردێک نییە لەسەری بڕۆن، بێگومان ئەوەش راست نییە، چونکە مانای وایە کوالێتی لە یەکێکەوە بۆ ئەوی دیکە دەگۆڕدرێ، ئەگەر ستانداردێک هەبێ هەموو شتێک باشتر دەبێ.

*** ئێوە وەکو کۆمپانیای گاڤان هیچ پرۆژەیەکی تەندروستیتان هەبووە بۆ حکومەتی هەرێم؟**

- ئێمە شتێکمان ئامادە کرد، بەڵام لەبەرئەوەی گۆتیان کابینەی حکومەت دەگۆڕێ، ئێمە وەرەقەیەکمان ئامادەکرد لە پێشنیاز و خیبرەی ١٥ ساڵی دەرەوە لە ئوستراليا و نیوزلەندامان تیا نووسیبوو، ئێمە ئەندام بووین لەناو ستانداردی ئوسترالی، بۆ ئەوەی بتوانین شتێکی زیادە بخەینە سەر ئەو ئەزموونەی لێرە هەیە، ئەوە کاری کۆمپانیاکەمان بوو بە تایبەتی بۆ کاری پاککردنەوە (تەعقیم)ی نەخۆشخانەکان.



ئازاد سەڵاح سەعدوڵڵا

*** زۆرجار لە کوردستان لە ژووری نەشتەرگەری خوێن لەسەر قەرەوێڵە دەبینرێ، ئەوە چۆن دەبینی؟**

- نەک تەنها ئەوە، ئەسڵەن ئەو کاتەی خەڵک دێ خۆی ئامادە دەکا بۆ نەشتەرگەری، پێویستە لەوەوە دەست پێبکا کە چۆن ناوی تۆمار دەکا و چ جلوبەرگێک لەبەر دەکا و پێویستە سێتی نەشتەرگەری ئامادە بکا، پێویستە لەناو ژووری نەشتەرگەری زوو زوو پاکبکرێتەوە و پێویستە تەختەی نەشتەرگەری بگۆڕدرێ و پاک بکرێتەوە، من هەموو ئەوانەم لێرە نەبینی و پێموایە لێرە شتەکان بە ستانداردی نینە، ئەوکاتەی نەخۆش دەچێتە ژووری نەشتەرگەری بەرپرسی نەشتەرگەری لیستێکی هەیە و دەڵێ یەڵە نەخۆشەکان ئامادەن بۆ نەشتەرگەری و شتەکان پاک بکەنەوە با دەست پێ بکەین، شتێکی خەتەر هەیە پێویستە نەمێنێ وەکو ئەوەی جارێک بینیم کەلوپەلەکانی نەشتەرگەری تەنها بە ئاو شووردران، ئەوە نابێ پێویستە مادەی کیمیاوی تایبەت هەبێ بۆ ئەو کەلوپەلانەو بەکاربێ، نەک ئەوەی ئێمە بۆ چێشتخانە بەکاری دێنین، لەوێشدا بەکاری بێنین، هەموو ئەوانەش دەگەڕێنمەوە بۆ نەبوونی ستاندارد، پێویستیشە هەموو کادیرەکانی نەشتەرگەری مەشق بکەن، یانی من لە هەموو ژووری نەشتەرگەری ئەبەد نەمبینی ئەو شتەی کە دەستی خۆیان پێدەشۆن هەبێ، کە پێویستە لە هەموو نەخۆشخانەیەک ئەوە هەبێ.

*** ئەو شتانەی باستکرد پەیوەندی بە هۆشیاری خەڵکییەوە هەیە یا دەبێ حکومەت ئەو کارە بکا؟**

-هاوبەشە، نەخۆشخانە و حکومەت و پزیشک و دەزگاکان بەرپرسیاریەتیان لەسەر شانە، خەڵکیش بەهەمان شێوە بەرپرسیاریەتیان لەسەر شانە، کاتێک خەڵک دێنە نەخۆشخانە پێویستە بزانن ئەرک و مافیان چییە، یانی ئەگەر هاوڵاتی ئیشی خۆی بکاو خزمەتگوزاری نەخۆشخانەش بە تەواوی بکرێ بۆ هەردوولا سوودی دەبێ، گرنگترین شت وەعیە کە لێرە زۆر کەمە، پێویستە بە خەڵک بڵێن کە دێنە نەخۆشخانە چی بکەن، یانی بۆ نموونە لێرە چوومە ژوورێکی نەشتەرگەری نەخۆش هاتە ژووری نەشتەرگەری ٦ کەسی لەگەڵ بوو هەتا دەرگای ژوورەکە، ئەوە نابێ، چونکە شوێنی نەشتەرگەری و پشتی ئەو دەرگایە هەمووی شوێنی پاکەو دەبێ تەعقیم بکرێ، کاتێک خەڵک دەچنە ژووری، ئەوە پیس دەبێ و هەموو ئیلتیهاب بۆ نەخۆش دروست دەکا، یانی هەندێکجار نەخۆش دوای ١-٢ مانگ لە نەشتەرگەرییەکە نەخۆشییەکەی پیستر دەبێ، بەڵام نازانن بۆ؟ ئەوە هەمووی ئیلتیهابە لەناو ژووری نەشتەرگەری تووشی بووە، چونکە خاوێن نییە یان جوان خاوێن نەکراوەتەوە.

*** هەوڵتان نەداوە رێکخراوی تەندروستی بێن بۆ هوشیارکردنەوەی تەندروستی لێرە؟**

- خۆی هەر کۆمپانیایەک کە بێتە ئێرە یەکەم شت دەڵێن ستانداردی ئێوە چییە؟ ستانداردەکەتان ئەوروپی، ئەمریکی، ئوسترالی کامەیە؟ تاکو بزانن چۆن ئیش بکەن، بەڵام کە ستاندارد نییە ناتوانی ئیش بکەی، پێویستە ئێمە ستانداردمان هەبێ چونکە کۆمپانیا بە یاسای خۆی ناتوانێ بەبێ بوونی ستاندارد کار بکا، چونکە لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت. بۆ نموونە فلان دکتۆر وەرە تۆ ئەو نەشتەرگەرییەت کرد بە چ ستانداردێک کردت، پێویستە وەڵام بداتەوە، ئەگەر گوتی ستاندارد نییە، دەڵێ تۆ ناتوانی نەشتەرگەری بکەی، حاڵەتێکیش دەزانم کە وەفدێکی جەراحی لە ئەوروپا هاتن تا لێرە نەشتەرگەری بکەن، کاتێک چوونە ژووری نەشتەرگەری و بینیان رۆژی دووەم چوونەوە فڕۆکەخانەو رۆیشتنەوە و گوتیان ئێمە ناتوانین لێرە نەشتەرگەری بکەین، چونکە ستاندارد نییە.

*** چی بکەین بۆ ئەوەی ئەو ستانداردە نێودەوڵەتییە ببێ؟**

- ئەوە واجبی ئێمەو نەخۆشخانەو وەزارەتی تەندروستییە، کە هەموو پێکەوە یارمەتی یەک بدەین و دەست پێبکەین ستانداردێک بنووسین بۆ هەموو بەشەکان، بۆ نموونە بۆ بەشی نەشتەرگەری ئەوەیە، بۆ سیانە کاکە من ئامێرم بینی بە ١٠٠ هەزار دۆلارە دانراوە ئیشی پێ ناکرێ، چونکە سیانە نییە، لێرە ئامێرم بینی دانراوە کۆمپانیا نییە چاکی بکا، کاکە دەکرێ ئەوانە هەمووی چاک بکرێ، لیژنەیەک لە کەرتی تایبەت و وەزارەت پێکبێ بۆ ئەوەی بچنە نەخۆشخانەکان و بزانن کەموکوڕی چییە و چۆن چارەسەر دەکرێ، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە کە چۆن لە سەرەتادا خانوو دروست دەکەی یەکەم هەنگاو دەبێ بچیە شارەوانی و بڵێی ئەوە دیزاینی منە و پێویستە شارەوانی رەزامەندبێ لەسەری، ئەوەش هەمان شتە، دەچی بۆ نەخۆشخانە، پێویستە وەزارەتی تەندروستی بە نەخۆشخانەکە بڵێ لەسەر چ بنەمایەک ئەو نەخۆشخانەیەت دیزاین کرد، دەڵێ بۆ نموونە لەسەر ستانداردی ئەوروپی، دەڵێ باش، دوایی کە دێن دەیپشکنن دوای ساڵێک، ئێ خۆ لەسەر بنەمایەک دەیپشکنن، بۆ نموونە دەڵێن ئەو دەرگایە بۆ ٨٠سم بە ٢ مەترە، دەڵێ ستاندارد وا دەڵێ، ئەوانیش دەڵێن باش، جا بەوە کولفە دێتە خوارو لەهەمووی گرنگتر سەلامەتی میللەتە، ئەگەر ستانداردێکی پاک لە هۆڵی نەشتەرگەری هەبێ رێژەی ئیلتیهابات هەمووی دێتە خوارێ، مانای وایە سەرفبوونی ئەنتی بایۆتیک هەمووی دێتە خوارەوە و هاوڵاتیان سەلامەت دەبن، یانی خەباتی ٤٠-٥٠ ساڵەی کورد حەرامە ئێستا بە دەستی خۆمان میللەت ئازار بخوا.

*** چیترت ماوە...**

- بە بڕوای من رۆڵی گرنگ لەهەموو ئەو شتانەدا رۆڵی راگەیاندنە، یانی بۆ نموونە ئەو ئەنفلەوەنزای بەرازە دەبینی هەموو شتەکان تەوعیە کراوە و رێکخراوی تەندروستی جیهانی پێیدەڵێ لە ٧٠٪ هەمووی پاککردەوە، لە دەست شۆرین و ئەو شتانە، ئەگەر ئەو شتانە لە دەرەوەی لەش گرنگ و پێویست بێ پاک رابگیردرێن، ئەی چۆن لە هۆڵی نەشتەرگەری پێویست نییە کە زگی هەڵدەدرن، کەواتا ئەگەر وامان کرد هەموو شتەکان ١٠٠٪ پاک دەبێتەوە.

*** وا بڕیارە لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٠ گەورەترین پێشانگای ئامێری پزیشکی و تەندروستی و کۆنفرانسی زانستی تەندروستی لە کوردستان ساز بدرێت، ئەمەیان چۆنە؟**

- ئەمە کارێکی زۆر باشە بۆ ئەوانەی پەیوەندییان بەو کارەوە هەیە، چونکە دوا بەرهەم و چالاکی دەزگا گەورەکانە بۆ بەرهەمهێنانی ئامێری تەندروستی و پزیشکی بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی، مانای وایە کوردستان بێ بەش نابێ لەو لەو تەکنەلۆژیا نوێیە، لە کۆتاییدا دەڵێم: دەبێ هەموو دەستەکان یەک بن بۆ ئەوەی گەلی کوردستان لە نەخۆشی بپارێزین و کۆمەڵگایەکی تەندروستی بەرهەم بهێنین، چونکە میللەتی کورد شایانی ئەو فیداکارییەیە، کە لە دەستی دوژمنانی چەشتوویەتی.

# بژار دیلان: چوونی هونەرمەندان بۆ تورکیا چاولێکەرییە

**هونەرمەنـدی میوزیکژەن بژار دیلان دوای ماوەیەکـی زۆر کارکردن لە بواری هونەری لـە ئەوروپـا، لە مـاوەی رابـردوودا بە یەکجاری گەڕایەوە کوردستان و ستۆدیۆیەکی پێشکەوتووی لە شاری هەولێر کردۆتەوە، بۆ قسـەکردن لەسـەر ئـەو سـتۆدیۆیەو گەڕانـەوەی یەکجارەکـی هونەرمەنـد بۆ کوردستان و چەند پرسێکی گرنگی ئەمڕۆی مۆسـیقای کوردی و کێشەو ئاستەنگەکانی دواندمان...**

## ئا: هونەری بەدرخان

*** گەڕانەوەی یەکجارەکیت بۆ کوردسـتان لەبەرچی؟**

- بـەر لەهەمـوو شـتێک شـاری خۆمە و تێیـدا لەدایک بوومە، بەڵام پارسـاڵ کـە گەڕامـەوە رێزلێنانی سەرۆکی حکومەتم وەرگرت، لەوێ هانیانـدام و گوتیـان بگەڕێیـەوە لێـرە خزمەت بکەی باشـترە، خۆم بیـرم لە گەڕانەوە کردبـۆوە، بەڵام ئەوان زیاتـر مەعنەویەن هانیاندام، منیش کە گەڕامەوە سـوید و خۆم کۆکردەوە هەسـتمکرد ستۆدیۆیەک لە هەولێـر هەبێ باشـترە، چونکە بەڕاستی ئیشکردن لە ئەوروپا زۆر زەحمەتە، خەڵک لای وایە لەوێ زۆر ئاسـانە، بڕوابکە وانییـە لەوێ زۆر زەحمەتە، یانی گۆرانیبێژێک ئیشێکی دیکـە دەکاو پـارە کۆدەکاتـەوە تا کاری هونـەری پـێ بـکا، دوایـی میوزیکژەنمـان کـەم بـوو، ئـەوە یەکێـک بوو لە هـۆکارەکان، منیش هەسـتمکرد ئێسـتا هەموو شتەکان لەبارە، بـۆ نموونـە میوزیکژەن و ئاوازدانـەر و شـاعیری چاکمـان هەیە، بۆیە گوتم لێرە سـتۆدیۆیەک بکرێتەوە زۆر باشتر دەبێ.

*** پێشـکەوتووی ئەو سـتۆدیۆیەت لە چ ئاسـتێکدایە، بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ؟**

- ئەو سیستەمەی من هێناومە زۆر تازەیـە، بە دەقیقی نازانم لە تورکیا لێیەتی یان نا، بەڵام وڵاتانی دیکەی دراوسـێ نیانـە، بۆ نموونـە ئێران لەدەنگ زۆر دواکەوتووە و ناتوانین بەراوردی بکەین، لەو ناوچەیە تەنیا تورکیا تۆزێک پێشـکەوتووە، بەڵام ناتوانین جیاوازی تورکیاش لەگەڵ ئەوروپـا بکەین، چونکە لە ئەوروپا خۆیـان دروسـتی دەکـەن، بـەڵام تورکیـا دەیکڕێ و بـەکاری دێنێ، کەواتە دوو شتی جیان، بەڵام ئەوەی من هێناومـە سیسـتەمێکی تازەیە هەسـتمکرد ئـەو سیسـتەمە بۆمن دەسـتدەدا، لەبەرئەوەی پێشتریش لەسەر ئەو سیستەمە کارم دەکرد، بـەڵام تازەکەیم لەگەڵ خـۆم هێنا، سیسـتەمێکە هەمووی ماکنتۆشە و زۆر پێشکەوتووە.

*** کارکردنت لەو ستۆدیۆیە ئایا هەموویان بە کامل ستافی کوردین، یا خەڵکی بیانیت لەگەڵە؟**

- ئەوانـەی دروسـتیان کـرد بیانی بـوون، بـەڵام کـە لـە سـتۆدیۆکە کاردەکـەم، تەنها خـۆم کاردەکەم و سـتافی میوزیکـژەن و ئەوانەش هەمووی لە هەولێر هەیە.

*** ستافێکی دیاریکراو بە ستۆدیۆکەی خۆت هەیـە، یـا گۆرانیبێژ ئازادە لـەوەی کێ هەڵدەبژێرێ؟**

- نەخێر نیمە گۆرانیبێژ دیاری دەکا، بەڵام خۆشـم دەڵێم ئەوا بێنە باشە، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ هەولێر کۆمەڵێک میوزیکژەنـی زۆر چاکی لێیە، ئەوەشی میوزیکژەنی چاک بێ جێگای خۆی دەکاتەوە.


بژار دیلان

*** پێتوایە دوای هێنانی ئەو ستۆدیۆیە ئەو هونەرمەندانەی جاران لە تورکیاو ئەوروپا کاریان دەکرد بەهانەیان نامێنێ و دەتوانن لێرە کاربکەن؟**

- خۆی مەسـەلەی تورکیاکە زیاتر چاولێکـەری بوو، بـۆ نموونە ئێمە گۆرانیبێژێکـی بەناوبانگمان هەبوو چوو لـە تورکیـا بەرهەمـی خۆی کـرد، هەمووی وا بیریـان کردەوە کە بچنە تورکیا وەک ئەو بەناوبانگ دەبـن، بەوە نییە، ئێمە چەند سـاڵە ئـەو بەرهەمانەمـان هەمـووی لە ئەوروپـا کردووە بـە میوزیکژەنی سادە هەمووشـی سەرکەوتوون و گۆرانیبێژی چاکن و ئێستا هەن، یان ئەو بەرهەمانەی لە هەولێر دەکرێن هەمووی بەرهەمی چاکن.

*** بەڵام پێتوانییە چوونی هونەرمەندێک بـۆ تورکیـاو کارکـردن بـە میوزیکژەنی تورکـی، لەخۆوە ئـەو بەرهەمە قالبێکی تورکی وەردەگرێ، ئەگەر گۆرانیبێژەکە زۆر موستەیتر نەبێ؟**

- باوەڕ بکە موسـتەیتریش بێ هەر دەبێتـە تورکی، چونکە زەحمەتە بە میوزیکژەنێکی تورک مۆسیقایەکی کوردی لێبـدەی، لەبەرئەوەی کابرا تورکەو ئیحساسی تورکییەو هەقی خۆیەتـی مۆسـیقای خـۆی لێبدا، دوایـی ئـەو گۆرانیبێژانـەی ئێمـە لەو ئاسـتە نین مۆسـیقایەکە بکەنە کـوردی، چونکـە زۆربـەی زۆری مۆسـیقاژەنەکانمان مۆسیقار نین، بەداخـەوە لە ٩٩٪ی ئـەو کارانەی لـە دەرەوە دەکـرێ ئـەوەی کاری ئامادەکـردن و دابەشـکردنەکەش دەکا هـەر تورکـە، کە ئەوەشـیان هۆکارێکە، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشـدا من لەگەڵ تێکەڵیمە، دەبێ مۆسیقای کوردی بە شێوەیەکی جوان تێکەڵ بکرێ، بـەڵام لەگەڵ وەرگێڕان نیم، تۆ دانیشی گۆرانییەکی عەرەبی یان تورکی بێنی و تێکستێکی کوردی بۆ دابنێی، ئەوە عەیبیشە، بەڵام لەگەڵ تێکەڵکردنم.

*** وێڕای زۆری میوزیکژەنی باش، پێتوایە کەسـی باشـمان هەبێ کاری دابەشکردنی میوزیک بکا؟**

- ئەی چۆن، کاکە مۆسیقای کوردی هەر هەبووە و هەر دابەش کراوە و ئامادە کراوە و ئێستاش هەر دەژی و هەولێـر پڕیەتی لە دابەشـکەری میوزیک، بۆ نموونە کاک هێمنە، کاک هۆگـرە ئەوانە هەموویان ئامادەکار و دابەشکەری زۆر چاکن.

*** ئەمـڕۆی هونەری گۆرانی و مۆسـیقای کـوردی چـۆن دەبینـی وەک هونەرێکـی کوردی؟**

- خۆی بتەوێ و نەتەوێ فەوزایەک هەیـە، بـەڵام تـۆ خـۆت بـەراورد دەکەی لەگەڵ کێ، بۆ نموونە تورکیا ٧٠-٨٠ ملیۆنـە، ئەگـەر سـاڵانە ١ ملیۆن کەس سـیدی بکڕێ، یانی تۆ بازاڕێکی یـەک ملیۆنیت هەیە، ئێمە تا ئێسـتا بازاڕی ١٠٠٠ سـیدیمان نییە، یانی گۆرانیبێژێک بەرهەم دەکا بەزۆری ١٠٠٠ سیدی دەفرۆشرێ، بەداخەوە...

*** بـەڵام لەگەڵ ئـەوەدا ئەگەر ئەلبوومە نوێکەی ئەژدەر وەهبی بە نموونە وەرگبرین زیاد لە ٢٥ هەزار دانە لە ئۆرجیناڵەکەی فرۆشراوە؟**

- باوەڕبکە هێشتا هەر کەمە، خۆی زیاتـر دەفرۆشـرێ، دڵنیابە هەموو جارێـک نیـو ملیۆن دەفرۆشـرێت، بـەڵام چۆن؟ هەمـووی کۆپیەکەیە، یانی بەداخەوە وەزارەتی رۆشنبیری مۆڵـەت دەداتـە خەڵکانێـک دوکان بکاتـەوە بەرهەمی مـن و تۆ کۆپی بـکاو بیفرۆشـێ، یانـی وەزارەت مۆڵەتی دەداتێ دەڵێ برۆ کۆپی بکە، یانی تاوانەکە لەوێ دەسـت پێدەکا، من لـەوە تێناگەم چـۆن وەزارەتی رۆشـنبیری مۆڵەت دەداتە یەکێک و دەڵێ کاکە برۆ کۆپی بکە..

*** لەمـڕوووەوە هونەرمەندانیش بێدەنگن، تـا ئێسـتا نەمانبینـی بـە یەکدەنگـی هونەرمەنـدان بڵێن کارناکەین تا یاسـا دانەنرێت، یانی نەبوونی ئەو هەڵوێستەی هونەرمەندان بۆچی دەگەڕێنییەوە؟**

- بەداخـەوە زیاتـر دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەوەی لـەو ماوەیـەدا هەندێک لـە گۆرانیبێژەکان بـڕە پارەیەکیان لـە حکومـەت وەرگـرت، لەرێگای پەیوەندی شەخسی، ئەوە فەوزایەکی زۆری دروسـتکرد، بـۆ نموونـە یـەک زەوی درایێ و یـەک پارەی زۆری درایـێ، ئـەوەش فەوزایەکی دروسـتکرد، هەم ئێمەی بێ تاقەت کـرد، چونکە خەڵکێک ئەو پارەیەی وەرگـرت کە بەرهەمـی نییە، بەڵام پەیوەنـدی شەخسـی، یـان جوانە یـان...؟!، بەڵام کێشـەی ئێمە ئەوە نییە بۆ حکومـەت خەریکی ئەوەیە یاسـایەک دادەنێ بۆ رۆژنامەگەری بۆچی بۆ ئێمەی دانانێ، من هۆکاری ئەوە دەگەڕێنمـەوە بۆ ئەوەی هەر ئێسـتا دەتوانم لـە ئینتەرنێت ١٠٠ بابەتـم بـۆ دەربێنـم کـە جوێن بە حکومـەت و پێشـمەرگە و دایکـی شەهید و سـەرکردەی کورد دراوە بۆیە حکومەت دەیەوێ چارەسەری بـکات، بـەڵام حکومـەت نایـەوێ کێشەی من چارەسەر بکا، چونکە من جوێن نادەم، تا ئێسـتا سروودێکت گـوێ لێبـووە جوێن بـە حکومەت بدا، نییە هیچ گۆرانیبێژێک ئەو کارە ناکا، یانی ئەوە مانای ئەوە نییە ئێمە هەموو بەرکمان پڕە، بە پێچەوانەوە رۆژنامەنووس زۆر سوودمەندترە، رۆنامەنـووس هەیـە جوێـن دەدا، دواتـر حکومـەت لاندگرۆزێـک و پاسـەوان و قەسـرێکی دەداتـە لەناو شـوقەکان، تەنها بـۆ ئەوەی بێ دەنگ بێ، بـەڵام گۆرانیبێژ ئەو شـتە ناکا، چونکە عەیبە تۆ دانیشی جوێن بە حکومەت و دایکی شەهید بـدەی تەنها بۆ ئـەوەی لاندگرۆز و پاسەوانت بدرێتێ.

*** تـۆ پێتوانییە ئەو جیـاوازی کردنەی نێوان هونەرمەندان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هونەرمەندان نوێنەرێکیان لە ئەنجوومەنی وەزیران هەبوو؟**

- راسـتە هەمـووی دەگەڕێتـە بۆ ئـەو، ئێمـە کلتوورمـان وایـە کـە پلەیـەک وەردەگرین بیر لە خۆمان دەکەینـەوە، ئـەوە کلتوورێکـە هەموومانـی گرتۆتـەوە، ئـەوەش کاریگەرییەکـی زۆری هەبـوو لـە مەسەلەکە هیوادارم نەمێنێ.

*** دیاری قەرەداغی بیرۆکەی ئەنجوومەنی راوێژکاری هەیە، بۆ ئەوەی ئەنجوومەنەکە نوێنـەری هەمـوو لایەنەکانـی هونـەری تێدابێ، تۆ چەند لەگەڵ ئەو پێشنیاز و بیرۆکەیەی؟**

- من ئەزموونم لەو لیژنەو رێکخراو و شـتانە زۆر خراپـە، بـاوەڕت هەبـێ هەمـووی کـە لـەو جێگایە دادەنیشێ بیر لە بەرژەوەندی خۆی دەکاتـەوە، مەبەسـتم هیـچ ناوێک نییـە، رێکخـراوی هونەرمەنـدان نییـە چـی دەکا؟ شـەکر و چـا وەردەگـرێ و زەوی وەردەگرێ بۆ کەسەکانی خۆی، چیان کردووە بۆ هونەرمەندان، وەزارەتی رۆشنبیری بە ملیار دۆلاری لێ سەرف دەکرێ، وەرە برۆ بزانە چەند سەرف کراوە، یانـی حکومـەت لە سـەرکردایەتی کەمتەرخەم نەبووە، بەڵام کە پارەکە دێتە خوارەوە لە خوارەوە سـەرف دەکـرێ، یانـی ئێسـتاش هەتا لەو وڵاتە لێپرسـینەوە نەبـێ ئەو وڵاتە هەروا دەبێ



# ئەزموونگەریەت لە شانۆ (٢)

### هیوا سوعاد

کـە شـانۆ لای گریکـەکان سـەریهەڵدا ئـاوا بـە شـێوەیەکی هەڕەمەکی سـەریهەڵنەداو وەک لای ئێمـەش وەرگێـراو نەبوو. ئەوەی مەبەسـتمە لەم قسـەیە ئەوەیـە زۆرجار بـەراورد دەکەن لەنێوان شـانۆی ئێمـەو ئەوروپا یـان وڵاتانی پێشـکەوتوو. ئەوان وەک پێداویسـتییەکی ژیانـی رۆژانەیان و وەک شـتێکی تەواوکـەر لە ژیانیاندا شـانۆیان دۆزییەوە، ئێمـەش لەرێگای چەند کەسـانێکی غەیرە گریکی ئاشـنابووین بە شـانۆ، بۆیە هەمیشە هەست بـە "تفاعـل" نەکردنـی بینەر لەگەڵ شـانۆکەماندا دەکرێت و شـانۆ لە ژیانی رۆژانەماندا هیچ زەرورەتێکی نییە. شـانۆ ناتوانێ رووە کاریگەرەکەی خۆی نیشـان بدات و شـانۆکاران ببنە پێشەنگ لە گشـت گۆڕانکارییەکان، پیرۆزی شـانۆ لەلایـەن خـودی هەندێ لـە شـانۆکاران نەپارێـزراوە. بەهەرحاڵ با بگەڕێینەوە سـەر سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شـانۆ، زۆربەمان دەزانین کەوا شـانۆ لە وێردە ئایینییەکان سـەریهەڵداوە، ئەوەی بۆ شـکۆمەندی خواوەند "دیۆنیزیـۆس" سـازدەکرا، بـە تایبەتی لە سـروودەکانی "دسـیرامبۆس" کە کۆرس ئەم سـروودانەی دەگووتەوە، "گیسـپس" یەکـەم کەس بوو خۆی لە کۆرس جیاکردەوە و چیرۆکەکەی بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆڕسـدا دەگێڕایەوە و دیالۆگ لە نێوانیاندا هەبوو، ئینجا هەریەک لە ئەسـخیلۆس و سـۆفیکلیس ئەکتەرێکیان زیادکرد و لە یۆرپیدس بەولاوە ئەکتەر رۆڵی تەواوی خۆی بینی و شانۆ رۆژ بەرۆژ پێشکەوتنی بەخۆوە بینی. لە سەردەمی گریکەکان ئەکتەر وەک خانەدانەکانی وڵات سـەیر دەکراو گـەورە پیاوانی وڵات زۆر بایەخیان بەشانۆ و بۆنەکان دەداو پێشبڕکێی تایبەت هەبوو بۆ نمایشی شانۆیی، بەڵام لـە سـەردەمی رۆمانییەکان ئەکتەر ئـەو بەهایەی نەبـوو، وەک یۆنانییەکان رێزیان لە ئەکتەری شـانۆ نەدەگرت و شـانۆیان بە شـوێنێکی کات بەسـەر بـردن دانابوو، دەبووایە هونەرمەندان وەک ئامرازێک بن بۆ دڵخۆش کردنی پیاوە خانەدانەکان و کاربەدەسـتان. شانۆ لە سەرەتای سەرهەڵدانی چەندین هەوراز و نشـێوی بینیوە، سەرەتا لە گۆڕەپان نمایشەکان پێشکەش دەکران، دواتر لە چوارچێوەی هۆڵێکی فراوان و ئینجا لەناو کەنیسـەو پاش ماوەیەک لەنـاو کەنیسـە دەکراو پیـاوە ئایینییەکان دەسـتیان کرد بـە دژایەتیکردنی شـانۆ. بۆیە هونەرمەندان ناچار بوون بەشـێوەی گەڕۆک شـانۆ پێشـکەش بکەن و زۆرجاریش نمایشـەکانیان بە بووکە شووشـە بەرجەسـتە دەکرد. واتە ئەو چیرۆکەی دەیانویسـت پێشکەشـی بکەن کەسایەتییەکانیان دەکردە بووکەشووشـەو بەهۆی چەند بووکە شووشـەیەک یـان چەند بووکۆڵەیەک نمایشـەکانیان پێشـکەش دەکرد، چونکە پیاوە ئایینییەکان و کاربەدەسـتان لاریان نەبوو بەم شێوازە پێشکەش بکرێت. ئینجا دووبارە شانۆ توانی خۆی بەسـەر واقیعەکەدا فەرز بـکات، رۆژ بەدوای رۆژ گرنگی خۆی سـەلماند و توانی ببێتە بەشـێکی گرنگی ژیانی رۆژانەو تەختەی شـانۆ بووە سەکۆیەکی پیرۆز، رۆژ لەدوای رۆژ وانەی بەسـوودتر و چیرۆکی بەپێزتری پێشـکەش دەکرد. هەمیشە شانۆ لە هەوڵی ئەوەدابوو تەبایی و خۆشەویستی و زانستی نوێ و چارەنووسـی بەدڕەوشـتی و چێژی ئازادی و ئازاری برسـیەتی و ژێردەستی و پەرتەوازەیی بەخەڵک بناسێنێ و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابێت مرۆڤ بەرەو بەختەوەری و زانسـت و سـەربەخۆیی و خۆشەویستی ببات. ئێمـە گەر بمانەوێت دیاردەی پێشـکەوتنی شـانۆ لەکۆنەوە تا ئێسـتا دیاری بکەین ئەوا ئەو پێشـکەوتنە لەچـوار رووەوە خۆی دەبینێتـەوە: "ناوەرۆک، شێوە، جێگەو شوێن، نمایش".

لەرووی ناوەرۆک لە سـەرەتادا شـانۆ باسـی ململانێی مرۆڤی دەکرد لەگەڵ خواوەنـد یـان لەنێوان چارەنووس و پاڵەوان واتە زیاتر باسـی کێشـەکانی ئاسـمانی دەکرد. مەبەسـت لە ئاسمان و خواوەندەکانی ئەو سەردەمە بوو نەوەک باسی مرۆڤ و کێشە تایبەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بۆ نموونە شانۆیی "ئۆدیبی پاشـا" کە سۆفۆکلیس نووسـیویەتی، چارەنووسی ئۆدیب وایە دەبێ باوکـی خـۆی بکـوژێ و دایکی خـۆی مارە بـکات، ئینجا ئـەم کردەوەیەی ئاشـکرا دەبێت و لەداخا چاوی خۆی کوێر دەکات بۆ ئەوەی لەو کردە پیسە رزگاری ببێت و پاک ببێتەوە. ئینجا ناوەرۆکی شانۆیی بەرەو کێشەی مرۆڤ هەنـگاوی ناو تا ئەو رادەیەی باسـی کێشـەی نێـوان مرۆڤەکانی دەکرد بە تایبەتـی کاتێ کە قوتابخانەی ریالیزمی و سروشـتی سـەریان هەڵدا. ئینجا بـەرەو کێشـەی مرۆڤ لەگەڵ خـودی خۆی، ئەمەش لـە قوتابخانەی یاخود رێبـازی "رەمزی و تەعبیریدا" ئینجا چارەسـەرکردنی کێشـەی مرۆڤ وەک ئەندامێـک لـە چینێکـی کۆمەڵایەتی کە پێـوەی پابەندە لەگـەڵ جیهانێکی تر، ئەمـەش زیاتر لە شـانۆییەکانی نووسـەری ئەڵمانی "برتۆڵـد برێخت" بەدی دەکـرێ، ئـەم گۆڕانکارییانەی هـۆکاری خۆیـان هەبوو هـەروا هەڕەمەکی نەبـوو، هۆکارەکانیـش دەگەڕێنەوە بۆ بەرزبوونەوەی ئاسـتی تێگەیشـتنی مـرۆڤ و درککردنـی بـەوەی دەبێ لـە کۆمەڵـدا رۆڵی هەبێـت و هەروەها رووبەڕووبوونـەوەی ئەو گیروگرفتانەی کە تووشـی دەبێت و هەوڵەکانی بـۆ ئەوەی لـەم گیروگرفتانە رزگاری ببێت، هەروەهـا گۆڕانکارییە ئابووری و رامیارییـەکان کاریان لەسـەر شـێوەی ژیانی مـرۆڤ و پەیوەندی نێوان کەسـەکان دەکرد. لەگەڵ کارتێکردنی زانسـت بەسـەر ژیانـی مرۆڤایەتی و رۆشـنبیرکردنی مرۆڤ بە مەبەسـتی پەرەپێدانی ژیانی خـۆی و زاڵ بوونی بەسـەر ئازار و ئەشکەنجەکان، ئینجا هەست کردنی هونەرمەندان بە گرنگی بەستنەوەی ژیان بە هونەر بە شێوەیەک زۆر کۆنکریتی بێت.

# گۆڤاری فیلم ... نۆبەرەیەک زەنگی بوون رادەگەیەنێ

### تەحسین فایق

خەونێکی دێرین. سـاڵانێک سـەر سینگی تووند کردبووین و نەدەهاتە دی..! لـە زۆربـەی سـاتەکانی دیالـۆگ کردنمـان سـەبارەت بە سـینەما. کۆڵانێک هەبوو. نوتەک و تاریک. خاڵی لە وشـەو لە وتار. خاڵـی لـە تەوژمەکانـی مەعریفە. خاڵـی لـە ئیسـتاتیکیترین زمان. خاڵـی لە فانتازیـاو وێنە جووڵاوە یۆتۆپییەکان.

زۆر دەمێکـە خـۆم و گشـت هاوپیشـەکانم پەرێشـان و سەوداسـەری لـە دایکبوونـی ئـەم نۆبـەرە قەشـەنگ و ئیلهـام بەخشـەین. لە هێلکەدانـی وجودا بێتـە دەرێ و لاپەڕەکانـی ناخـی خۆی واڵا بکا بۆ ئەو. پێنووسانەی رۆژگارێک بـەدوای شوناسـێکدا وێڵ بـوون. بیکەنە ماڵی حیکمەت و مەعریفەیـان. شـوکر ئێسـتا لەدایکبوو.

گۆڤـاری فیلم. یەکەمیـن ژمارەی دەرچوو. لە نۆڤمبـەری ٢٠٠٩داو بڕیارە دوو مانگ جارێک لەسـەر بودجەی بەڕێوەبەرایەتی سینەمای سـلێمانی دەربچێـت. هەڵبـەت دەرچوونـی گۆڤارێکـی تایبەت بە هونـەری فیلمسـازی زۆر کەلێـن و دەلاقـە لەبـواری رۆشـنبیری سینەمایی پڕ دەکاتەوە، کە ساڵانێکە میدیای کـوردی. بەتێکڕای کەناڵە بینراو و بیستراوو نووسراوەکانی نەیتوانی بەرجەستەی بکات. چوون سـینەما وەک ژانرێکـی هونەری رەها خاوەن ستراکچەری خۆیەتی و ناشـێ ئاوێتـەی ماددەیەکـی تری بکەیـن. مەوداکانی سـینەما هێندە فرە رەهەنـدن لە کاژێرێکدا تەنیـا لەرێـی بینین. کـە هونەری سـەرنجدانی شـتە نەبینراوەکانە ئەفسانەیەک وێنا بکات ئەندێشەی تێدا سەرسـام بێت، ئەوە هونەری سینەمایە رۆمانی "کۆدی دافنشی" دان بـراون لە قالبـی فیلمێکدا وێنا دەکات. بەیەک دانیشـتن دەتوانی بیبینیـت و گشـت "جفرە"کانـت پێبگات، بەڵام وەک خوێنەر بە دوو هەفتە ئەم رۆمانە تەواو ناکرێت..

تەنیا سینەمایە دەتوانێ سیحرێک بخولقێنـێ و مرۆڤایەتـی بـڕوای پـێ بـکات، سـینەما لـە تیشـکی لیـزەر بەهێزتـر یـاری لەنێـوان زەمـەن دەکات (٥٠٠) سـاڵ بـەر لە ئێسـتا یـان (٥٠٠) سـاڵ دوای ئەمڕۆ. بەپێی داخـوازی چیرۆک-گشـت زەمەنێک دەخولقێنێ وەک کاراکتەر کێ دەخوازی- (غاندی)ت دەوێ یاخود لینین، دکتۆر فاوست. یان مەم و زین..؟ سـینەما مەحاڵ نەناسەو هەرچی بوێ دەیخولقێنێ.

من دەخـوازم و ئومێد دەکەم ئەم گۆڤـارە نۆبـەرە تاقانەیـە بەهەر هەموومان جوان پەروەردە بکەین و دریغی لەگەڵدا نەکەین. جگە لەوە. خوشک و برای بۆ پەیدا نەکەین، تا بتوانین بەگشـتمان کلتووری فیلم بینین وخوێندنەوەی سـینەمایی و رۆشـنبیری سینەما لەوێوە پەرش بکەیـن و مینبەری راسـتگۆییمان بێت.

گۆڤاری –فیلم- یەکەم ژمارەی جێی تەواوی داخوازییەکانی فیلمسازان نییـە. وەلێ کەمتەرخەمی خۆمانە، من یەکێک بووم لەم کەمتەرخەمانە کـە کاتێکـم بۆ چەنـد لاپەڕەیەکی تەرخان نەکرد..!

مـن بەپڕ عیشـقەوە پیرۆزبایی لە خۆمان و ستافی گۆڤارەکە دەکەم، کە لە ماوەیەکی پێوانەییدا توانیان گۆڤارێکـی رەنگـی قەشـەنگ بـە دیزایین و چاپێکی جوان. لێوانلێو لە بابەتی بەسوود بخەنە بەردەستی خوێنـەران و عاشـقانی سـینەما. بەمـەش کەلێنێک کە لە کتێبخنەی کوردیـدا سـاڵەهایە خالییـە، بـە مەعریفەی سینەمایی پڕ بکەنەوە. بۆیە بە فیلمسازان دەڵێم ئیمڕۆمان جوان بوو. بەیانیمان جوانتر.




# یەکەم پێشانگای هاوبەشی گرافیک لە سلێمانی کرایەوە

### تایبەت بەهونەری بەدرخان

ناوەندی سلێمانی رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان پێشانگایەکی هاوبەشی بۆ "٤٢" هونەرمەندی شێوەکار کردەوە، کە بە کاری گرافیک بەشدارییان کردبوو لە پێشانگاکە.

لە هۆڵی تەواری شاری سلێمانی، کە ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان و بینەران ئامادەی بوون، محەمەد فەتاح سەرپەرشتیاری پێشانگاکە لە لێدوانێکدا گوتی: لەم پێشانگایەدا هەوڵماندا کۆمەڵێک هونەرمەندی گرافیکناس و گرافیکزان کۆبکەینەوە و بەرهەمەکانیـان پیشان بدەین، کـە بە قەبارەی جیاواز و بە شـێوازی جیاواز بەرهەمەکانیـان نیشـاندابوو، بێ ئەوەی هیچ سانسـۆرێک لەسـەر دیاریکردنی تەوەری کارکردن هەبێت، بێگومان هونەری گرافیک کە لقێکە لە لقەکانی هونەری شـێوەکاری هەموو ئەو کارانەیە کە دروسـت دەکرێن لەسـەر تەختە، پلاستیک، زنـگ، کاوچوک، کە بە ئامێری هەڵکەندن هەڵدەکۆڵرێ، دواتر بە مەرەکەبی چاپ بـە ئامێـری رۆڵە کاری لەگەڵدا دەکرێت، بۆ ئەوەی ئامادە بکرێت و ئەو نوسـخە ئۆرجیناڵە بچێتە ژێر ئامێری پرێسەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئەگەر بێتوو باسی بەرهەمی زنگ بکەین، ئەوە بە مادەی ترشەڵۆک کاری لەگەڵدا دەکرێت، بێگومان هەموو سەربەسـت بوون لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو تێکسـچەرە بۆ کارەکان، ئێمەش ئەوەی لەسەرمان بوو بۆ ئامادەکاری ئەو پێشانگایە بەرهەمەکانمان گرتە چوارچێوە و فۆلدەرێکی شـیاومان بۆ دروسـت کرد، کە بتوانین ناوی لێ بنێین یەکەمین پێشانگای هاوبەشی گرافیک، کە لە دەرەوەی سنووری پەیمانگاو کۆلێژی هونەر سازدەدرێت، چونکە لەو دوو جێگەیەدا هەڵبەت پێشاندانی هونەری گرافیک هەبووە، بەڵام لە سـنووری کاری خوێندکارەکان و بەرهەمەکانیاندا بووە، ئەگەر بێتوو سەرەتای هونەری گرافیکی کورد باس بکەین، دەبێ هەوڵەکانی مێژوونووس و پیاوی ناوداری کورد حوسێن حوزنی موکریانی لەیاد نەکەین، چونکە ئەو یەکەم کەس بوو لە ماڵەکەیدا ئامێری پرێس "گرافیک"ی دروست کرد و کاری پێدەکرد، جگە لەو نووسینانەی نووسیویەتی سەبارەت بە هونەری هەڵکۆڵین".

جێـی ئاماژەیە بڕیارە لە ماوەیەکی نزیکدا ئەو پێشـانگایە لە شـاری هەولێریش بکرێتەوە.

بڵاوکراوەیەکی ڕووناکبیریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ

سەرپەرشتیاری کەلچەری بەدرخان:
عەبدولڕەحمان مەعروف: awrahman2002@yahoo.com
بە هاوکاری راوێژکاری رووناکبیریی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان:
د.ئازاد حەمە شەریف
ژمارە ٦٢ - ١٣٠، سێ شەممە ٢٠٠٩/١٢/٨ی زایینی

# نیکۆس کازانتزاکیس: نووسەر و ڕۆماننووس

ئا: د. ئازاد حەمە شەریف و
د. ئیسماعیل محەمەد قەرەداغی

نیکۆس کازانتزاکیس "١٨٨٣-١٩٥٧" لە ناوچەی هێراکلیونی سەر بە دوورگەی کریتی یۆنانی لە ١٨ی شوباتی ١٨٨٣ لە دایکبووە. وەکو زۆر لە کەشتیوانەکانی داستانەکانی هۆمیرۆس، لە دوورە وڵات، لە شاری فرایبۆرگی ئەڵمانیا لە ٢٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٧ ماڵئاوایی کرد.

کازانتزاکیس بە زمانی یۆنانی، بەشێوەی "کازانجاکیس" دەخوێندرێتەوە. نیکۆس تەنها نووسەر و ویژەوان نەبووە، بەڵکو بیرکەرەوە و سیاسەتمەدار و وەرگێڕ و خێرخواز و خەونبینێکی مەزن بوو. لەیەک کاتدا شیعری دەنووسی، ڕۆمانی دەنووسی، وتاری دەنووسی، شانۆنامە و گەشتنامەی دەنووسی، جگە لە دەربڕینی بیروڕای فەلسەفیی کۆمەڵایەتی و فەلسەفیی رامیاری و فەلسەفیی وجوودی، کەوای لێکردووە ببێتە سەرقافڵەی کەسایەتی گریکی نوێ، کە شاکارەکانیان بگۆڕدرێتە سەر زمانانی جیهان. بەڵام تاکو ساڵی ١٩٦٤ بەتەواوی لەجیهان نەناسرا، واتا زیاتر لە حەوت ساڵ دوای ماڵئاوایی کردنی لە ژیان. لەو ساڵەی، کەوا میکائیل کاکۆیانیس فیلمی "زۆربای گریکی" ئامادەکرد و بە بەرهەم گەیاند، کە فیلمێک بوو لەسەر بنەمای ڕۆمانی نیکۆس کازانتزاکیس دروست کرابوو.

کاتێک باس لەم نووسەرە مەزنە دەکەین، نازانین لە کوێ دەستپێبکەین: ئایا لە سەختی ڕووداوەکانی ژیانە تاڵەکەی؟ یا لە کەسایەتی ئەو وەکو نووسەر؟ یاخود لێرەوە دەستپێبکەین، کە زمانی میدیا و ویژەی ئێستا چەندەها ئیدیۆمی کازانتزاکیسی تێدایە؟ یاخود چەند پەرتووکی کردووە بە زمانی گریکی بۆ ئەوەی میللەتەکەی سوودی لێ وەرگرێ، ئەو میللەتەی کەوا دەربەدەری کرد و تەنانەت نەیانهێشت لە ئارامگای نیشتیمانی خۆیدا تەرمەکەی بنێژرێت؟ یاخود ئەو غەدرەی کە لەسەر دەستی عوسمانییەکان دیویەتی تاکو ڕۆژی ئازادی؟

ئەو کاتەی نیکۆس لە دایک بوو، دوورگەی کریت لە ژێر دەسەڵاتی تورکی عوسمانیدا بوو، زۆرتریش خەڵکەکەی لە حاڵەتی شۆڕش و ڕاپەڕیندا بوون دژ بە عوسمانییەکان بۆ ڕزگارکردنی دوورگەکەو یەکبوون لەگەڵ ئەو بەشەی یۆناندا، کە توانی


نیکۆس کازانتزاکیس

جودابێتەوە لە تورکیا و بە پشتگیری بەریتانیا و فەرەنسا ببێتە پاشایەتی یۆنانستان.

ساڵی ١٩٠٢، نیکۆس چوو بۆ "ئەسینا" بۆ ئەوەی لە زانکۆی ئەسینا یاسا بخوێنێت، لە ساڵی ١٩٠٧ چوو بۆ زانکۆی پاریس بۆ خوێندنی فەلسەفە. کە گەڕایەوە بۆ یۆنان، دەستیکرد بە وەرگێڕانی پەرتووکی فەلسەفی تازە بۆ سەر زمانی گریکی نوێ.

پەرتووکەکانی مامۆستاکەی خۆی کردە یۆنانی، واتە: پەرتووکەکانی هێنری بێرگسۆنی فەیلەسووفی فرەنسی بەناوبانگ و پرۆفیسۆری نیکۆس کازانتزاکیس لە پاریس.

لە ساڵی ١٩١١، کازانتزاکیس و گالاتیا ئالیکیسو بوون بە هاوسەر، بەڵام لە، ١٩٤٥، کازانتزاکیس لەگەڵ ئیلینێ سامیۆ بوون بە هاوسەر و ئەم هاوسەرگیرییەشیان تا کۆتایی ژیانی بەردەوام بوو.

ئەم ساڵانە سەردەمی داستانی ئۆدیسیایی تایبەت بەکەسایەتی نیکۆس بوو، چونکە ئەو بۆ زۆر وڵات گەشتی کرد، لە ١٩٢٢و ١٩٢٤ گەشتی پاریس و بەرلینی کرد، لە ١٩٢٥ گەشتی ئیتاڵیاو ڕووسیای کرد. لەساڵی ١٩٣٢ گەشتی ئیسپانیای کرد. لە پاشان، سەردانی قوبرس و دوورگەکانی دەریای ئیجەو میسرو چیای سینای کردو چیکۆسلۆڤاکیا و شاری "نیس" لە فەرەنسا، لەگەڵ چین و ژاپۆنی کرد.

نیکۆس لە بەرلین ساڵی ١٩٢٢، کۆمۆنیزمی دۆزییەوە و لینین بوو بە خۆشەویستی نیکۆس، بەڵام قەت نەبوو بەشیوعییەکی پابەند بە هێڵی گشتی. لەم قۆناغەدا، هەتا وازی لە بیری نەتەوەیی کلاسیکی هێناو ئەم بیرەی کرد بە بیرێکی ئایدۆلۆژی بڕوادار بە مرۆڤایەتی بەگشتی. لە ساڵی ١٩٤٥ بوو بەسەرکردەی حزبێکی چەپڕەو، بەڵام بەناوی کۆمۆنیست ئیشی نەدەکرد. ئینجا بوو بە وەزیری دەوڵەت واتا وەزیری بێ وەزارەت و لە پاش یەک ساڵ لە ساڵی ١٩٤٦ دەستی لەم کارەی کێشایەوە.

کۆمەڵەی نووسەرانی گریکی ناوی "نیکۆس کازانتزاکیس"یان لەگەڵ ناوی "ئانجیلۆس سیکێلیانۆس" بۆ لێژنەی خەڵاتی نۆبڵ لە ئەکادیمی پاشایەتی سوید وەکو پاڵێوراوی ئەدەبی یۆنانی مۆدێرن بەرزکردەوە.

ناوی نیکۆس دیسان بۆ خەڵاتی نۆبڵی ١٩٥٧ پاڵێورا، بەڵام خەڵاتەکە بە جیاوازی تەنها یەک دەنگ بە ئالبێر کامۆی فەرەنسی بەخشرا.

لەپاشان، کامۆ ڕوونی کردەوە، کەوا "نیکۆس کازانتزاکیس سەد جار بۆ ئەم خەڵاتە شایان و شایستەترە".

لە ساڵی ١٩٥٧، شێرپەنجەی خوێنی نیکۆس گەیشتە قۆناغێکی زۆر ترسناک. بەڵام دیسان کۆڵی نەدا و سووربوو لەسەرئەوەی بەرەو ژاپۆن و چین بڕوات.

لەکاتی گەڕانەوەی لەوێوە بۆ ئەڵمانیا، تەندروستی بە ئێجگاری تێکچوو و دڵە گەورەکەی لە ٢٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٧ لە لێدان وەستا. کلێسای ئۆرترۆدۆکسی گریکی ناشتنی تەرمی نیکۆسی لە ئارامگای فەرمی قەدەغەکرد، بەڵام دڵسۆزەکانی نیکۆس لە ئەسینا پەیکەریان بۆی دروستکرد.

هەروەها دڵسۆزەکانی نیکۆس لە کریت توانیان تەرمەکەی بۆ ئەو دوورگەیە بگەڕێننەوە، بەڵام لە دەرەوەی سنووری ئارامگای فەرمی تەرمەکەیان ناشت، لە دەرەوەی شووراو دیواری ناوچەی هێراکلیۆن. لەوێ، گۆڕێکی تایبەتیان بۆی هەڵکەند، کە لەسەری نووسراوە: "هیچ هیوام نییە، هیچ ترسم نییە، بۆیە ئازادم."

**شاکارەکانی:**

یەکەم شاکاری نیکۆس چیرۆکی "مارو گوڵی لەعلی"، لە ساڵی ١٩٠٦ بڵاوی کردەوە بە ناوی خوازراو "کارما نیرڤانی"، کە ناوێکی خوازراوە لە فەلسەفەی هیندی و بیروڕای هندۆسییەوە. لە ١٩٠٩، شاکارێکی شانۆیی نووسی بەناونیشانی "کۆمیدیا"، کە لە ڕاستیدا زۆر بیرۆکەی تیایە کە لەپاش جەنگی دووەمی جیهاندا لە شاکارەکانی سارتەر و کامو بەدی دەکرێن.

ساڵی "١٩١٠" بەهۆی کاریگەریی خوێندنی پاریس، شانۆنامەی "وەستای باڵەخانە"ی نووسی، کە ڕێکخستنێکی هونەرییە بۆ چیرۆکێکی فۆلکلۆری یۆنانی.

خۆشەویستترین هۆنراوەی نیکۆس داستانی "ئۆدیسا: پاشکۆیێکی مۆدێرن" کە بریتییە لە ٣٣٣٣٣ بەیتی شیعری. لەساڵی ١٩٢٤ دەستی پێکردو لە ١٩٣٨ تەواوی کرد. وەکو ئۆدێسای هۆمیرۆس، ئەم داستانە بریتییە لە ٢٤ بەش. نیکۆس ئەزموونی ڕۆحێکی مەزن تیایدا تۆمار دەکات.

نووسەرو ڕەخنەگری گریکی بەناوبانگ پانتێلیس پریڤێلاکیس وەها بۆی دەچێ کە نیکۆس کاری زۆر گرنگی کردووە لە تۆمارکردنی هەستەکانی ڕۆحی مرۆڤ کاتێک کە ئەزموونی سەختی مۆدێرنیزم و مێژوو و ململانێ نیشتیمانی و بەرژەوەندی تاکە کەسی بەیەکەوە ئەبەسترێن و بەیەکەوە تێکەڵ دەبن.

ئەو ڕەخنەگرە وای بۆ دەچێ، کە نیکۆس لە ڕۆمانەکانیشی شاعیر بووە، بەتایبەتی لە داستانە هەرە گرنگەکەیدا: زۆربای گریکی ١٩٤٦، کە بە زمانی گریکی ناونیشانی "ژیاننامەو ڕووداونامەی ئالیکسی زۆربا" یە.

هەروەها هەمان ئەزمەی وجوودی لەم پەڕتووکانە بە دی دەکرێ:

١- مەسیح لەخاچ دەدرێتەوە "١٩٤٨".
٢- ئازادی یان مەرگ"١٩٥١".
٣- دوایین وەسوەسەی مەسیح"١٩٥١".
٤- ڕێپۆرت بۆ گریکۆ "١٩٦١".

هەر لە تافی لاوییەوە، نیکۆس نا ئارامی ڕووحی هەبووەو زۆر ئازاری میتافیزیکی و وجوودی دیوە، بۆیەش هەوڵیدا لە ڕێگای گەشت و پەرتووک و نووسین و کۆنتاکی بە خەڵکەوە، ئەو ئازارە کەم بکاتەوە.

فریدریش نیچە کاریگەریی هەبووە لەسەر شاکارەکانی، بەتایبەتی لە ڕووی ١- ئێیزم ٢- لەڕووی بیرۆکەی ئۆبەرمێنش، واتا "سوپەرمان". لە هەمان کاتدا، ترسە ئایینییەکانی نیکۆس قەت کۆتایی پێنەهات. تەنانەت نیکۆس ویستی دووبارە "خوا" بدۆزێتەوە، بۆیە چوو بۆ دێری قەشەکان و لەوێ زیاتر لە شەش مانگی لە نوێژو ڕۆژوو و خواپەرستی و ڕاهێنانی ڕۆحی بەسەر برد.

ئەم ئەزموونەشی بوو بە بابەتی پەرتووکی "مەشقی ڕۆح" کە لە ١٩٢٣ لەبەرلین نووسراو لە ١٩٢٧ بڵاوکرایەوە و لە ١٩٦٠ بە ئینگلیزی بە چاپگەیشت.

کەسایەتی حەزرەتی مەسیح هەمیشە لەبیری ئەودا ئامادە بووە، بەڵام مەسیحێکی پڕ لە پرسیاری وجوودی و میتافیزیکی:

واتا مەسیح لەلای ئەو، بوونەوەرێکی گەورەیە کە دابەش بووە لە نێوان ئەرکی خۆی لەلایەک و ئارەزووی شەخسی خۆی، لەلایەکی دیکەوە. مەسیح لەلای نیکۆس وەکو کەسایەتی تراژیدی دێتە بەرچاوی خوێنەران و ئەو مرۆڤێکە پەیامی پێیەو ئەرکێکی هەیە و پێویستە لەسەری بە ڕێکوپێکی جێبەجێی بکات، گومانی هەیە و لە ململانێدایە لەگەڵ هەستی مرۆڤایەتی خۆیدا. لەوە دەچێ بێگوناه نییە، واتا مرۆڤێکی کوڕی مرۆڤە. بۆیە نوێنەری مرۆڤە. ئەم بۆچوونەش زۆر دوورە لە تێگەیشتنی ڕاستەقینەی کەسایەتی مەسیح بەگوێرەی ئینجیلەکانەوە، کە لەوێدا: مەسیح بێگوناهە. ئەو لە هەمان کاتدا کوڕی مرۆڤییەو کوڕی ئاسمانە، خواوەندو مرۆڤەو لە گرفتی مرۆڤ دەگات و چارەسەری دەکات، بەڵام هەرگیز بەشداری نەبووە لە گرفت و گوناه. لەسەر بنەمای لادانی نیکۆس لە هێڵی تێگەیشتنی گشتی لە کەسایەتی مەسیح، زۆربەی دەسەڵاتی ئاینی لە یۆنان پەنجەی گوناه و تاوانبارییان بۆ شاکارەکانی نیکۆس درێژ کرد. وەڵامی نیکۆس بەم جۆرەبووە: "ئێوە نەفرەتم بۆ دەنێرن، من بەرەکەت و پیرۆزیتان پێ دەبەخشم، هیوادارم ویژدانتان وەکو ویژدانی من بێ، ویژدانێکی ڕاستگۆو بێ فێڵ، هەروەها هیوادارم ڕەوشت و ئاینتان ڕاستگۆبێ لەگەڵ خودی خۆیدا، وەکو ڕەوشت و ئاینیی من ڕاستگۆیە لەگەڵ خودی خۆیدا".

پەرتووکی "دوایین وەسوەسەی مەسیح" لەلایەن دەستەڵاتی کاتۆلیکی لە ڤاتیکان قەدەغەکرا، بەهەمان شێوەش لەلایەن دەستەڵاتی ئۆرتۆدۆکسی قەدەغەکرا. بەرامبەر بەو قەدەغەکردنەی ڤاتیکان، نیکۆس بروسکەیێکی بۆ پاپای ڤاتیکان نارد، کە تیایدا وشەکانی نووسەری بەناوبانگی ئایینی مەسیحی "تێرتولیایی" نووسەر دووبارە کردەوە:

"ئەی خوای گەورە، سکاڵای خۆم بۆ دادگای مەزنی تۆ بەرز دەکەمەوە."

تەنانەت چەندەها ساڵ دوای ماڵئاوایی نیکۆس، کێشە لەسەر نووسینەکانی تەواو نابێ: ساڵی ١٩٩٨، فیلمی "دوایین وەسوەسەی مەسیح" لە زۆر وڵاتدا قەدەغەکرا.

بەدیدی پانتێلیس پریڤێلاکیس، بابەتی ویژەیی و هونەری لە سەردەمی نیکۆس زۆرکەم بوو. لەبەر ئەوە، نووسینەکانی دەبوون بە ئامانجی لوولەی تفەنگەکانی ڕەخنەی ویژەیی. هەموو نووسەرانی ئەو سەردەمە بەر ڕەخنەی توندوتیژ کەوتبوون، بەڵام کازانتزاکیس لە هەموان زیاتر، ئەمەش لەبەر ئەوەی چەپڕەو بووە. هەروەها، هۆکارێکی دیکە وایکرد، کە کلاسیکەکان زۆر ڕقیان لەو نووسەرە ببێتەوە، لەبەر بەکارهێنانی شێوەی "دیمۆتیک"، واتا بەشێوەی ئاخافتنی ڕۆژانەو مۆدێرنانە" لەجیاتی زمانی کۆنی گریکی. ئەمەش بە کوفرێکی گەورە لەسەر ئەو نووسەرە دانرا.

کازانتزاکیس، تاڕادەیێکی زۆر، بە دامەزرێنەری زمانی ویژەی مۆدێرنی گریکی دەناسرێ. نیکۆس ئەم زمانەی دروست نەکرد، بەڵام وایکرد ببێ بە زمانی فەرمی دیفاکتۆ، لەوەشدا دەورێکی وەکوو ڕۆڵی "دانتی" ئەلیگیری و چۆسەر دیت.

دانتێ، وازی لەلاتینی هێناو کردی بە تۆسکانی، کە بوو بەستاندەری سەرجەم ئیتاڵیا. چۆسەر، وازی لە ئانگلۆساکسۆنی هێنا و کردی بە ئیست میدلاندی، کە لە پاشان بوو بەستاندەری سەرجەم ئینگلستان.

هەروەها، نیکۆس کازانتزاکیس وازی لە گریکی کلاسیکی کۆن هێنا و کردی بە "دیمۆتیک بۆ ئەوەی ببێ بەستاندەری نوێی زمانی گریکی، ستاندەرێکی هاوچەرخ و مۆدێرنانە، کە نزیکی ڕوحی گەلی ئیمرۆ بێت. نیکۆس لە ژیانیدا بە بەردەوامی ئەم وتەی دووبارە دەکردەوە، کە لە زۆربەی شاکارەکانیدا، بە نووسین، یاخود بە کردەوە دەبیندرێت:

"مرۆڤی ئازاد و دانا پێویستی بە کەمێک "شێتی" هەیە، چونکە بەبێ ئەم برە شێتییە ناوێرێ پەتی ترس ببڕێ و خۆی لە کۆیلایەتی نادیار ڕزگار بکات."

هەروەها بە درێژایی ژیانی خۆی سەرسوڕمانی خۆی بەرامبەر بە وڵاتی خۆی بەم جۆرە دەرخستووە: "سەیرە مرۆڤی یۆنانی خۆی لە پێناوی ئازادیدا بە شەهید دەدات، بەڵام دەرفەت بە برای خۆی نادا بە ئازادی بیر بکاتەوە".

هەرچۆنێک بێت، نیکۆس کازانتزاکیس بەرپاکەری گەورەترین شۆڕشی ویژەیی مۆدێرنە لە یۆنانی نوێ و هەرگیز لە یادی کەس ناچێ.

لەپاڵ ئەوەی کە نیکۆس لە یۆنان خوێنەری زۆرە، ئەو گەلێک دۆستی لە تەواوی دنیادا هەیە.

**سەرچاوە:** لە ئینتەرنێتەوە

**تێبینی** : لە ژمارەکانی داهاتوودا، هەرجارەو کتێبێکی کازانتزاکیس خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. (بەدرخان)




















# د. کەمال مەعروف دیوانی سامی عەودالی کۆکردەوە

**دوای چەندین ساڵ کارکردن لە دیوانە شیعرەکەیدا مامۆستای زانکۆ و نووسەری کورد د. کەمال مەعروف دیوانی شاعیری ناسراوی کورد سامی عەودالی کۆکردۆتەوە و بڕیاروایە لە ئایندەیەکی نزیکدا چاپ و بڵاوبکرێتەوە...**

ئا: بەدرخان

*** لەناو هەموو شاعیرانی کورد، بۆچی سامی عەودالی؟**

- لەمێژە سامی عەودالی شاعیر دەناسم و ئاشناییم لەگەڵ شیعرەکانی هەیە، لە حەفتاکان دەمویست بەرهەمەکانی بەچاپ بگەیەنم، بەڵام لەو سەردەم کاری چاپەمەنی ئاسان نەبوو، سانسۆری زۆری لەسەر بوو، بۆیە منیش ئەوکات بە پێویستم نەزانی بەچاپی بگەیەنم لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری شیعرەکانیان دەقرتاند، بۆیە هێشتمەوە بۆ ئەو دواییە، کە لە دەرەوەش گەڕامەوە بەشێکی زۆری شیعرەکانم هەبوو، بەڵام هەموو شیعرەکانم نەبوو، تەقریبەن دوو ساڵ پێش ئێستا چوومە ماڵی سامی عەودالی کوڕەکەی و کچەکەی لەماڵ بوون، گوتم دەمەوێ هەموو شیعرەکانی سامی عەودال بەچاپ بگەیەنم، کوڕەکەشی گوتی زۆرم پێخۆشە، گوتم دەبێ یارمەتیم بدەن و ئەو دەستنووسانەم بخەنە بن دەست، گوتیان باشە، سێ دەستنووسی لەلا بوو، یەکیان بەناوی "دیوانی ئازادی" و یەکی دیکەیان "باخچەی بیران" بوو، یەکیشیان شیعرە دڵدارییەکانی بوو، هەرسێکی دامێ، بۆ خۆشم پێشتر زۆربەی شیعرەکانیم نووسیبۆوە، چونکە لە حەفتاکان کە لە زانکۆی سلێمانی بووم ڕۆژانە کە دەهاتمەوە ماڵێ سەردانم دەکرد و هاوینان لە دوکانەکەی دادەنیشتم زۆربەی شیعرەکانیم نووسیبۆوە، بەڵام هەمووم نەبوو، ئەو دەستنووسانەی خۆشم زۆر هاریکاری کردم بۆ ساغکردنەوەی دەستنووسەکان، چونکە بەڕاستی خەتی شیعرەکانی زۆر ناخۆش بوو، شارەزاییەکی باشی دەویست لە شیعرەکانی، بەڵام من زۆر گوێم لە شیعرەکانی ببوو، ڕۆژانە بۆی دەخوێندمەوە، بۆیە ئیشێکی زۆرم لەسەرکرد، دوو ساڵ دەبێ من خەریکی ساغکردنەوەی دیوانەکەم، یانی هەوڵمدا لەنگی تێدا نەمینێ، لەوانەیە لە هەندێک شوێن هەستمکردووە لەنگی هەیە، بەڵام لەنگییەکە ئەگەر بە زیادکردنی بڕگە بێ، ئەگینا دەستکاری وشەم نەکردووە، یانی شیعرەکانم ساغیش کردۆتەوە، پاشان بەرێکوپێکی دانراوە و هەوڵیشمداوە هەموو شیعرەکان لەخۆ بگرێ، یانی دیوانەکەی شیعر نییە فەرامۆش کرابێ، تەنیا هەندێ چوارینە نەبێ کە لەوانەیە جنێوی تێدابێ و گونجاو نەبێ.

*** باشە بۆ هەجووش بەشێک نییە لە ئەدەب؟**

- ئەوانی هەجوو نەبوو، یانی باسی شتی وای نەکردووە جائیز بێ، ئەوانیش کەمن و چەند چوارینەیەکن کە فەرامۆشم کردن، کە بە باشم نەدەزانی، ئەگینا زۆربەی چوارینەکان و پێنج خشتەکییەکەو شیعرە دڵدارییەکانی تێدایە، هیچم لانەداوە هەتا ئەو شیعرانەی لاوازیشن لامنەداوە، دەبێ شیعری شاعیر هەمووی دابندرێ بۆ ئەوەی بزانی لەکوێ بەهێزەو لەکوێش بێ هێزە، لەبەرئەوە هیچم فەرامۆش نەکردووە و بەشێوەیەکی زانستی توێژینەوەم لەسەر شیعرەکانی کردووە.

*** دوای تەواوبوونی دیوانەکە، بە چ قەبارەیەک و چۆن و لەکوێ چاپدەکرێ؟**

- شیعرەکان بە گشتی ٦٠٢ لاپەڕەیە، ڕێککەوتووین لەگەڵ دەزگای بەدرخان کە چاپی بکا، هیوادارم بە چاپێکی جوان بیکا و بڕیاریشیداوە لە لوبنان چاپی بکا، گومانم نییە کە کتێبێکی باش دەردەچێ و ڕەواجێکی باشیشی دەبێ.

*** دوای سامی عەودالی خەریکی چی؟**

- دوای سامی عەودالی لێکۆڵینەوەی زانکۆییم بەدەستەوەیە، کەلێکۆڵینەوەیەکە بەناوی "تیۆرە نوێکانی ڕەخنەی ئەدەبی" کە بۆ قوتابیانی ماجستێر و دکتۆرا زۆر بەکەڵکە، ٨ بەشیم لێ ئامادەکردووە، ئێستا چەند بەشێکم ماوە و بەنیازم بڵاوی بکەمەوە و پێموایە بۆ قوتابیانی ماجستێر و دکتۆرا زۆر بەسوودە، بەرهەمی دیکەشم زۆر هەیە.

*** پێتوانییە ڕەخنەی کوردی زوڵمی لە سامی عەودالی کردووە، بەوەی وەکو شاعیرێکی باش شتی لەبارەوە نەنووسراوە؟**

- لەبەرئەوەی سامی عەودالی کابرایەکی فەقیر بووە، بەداخەوە لەناو میللەتی ئێمە کەسێک فەقیر بێ بایەخی پێ نادەن، نەک هەر ئەوە سامی عەودالی لە کۆیە پەیکەرێکی بۆ کرا، یەک لە بەرپرسەکان بەشدارییان نەکرد لە مەراسیمی پەردە لادان لەسەر پەیکەرەکە، لەبەرئەوەی فەقیرە بایەخی پێ نەدراوە، ئەگەر دەوڵەمەند بووایە یان بنەماڵەیەکی گەورەی هەبا زۆرتر بایەخیان پێدەدا، بەڵام لەبەرئەوەی هەژار بوو ئەو بایەخەی پێ نەدرا.

*** پێتوایە دوای چاپکردنی ئەو کتێبە ڕەخنەی کوردی لە بەرامبەری بکەوێتە دەنگ؟**

- پێموایە بە چاپکردنی ئەو کتێبە هەقی خۆی وەردەگرێ، دەتوانین بڵێین سامی عەودالی شاعیرێکی کلاسیک و نوێخوازیش بوو، لە هەردوو بواردا شیعری هەیە، وەکو



کەلەپوورێکی نەتەوایەتیمان دەتوانین بڵێین شتێکی ئیزافە کردۆتە سەر ئەدەبی کوردی، ڕەخنەش ئازادە لەوەی شتی لەسەر بنووسێ، بەڵام شیعرەکانی ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی، بابەتی دڵداری و سیاسی تێدایە، هەندێکی لەگەڵ واقیعی ئێستاش دەگونجێ، لەوانە داوای یەکگرتنی میللەتی کورد دەکا، تەنها یەک شت نەبێ لەوانەیە لەگەڵ واقیعی ئێستا نەگونجێ، سامی عەودالی لەو شاعیرانەیە زۆر جەخت لەسەر خەباتی چەکداری دەکاتەوە، کە دەبێ لە خەباتی نەتەوایەتی بە خەباتی چەکداری تێپەڕێ، هەرچەندە ئێستاش من باوەڕم وایە هیچ میللەتێک بەبێ خەباتی چەکداری ناتوانێ ئازادی بەدەست بێنێ، لەوانەیە لە ئەوروپا بتوانی، بەڵام لەجیهانی سێیەم پێموایە بەبێ خەباتی چەکداری ناتوانێ هیچ بەدەست بێنێ، چونکە دوژمنەکانمان بەبێ خەباتی چەکداری چۆک دانانێن، بۆیە سامی عەودالی زۆر جەخت لەوە دەکاتەوە، کە بە خەباتی چەکداری ئامانجەکانمان بەدەست بێنین.

# نیگار نادر . دیمەنێک لە هەمیشەیی پێکدابارین

**خالید جوتیار**

گۆتە دیارەکەی "باسترناک"کە دەڵێ: "پێویستە لە سەردەمە پڕ ئاژاوەو فەوزایەکانیش بە هێمنی بیر بکەینەوە، دروشمی ئەو کەسانە بووە، کە بەدوای بابەتی قووڵ و پڕ گرێ و نهێنی گەڕاون، ئەوان لەو باوەڕەن ژیان هەموو جەمسەری کێشەکانی لە بۆتەی ڕۆژگاری خۆی قاڵ کردووە، ژیان ئەگەر هەموو ساتەکانی بەختیاری و خەندەو شادی بوا ڕەنگە چێژمان لەو ژیانە نەدیبا، بەهێمنی بیرکردنەوە بەرجەستەی هەموو دید و بۆچوونە جوانەکان دەکات، ئەگەر ڕاستەوخۆ نەتباتە سەر ئاواتەکان ئەوا بێگومان لەلێواری دەریایەکی پڕ لە نەشئەو جوانی بەرەو ئایندەی گەش ڕاتدەگرێ. ئەو سیفەتە جوانانە دوای ساڵانێکی تەمەن و ڕامان و خوێندنەوە لەگەڵ هۆکارە دژو تەباکانی کۆمەڵ شیرازە دەبن، ئەو کۆمەڵگایەش زۆرجاران بە داب و نەریت و گۆتەو قسە هەڵبەستراوەکان گورزێکی کوشندە ئاراستەی کەسانێک دەکات، بێ زەیی لە میهر و جوانی، سۆز نابەخشێتە هەڵوێستەکانیان، کەچی ئەو هەمیشە ناشیرینەکانی ناو کۆمەڵ لە شیعرەکانی جوان دەکات، بە پەیوەندییە ئازار بەخشەکان نەرم دەکات و هەست بە پاک و بەرائەتی خۆی دەکات، بۆیە لە دیدگاکانیدا شێلوو نابێ، بەڵکو هەوڵدەدا لە شیعرەکانیدا ئەو پەیوەندییە قورسانە تێک بشێلێ و لەو هەویرە تازەیە ئاکار و ئەدگار و دەروونی پڕ بەها بخولقێنێ، لەڕاستیدا ئەوە کاری مرۆڤانەی شیعرە، ئەگەرچی دەبێ ناشیرینەکانیش لەپایەی خۆیاندا بەر تیری جوانی بکەون تا کەسانی کۆمەڵگا هەنگاوە جوان و ناشیرینەکان لێک جودا بکاتەوە، بەهێمنی بیرکردنەوە بەرجەستەکردنی دیاردە بزێوەکان و شەپۆلە هارەکانی تەوژمی هەڵچوونە لە ڕوانینی قووڵتر بۆیە هێمن و دوور لە وروژان و چەواشەکردنی خەڵک بۆ بیرکردنەوەو کردەوە جوانەکان زەینی مرۆڤایەتی بەرەو بەرهەمی جوان شیرازە کردووە.

کچە شاعیرێکی کورد چۆن دەتوانێ لە تەمەنێکی ناسک لە کۆمەڵگای دڕ و باوکسالاری لە دەسەڵاتی عەقڵی هۆزو دواکەوتوو ژوانێک بۆخۆی جوان بکات، یان پەناگەیەک بدۆزێتەوە شیعری لێ بنووسێ و چاودێری نەکرێت و کە شیعرەکەش بڵاودەکاتەوە لێپێچینەوەی لەگەڵ نەکرێت، ڕاستە شیعر بە کردەوەیەکی پەنهانی دەنووسرێ، واتا کارێکی دوورە چاوو دەستی خەڵکە، بەڵام هەر ئەو شیعر نووسینە دوایی دەبێتە کردەیەکی ئاشکراو لە گۆڤارێک یان ڕۆژنامەیەک بڵاودەبێتەوە، شیعر تەنها لەکاتی نووسینیدا کارێکی زۆر خودیانەیە، ڕەنگە لە وەختی نووسیندا ئەگەر چاودێری بکرێت ڕستەکان بشێوێن، چونکە هەموو بەرهەمێکی تاک و زاتیانە وایە، کە پەیوەندی بە دەرەوە نەبێت لەساتی ئەنجامدانی، خوێندنەوەیەکی لەم بابەتە بۆ شیعرەکانی دیدەنی نیگار خان"بەتاو پێکدا دەبارین"بووە پێویستییەکی ئەو مانگەی کۆتایی ساڵ بۆ منی هەمیشە عەوداڵ بەدوای دەنگی بەجورئەتی ژنان، چونکە زۆرجار گوێم لەو ناوە دەبوو، کە دەیەوێ دنیاو مامەڵەیەکی ئێستاتیکانە بەرەو دروستکردنی ژیانێکی تازە بۆ مرۆڤێکی ماندووو لە کۆمەڵگایەکی تۆپیو بکات، لەو پەنجەرەیەوە لەچی دەڕوانی کێ بەرەو پیری دێت، ئەو دەیەوێ کێ و چی ببینێ، هەموو ئەو پرسیارانە لە خودێکی پاک و گەریدە بەرەو ئاییندەی وەهمەکانی کۆمەڵ و نیگەرانی خود، لە کۆمەڵگای وا دواکەوتوو، چۆن نا ئەدی ئەوە نییە تا مرۆڤێکی بە جورئەت شوێنی خۆی و بیروڕاکانی دەکاتەوە تووشی چەندان تانەو تەشەر و ناکۆکی دەبێ، چەند ڕاوەدوو دەنرێت یان جاران بۆ شاربەدەرکراوە، یان کراوە بە پەندی زەمانە، ئیدی تاک یان تاکی بەجورئەت هەردەم لەگەڵ کێشەکاندایە تا قسە جوانەکانی سەردەگرن.

**دیمەنی-بەتاو پێکدابارین**

قەسیدە نووسین چەند قورسە، ڕەنگە ناونیشان هەڵبژاردن لەویان قورستربێ، چونکە دەتەوێ، ڕستەیەک یان وشەیەک، یان دەستەواژەیەک پەیدا بکەی دەربڕی هەموو ناوەڕۆک بێ یان فۆرمالیستانە بیربکەیتەوە لە شێوەدا ئاکارێک جێبهێڵێ، هەڵبژاردنی ناونیشان وەک ناولێنانی منداڵ قورسە، مرۆڤ ڕاراو نیگەران دەکات، زۆرجاران




لەپڕ شەیتانی شیعر ناونیشانێکی وات بۆ بەرجەستە دەکات کەم کەسی دیکە بۆی چووە، بۆیە ئەو ناونیشانەی"نیگار"خان بۆ شیعرەکانی هەڵبژاردووە لەڕاستیدا ناونیشانێکی زۆر جوان و کوردانەیە، هەموو ئەوانەی لە فەرهەنگی کوردەواری شارەزان دێتەوە خەیاڵیان کاتێ باران دەبارێ بەهۆی تەوژمی با لە هێوربوونەوەو توونديدا لە هەڵکردنی دوو باری دژ لەکاتی باریندا، باران بەرلەوەی بگاتە زەوی پێکدەکەون و جوانترین دیمەن دروستدەکەن، دەکرێ ناونیشانەکە وا لێبکەین"بەتاو پێک دادەبارین"ئەوکاتە لەڕووی زمانەوانی و هەڵگرتنی مانای تر لە دەربڕین هەست دەکەی ئەو دەربڕینە چەند وەلای کاری تردا ئاماژە دەکاتەوە، ئەو پێکدابارینە تێکەڵاوبوونێکە لە ئەڤینەوە دێ بۆ بەرامبەرەکەی بۆ پڕکردنەوەی هەواری موحیبەت، لەوکاتە ئەو جۆرە پێکدابارینە دروستدەبێ ئەوە لەخۆیدا وامان لێدەکات ورد بڕوانینە ناوەڕۆکی شیعرەکەو زمان لای"نیگار نادر"بەهۆی هەڵگرتن و دروشمی مرۆڤ شێوازە بەباری لێکدانەوەی دەروونی و زانستی سایکۆلۆژی فرۆیدی وەرگرین، بۆیە ئەو شیعرە لای من جیا لە شیعرەکانی دیکەی ئەو دیوانە فۆرمالیستانە دارژراوە لە شێوازدا چەندان ئەگەر و نهێنی و...وابوو. وانەبوو هەڵدەگرێ، ئەو وشانە لە وشەکانی پێکهاتەی ئەفسانە دەچن، کە زەمانێکی زۆرە سروتەکانیان بزربووەو ئەمڕۆ لەگەڵ دەربڕیندا هەست بەبوونی سیحری پەیوەندییەکە دەکەینەوە، چی لە پێکدابارین بزربووە، کە مرۆڤ لەبەر باراندا یەکتریان لەئامێزناوە تاک شاگەشکەی چێژی سێکسی بەپێی تیۆری شیکردنەوەی دەروونی باران و زەوی بەدوو ئامرازی نێرینەو مێیینە وەسف دەکرێن، لە باریندا پیت و بەرەکەتی زەوی لەسەر ڕاو زەویش هەمیشە لەبنەوە نمەی دڵۆپەکانی ئاو دەمژێ و دوای ماوەیەک سەوزایی لێ پەیدادەبێ، کردەوەیەکی زاوزێ دروستدەبێ، بەڵام کە مرۆڤی دوو توخمەکە پێکدا دەبارن لەشێوەیاندا شەڕی خواوەندەکانی نێرو مێیە چەرخی ناو خەیاڵاتی بنیادەم هەڵایساوتر دەکات، ئەو وەختە زەینبدە-نیگار- بزانە چی دەڵێ:

**باران باریبوو**
**من بەتۆدا باریبووم**
**لەخۆم خۆڕسکتر لەمندا**
**کە دەهاتی بە ئاوەدانیتدا دەگەڕاندم**
**سۆر سۆرت دادەگیرساندم**
**کە ویستت بەنێومدا بێیەوە**

هەر ڕستەی من بەتۆدا باریبووم چەند لێکدانەوەیەکی تر هەڵدەگرێ، دیارە هەستی خۆباراندنە سەر بەرامبەر یان پێکدابارین نەشئەیەکە لە داگیرکردن و خۆ ئاوێزەکردنی توخمی بەرامبەر بۆ چرۆکردنی بەری سێیەم لەدوو حاڵەتە جیاکەدا، کە دوایی دەبێتەوە مایەی گومانێکی ئەبەدی لەگەڵ چارەنووسدا.

من لەگەڵ ئەوەی دەمەوێ تەنها لەو شیعرە بدوێم، بەڵام وا چاکترە دیوانی بەتاو پێکدابارین- هەڵدەمەوەو لە شێوازی نووسینی نیگار هەندێ باس بکەم، کە ڕەنگە دوای ئەو دیوانانە شێوازو بیرکردنەوەی گۆڕابێ، ئەوە کاری شیعرە دەبێ شاعیر لە شێوازی تازە بگەڕێ، بەڵام-نیگار نادر-کێیە؟ من نایناسم، بەڵام ساڵانە دەنگی شاعیرە ژنەکان بەسەر دەکەمەوە بۆ ئەویش تا تووشی لێکدانەوەی ڕێک بم پرسم بە هەردوو مامۆستای خۆشەویست"مامۆستا غەیب پشدەری و مامۆستا مەحموود زامدار"کرد، من هیچ مەبەستێکم نەبوو، تەنها باری کۆمەڵایەتی بوو، هەردووکیان زۆر جوان و بە تەقدیر باسیان کرد و منیش لە شیعرەکانیدا لە جورئەت دەگەڕام، چونکە شیعری تەقلیدیم ئەوەندە مەبەست نییە،

من بەدوای جوانییەکانی شیعر دەگەڕێم، بۆیە من لەمێژە تەنها بۆ ڕۆشنبیری خۆم دەنگی مێیینەکان دەخوێنمەوە، شارەزای کەش و هەوار شیعرەکانیانم، دەگەڕێم بزانم دەنگی شیعری ژنان توانیویەتی بگاتە شیعرە زارەکییەکان یان فۆلکلۆری پڕ جورئەتی ژن، بۆیە هەرسێ دیوانی-نیگار "نیشتیمانێک لە شووشە، بەتاو پێکدا دەبارین، بۆئەوەی هەرچی هەتەو نیتە بەمن بچێ.."م پەیداکرد بزانم چی دەڵێ، لەچی دەدوێ، ئەرێ ئەویش هەر ژان و ژووری ژنانەو باوکسالاری و هەندێ گرفتی دەروونییە یان مرۆڤێکە لە فەزای بەرهەوار ڕۆشنبیریدا کار لە پێکهاتەی شیعر و دەربڕین دەکات.

یان چی نوێمان پێدەڵێ، هاوکێشەکانی بوون و مەرگ و هەرەشەکانی نادیار چ ئەدگارێکی لەسەر بیرکردنەوەو پێگەی مرۆڤ لە کۆمەڵگا جێهێشتووە، "نیگارخان"دەیەوێ چۆن دەنگی خۆی لەگەڵ دەنگەکانی تر جودا بکاتەوە؟ ئەوانە ئەو بابەتە هەستیار و پڕ کێشەو لاتەریکانەن مرۆڤ گیرۆدەیان بووە، بۆیە مرۆی ڕووناکبیر قورسایی خۆی لەگەڵ پێوەری ژیان و بەرجەستەکردنی جەمسەرە دژەکانی ژینگە، کە لەئاکامدا نمایشی بوون لە خولقاندنەوەیدا ئەنجام دەداتەوە، ئەوە کاری شاعیرە بەدوای خولقاندنی دنیای نوێدا بگەڕێ و بەشێک لە دەسەڵاتی خوداوەندێتی بەکاربێنی و زەبری دەسەڵاتی ڕووناکبیری لەو کردەیە بەکارببات، بۆیە پەیوەندی بەو ڕۆشنبیرییەوە هەیە، کە ئەو شاعیرە لە ئەنجامی گەڕان و خوێندنەوەیدا پەیدای کردووەو دوایی لەگەڵ دنیابینی خۆی بە کردەوەیەکی شێلان ئاسا بوونەوەرێکی تری لێ دروستدەکاتەوە، ئەوە شاعیرە دەمانباتە بەهەشت و دەرمان دەکات، هەر شاعیر نوێنی ڕۆمانسییەت ڕادەخاو بە یۆتۆپیا داماندەپۆشێ، هەر شاعیرە فرمێسکەکان دەسرێتەوەو ڕووبەڕووی ژیانمان دەکاتەوە، بەباری ئەبستراکی وەک لە ئەدەبی زارەکیماندا هەیە، ئەو کلتوورە مەزنەی ژیان لە پێکەی خۆی بێ ڕتووشی دەبینێ و لەگەڵ ڕستەدا شیرازەمان دەکات، نەک لەگەڵ واتا بە شیعری ڕۆمانسی لە پەل و پۆمان بخات، با ڕۆمانسییەتیش بەشێک بێ لە پێداویستییەکانی ژیان، لێرە چەمکی ژانرە ئەدەبییەکان لێک دوور دەکەونەوە.

"نیگار خان"لەناو کۆمەڵگایەکی توند، بێ ویژدان، خۆپەرست، وەک ژنێکی پڕ مەسئولییەت بەرامبەر کێشەکان دەبێ و پەنجەی شیعری بڵند دەکات و لەزۆر شوێندا، پێشمەرگەیەک گەریلایەو لەکوردستان سەراسیمە دەگەڕێ و، ئاگری نەورۆز هەڵدەکاو لە دایکی خۆی و دایکەکانی گۆرکی دەگەڕێ، سۆراغی برا شەهید و ئەنفال و بێوەژن دەکات، ئەو لەو کۆمەڵگایە لەخۆی دەگەڕێ، کە بێگومانم ئەوجۆرە بیرکردنەوەیە لە ژیانی ڕۆژانەیدا سەرئێشەی بۆ دروستدەکات، هەمیشە کێشەی ڕۆشنبیر و دەسەڵات لە وردەکارییەکاندا لێک دووردەکەونەوەو دەبنە دژی یەکتری، چونکە لەدوو جیهان دەگەڕێن، مرۆڤ لەناو دەسەڵات بێزی لەژیان دەبێتەوە، بەڵام هەمیشە ماندووە بۆ گەیاندنی چەمکەکان ئەوە بۆ نموونە لە شیعرەکانی"هەڵەبجە" کوردستان، شکۆفەنامەی نەورۆز، دونیام بە شەهید ناوناوە، دایک.

**لە شیعری هەڵەبجە دەڵێ:**

**هەڵەبجە ژنێکی ڕەنگ لە خەزان**
**شنروێ و خونچەکانی**
**بۆنی"سیانید"دەبن و**
**دەگەڵ کەڤیە ژنێکی قەڵادزێدا**
**دەست بە ڕیزان دەکات**

**لە کوردستاندا دەڵێ:**

**سینگت بێنە**
**سەری ویکەم**
**داخوا ئەوە ترپە ترپی دڵتە**
**یا نێڵەی ئاگری نەورۆزە**

ئەوجۆرە شیعرانەی بە نموونەمان هێنایەوە، هەمان دەنگی پیاوانەیە بەدوای خاک و برین و پێشمەرگەدا دەگەڕێ، لێرە ئەگەر-نیگار خان- ناوی لەسەر شیعرەکان نەبووا وامانده‌زانی پیاوێک ئەو شیعرانەی نووسیوە، کە من بۆخۆم لەگەڵ ئەوەدانیم ژن پیاوانە بیربکەنەوە، دەبێ هەمیشە ژنانە بیربکەنەوە، بۆئەوەی تاکی مێ لەناخی خۆی بدوێ و بڕوانێتە دەرەوەی، هەندێک بە جورئەتیش بن لەوەی ژیان لە خۆشەویستی خاکدا چ ئازارێک بە ژنانیش دەکەوێ، قسەیەکی نوێ نییە ئەگەر بڵێم بەدرێژایی

مێژوو گومان لەبەرامبەر ژنان بەکارهاتووە، پیاوان هەمیشە بەگومان بووینە، بۆیە پیلانیان بۆ دادەنێن، تەنانەت هەموو شیعرە ڕۆمانسییەکانی ئەدەبی کوردی، کە بۆ کەوی کردن و ئیغراکردنی ژنان نووسراوە لەڕاستیدا پیلانە بۆ ژوانێکی سێکسی، پیاوان ڕۆحی تەمەلوکیان لە ڕادەبەدەرە بۆ دەست بەسەرداگرتنی ژنان لەڕووی دەروونی و سێکسیش، بۆیە دەبێ ژنان ئەو حاڵەتە بەرەواژ بکەنەوە، بەپێچەوانەوە لەکلتووری زارەکی کوردەواریدا دەنگی ژنان دەنگێکی زۆر بە جورئەت و دیارە لەبواری گوتن و داشۆرین و هەڵخستنی دەروونی خۆیان و زۆر بە ڕاشکاوی، بێ شەرم و پەردە ڕووبەڕووی پیاوان دەبنەوە، من زۆرجاران کە باسی شاعیرە مێیینەکان دەکرێ هەندێک ڕەخنەی توونديان ئاراستە دەکەن گوایە شیرازەی هەندێ داب و نەریتیان تێکداوە، من بەپێچەوانەی دەبینم، کە شاعیرە ژنەکان جارێ هێچیان وایان نەگوتووە دژی ئادابی گشتی بێ، فەرموون زەین بدەنە فۆلکلۆری کوردی بزانن ژنی کورد چۆن وا بەجورئەت قسە دەکات و دەنگ هەڵدەبڕێ، زۆربەی شاعیرە ژنەکان هەندێجار چەند حاڵەتێکی ورووژاوی سێکسی باس دەکەن، ئەویش بەڕاستی لە مستەوای شیعر نییە، بەڵکو وتارەکانی "د. نوال السعداوی"ەو هیچی تر نا، ئێمە شیعرمان دەوێ، من باسی جورئەتم کرد، پێموایە وردە وردە ڕۆژگارێک هاتۆتە پێش ئەو ژنانەش شیعری خۆیان وەک دەروونی خۆیان بڵێن و گوێیان لێ بگرین، بەڵام دەبێ شیعر بێ.

من با ئەوەندە دوور نەکەومەوە دێمەوە سەر ئەو شیعرەی سەرنجی منی ڕاکێشا بۆ ئەو کورتە نووسینە، ئەویش فۆرمالیستی شیعری "بەتاو پێکدا دەبارین"ە، تا بزانین چ جۆرە شێوەخوازییەک لەگەڵ نووسینی ئەو شیعرە بەکارهاتووەو لەو دیو شێوازەکە چ نموونەو واتایەکی تر یان دیمەنێکی تر بەدی دەکرێن یان هەستیان پێدەکەین."نیگار خان" چۆن توانیویەتی ئەو شیعرە وا داپۆشێ و بیکاتە دەرهاوێشتەی شێواز، کە لە نووسینی شیعردا تەنها چەند شاعیرێک توانیویانە لەمجۆرە شیعرانە بنووسن، کە فۆرم بتوانێ هەموو جوڵەکان بەرجەستە بکات و لەگەڵ ناوەڕۆک دیمەنی دووەم دروست بکا یان خوێنەر خۆی واتای تر بۆ شێوەی دیمەنی ئامێزی دەربڕینەکە دیاری بکات یان لێکیبداتەوە، دەتوانین لەو کۆپلەیەدا چەندان دیمەن، دیمەنی تاک و جووت ئاوێتە بکاتەوە، ئەو خەیاڵ واڵاکردنە، ڕەهای عەقڵە بەرامبەر فانتازیای پێکدابارین دوای خوێندنەوەی دیمەنەکە وەردەگرینەوە یان دەیشۆینەوە جارێکی تر بەرجەستەی دەکەینەوە لە دیمەنە جیاوازەکاندا، یان لە شێوەی بەرخەیاڵماندا کردەوەیەکی پەنهانی دەبینین لەمیانی دوو تاکی تەبا، تا ئەو دیو ڕەهایی و تێکەڵبوون لای خوێنەر دیمەنەکە هەر بارینی باران نییە لەجوانی ئەو دیمەنەدا سەرکێشی و غەریزەکانی مرۆڤ دەکەونە جوڵەو ورووژان بەرەو یەکدی گرتنەوەو باوەشی پێکردن، بۆیە دەڵێ:

**باران باریبوو هەر تک پێکدا باریبووین**
**باران دەباری و هەرتک خۆش خۆش**
**دەبارین . دەبارین**
**کە هاتییەوە دڵۆپ دڵۆپ**
**دڵۆپەکانی بارانیم لەمل کە**
**کراسێکی لەو. مژە ...م لەبەرکە**
**تەرزانە پێمدا ببارەو**
**وەکی بارانێ بەتاو بەسەرمدا داکە**

لەم باری دیمەنانەوە لەگەڵ قەڵاتی هەولێری تێکەڵ دەبن و سەربردەیەک لە هەڕەتی جوانی و لاوێتی هەولێر دەگێڕێتەوە، ڕووەو ڕیشاڵە داکشاوەکانی خاکی قەڵاو ئەو قەڵادزەیی بە ئاوارانەی وەبیر دێتەوە، وەختەکێ میوانی هەولێر بوون یان وەختەکێ لەماڵی هەولێر بوون، سەرەنجام بوونە بەشێکی یادگارییەکانی قەڵا، بۆیە ئێستاش هەڵەبجەییەکان و قەڵادزەیییەکان لەهەولێر خۆشەویستن.

"نیگار نادر"لە دیمەنە بەرفراوانەکانی هەولێردا، لە شۆڕبوونەوەی بە ڕابردوودا بەنێو نهێنییەکانی خودی خۆیدا دەگەڕێ.

**کە ویستت بەنێومدا بێیەوە**
**هەولێرێ بپۆشە تەیراوە لەسەرت نێ و**
**شەقڵاوەی لە دەستەکانت هەڵکێشە**
**باران باریبوو..**

**بەئومێدی شیعری جوان و قەسیدەی خودیانەی سەربردەو نهێنی تارماییەکان.**

# نۆڤلێت (٢٢)

# خەرەندەکانی سنوور

**کاروان عەبدوڵڵا**



ئەگەر جەزبەی نیگاکانی ( دونیا ) نەبوایە، نەمدەتوانی لە تەکیدا روبنیشم، ئەگەرچی بە زاریش داوای لێکردم، بەڵام بەشێوەیەک خۆم دەرخست وەک ئەوەی گوێم لە هیچ شتێک نەبووبێ، ئەگەر چاوە پڕ سیحرو بەهێزەکانی ئەو نەبوونایە کە وەک موگناتیس ڕایانکێشام، ئەوا هەرگیز جورئەتی ئەوەم نەدەکرد بستێکیش لێینزیک ببمەوە .هاوڕێکانی دونیا، هەموو جۆرە پەیوەنییەکیان لە نێوان نێرو مێدا قەدەغە کردبوو . (دونیا ) دەیزانی من کە لە دەوروبەری ئەودا دەسوڕێمەوە لەبەر خاتری ئەوە، لەوەش دڵنیا بوو کە من لە نێو هەموو ئەو کچانەی ئەوێ، تەنیا خۆی بوو، ببووە جێسەرنجی نیگاکانم، لەوە دەچوو هەردووکمان ساتە وەختێکی زۆر باشمان بۆ ئەو چاوپێکەوتنە هەڵبژاردبێ، من لە ڕابردووشدا هەوڵم داوە بە دوور لە چاوی پۆلیس ئاسای هاوڕێیان، قسەی لەگەڵدا بکەم، بەڵام لە لەحزەیەکی خێرادا بڕیارەکەم گۆڕیوەو لەوێ دوور کەوتومەتەوە، کەچی ئەوجارەیان پێدەچوو حەزی یەکتربینین لەلای هەردووکمانەوە چەکەرەی کردبێ . بەڵام من بەنیگەرانییەوە لە تەنیشتی دانیشتم، ئەو هەستی بە بێئۆقرەیی من کرد، بەڵام نەیدەزانی چ خۆشییەکی بێئەندازە ئاوێتەی نیگەرانییەکەم ببوو، (دونیا ) بۆ ئەوەی ڕێ لە ترس و دوودڵییەکەم بگرێ، بە چاوێکی پڕ لە میهرو ئەوین، داوای لێکردم گوێ بۆ خوێندنەوەی شیعرەکانی شل کەم، لەو دەمە هەستم کرد هەموو گیانم بۆ بیستنی شیعرەکانی ئەو ئامادەیە، سەرەتا هەر کە لێوەکانی لێکترازاند و یەکەم وشە لە دەمییەوە دەرچوو، وا هاتە بەرچاوم کۆمەڵێک وردە پەپولە لە نێوان لێوەکانییەوە هەڵفڕین، ئەو بە سەرسوڕمانەوە وەک ئەوەی لە خەو بێدارم بکاتەوە، لە سەرخۆ ڕایتەکاندم، دەتوت دەیزانی لە جیاتی وشە، پەپولە دەبینم، بە بزەیەک هەر لە شکۆفەی خونچە گوڵێکی دەکرد، تێموەڕاماو وتی :

-- ئەوە لە کوێیت هاوڕێ سەران ؟

نەمزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە و چی پێبڵێم، ئەو جارێکی دیکە دەستی کردەوە بە شیعر خوێندنەوە :

من و تۆ هاوڕێ
خەلقەندەی ڕەهێلە بارانێکی بەهاریی بووین
هەموو جۆگەلەکانی شارمان لەیەکتر گرێ دەداو
دەبووین بە ڕووبارێک
من و تۆ هاوڕێ
بەر لەوەی ببین بە دەریا
بەهاریان لە سێدارە دا
من ئێستا دڵۆپە بارانێکی ئەو ڕەهێلەم لە دووری تۆ
تۆ ئێستا ئەو ڕەهێلەی بەبێ دڵۆپە بارانی من
چ حوزنێکی قووڵە هاوڕێ
من تۆ نەبینم لەوێ
تۆش من نەبینی لێرە

(دونیا ) کە لە خوێندنەوەی شیعرەکە بۆوە، لە جیاتی ئەوەی دەستخۆشی لێبکەم، هیچم نەوت، ئەو هەستی بە نارەحەت بوون و دڵگرانی من کرد، ویستی شتێکم پێبڵێ، بەڵام نەیوت، لە شوێن ئەودا بزەیەکی دیکەی بۆ کردم و هەڵسایە سەر پێ، دەفتەری شیعرەکەی خستەوە بن هەنگڵی و بە چاوێکی پڕ ماناوە سەیری کردم، هەر لەوە دەچوو پێمبڵێ " تۆ ئەو کەسە نیت کە من بە دوایدا دەگەڕێم "بەو نیگایە زیاتر وێرانی کردم، ناچاربووم هێزێک وەبەر زمانم بدەم و پێیبڵێم :

-- دونیا گیان شیعرەکەت زۆر جوان بوو، بەڵام توخوا ئەمەت بۆ کێ نوسیوە ؟

هەناسەیەکی قووڵ بە نێو لێوە تەڕو ناسکەکانی دونیا هەڵکشا، پێدەچوو بەو پرسیارەی من یادگارییەکی زۆری بە بیر هاتبێتەوە، لەخۆمەوە حەزم کرد زێتر بیناسم و پرسیاری زۆرتری لێبکەم :

-- ئەو کەسە لە ژیان ماوە ؟

-- بەڵێ، لە ژیان ماوەو لە ژیانیشما ماوە !

وەڵامەکەی ئەگەرچی بۆ من زۆر قوڕس و دژوار بوو، بەڵام نەمهێشت کاریگەرییەکەی بەسەرمەوە دیار بێ . ویستم سوپاسی بکەم بۆ ئەو یەکتربینینەمان، کەچی ئەو بە پێش من کەوت و تەوقەیەکی لەگەڵ کردم، بە شەرمیشەوە چاوە ئارامبەخشەکەی بۆم هەڵبڕی و وتی :

-- سوپاس بۆ هاتنەکەت، بۆ گوێگرتنەکەت .

(عەلیرەزا) بە تێکردنی چایەکی دیکە منی گەڕاندەوە نێو زیندان، زۆر بە نەرمی وەک ئەوەی گوناحێکی دەرهەق بە من کردبێ پێمی وت :

-- ببوورە، دەزانم خەیاڵت دوور ڕۆیشتبوو، ویستم بڵێم لە شیعرەکەم گەیشتی ؟

من دڵنیا بووم کە ئەو پرسیارەی لێمکرد، سەروسیمامی بە سوور هەڵگەڕاوی بینی، چونکە بەر لەوەی وەڵامی بدەمەوە، بە سەرسوڕمانەوە پێمی وت :

-- چییە، شتێک هەیە پێمبڵێی ؟ دەی، شیعرەکەت بە دڵ بوو، یان نا؟

بە بزەیەکەوە پێموت :

-- ئەوەی بۆت نوسیوە شاعیرە ؟

وەک ئەوەی بیەوێ خۆی لە وەڵامەکە لابدا، لە سەرخۆ هەردوو دەستمی ڕاگوشین و بە پێکەنینەوە وتی :

-- تۆ چیت داوە لەمە، من دەڵێم شیعرەکە چۆن بوو ؟

لەو دەمە لە ژووری کارگێرییەوە سێ جار ناوی کەسێکیان بانگ کرد، تەواوی هۆڵەکە لە بێدەنگیدا نقوم بوو، کەسێک کە ناوی ڕەحیمی فەلاحیان بوو خێرا خۆی ئامادە کردو بۆ شوێنی مەبەست ڕۆیشت، ئێمەی زیندانیی هەر هەموومان چاومان بڕیبووە دەرگای هۆڵەکە، فەزایەکی سامگرتوو هۆڵەکەی داگیر کرد،(عەلیرەزا) وەک نەیەوێ کەسێکی دیکە گوێی لە قسەکانمان بێ،لەسەرخۆ پێمیوت:

-- ئەو پیاوە حوکمەکەی ئیعدامە، باوەڕ ناکەم بگەڕێتەوە !

دوو دەقەی نەبرد، ڕەحیم گەڕایەوەو خواحافیزی لە کۆمەڵێک زیندایی کرد، لەنێو ئەو هەموو زیندانیانەدا تەنیا یەک کەس لێیپرسی :

-- بۆچی بانگیان کردی ڕەحیم ؟

ڕەحیم تەنیا بە ئیشارەت نەزانینی خۆی لەو بانگکردنە دەردەبڕی، ڕەنگی لە کەسێک دەچوو، خوێن لە لەشیدا نەمابێ، بە زەحمەت دەیتوانی سەری هەڵبڕێ، ئەنگوستیلەیەکی زێڕی هاوسەریەتی دایە دەست یەکێ لەوانەی لە دەوروبەرییەوە وەستابوون، گوێم لێبوو لەسەرخۆ پێیوت :

-- ئەگەر نەهاتمەوە، ئەم ئەمانەتە بدە دەست ژنەکەم، ئەو خۆی تێدەگا!

ڕەحیمی فەلاحیان بەر لەوەی ڕووی خۆی وەرگێڕێ و بڕوا، بە پەلە لە هەموومان ڕاماو دواتر هەردوو دەستی بەرز کردنەوە و بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە خواحافیزی لە هەموومان کرد، من لە شوێن خۆمەوە حەپەسابووم، بیرم لەوە دەکردەوە، کە چۆن بەر لەوەی پەتێک بخەنە ملی ڕەحیمەوە، ڕەحیم هەوڵی ئەوە دەدا دیمەنەکانی ڕابردوی لەگەڵ خێزانەکەی بهێنێتە بەر چاو . پاش کەمێکی دیکە هەموو ڕەنگەکان لەبەر چاوی ڕەحیم لە نێو تاریکییەکی قەترانیدا دەتوێنەوە، ئیدی کات و شوێن لە بێمانابیدا کۆتاییان پێدێ . ملێک بە دارێکدا هەڵدەواسرێ، چاوێک بۆ ئەبەد هەڵئایەتەوە..

# پۆرتریتی مەلا هەمزە



مەلا هەمزە

**سکێچی: شێرزاد حەسەن**

هەر لە سەرەتاوە ویستم وای بنوێنم کە من نیازمە راوی پڕشنگێک لە رۆحی جوانی "مەلا هەمزە" بکەم، چونکە ناو و نیشانێکی لەو جۆرە "پۆرتریتی مەلا هەمزە" هەوڵێک و خەونێکە بەوەی گەرەکمە رەسمی رۆحی ئەو زاتە بکەم، کە بەهەموو تەمەنم قەرزاری بووم و ئەو قەرزەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مێرمنداڵیم، کە تەمەنم دە- دوانزەساڵێک بوو، بە واتا قۆناغی منداڵی و پاشان هەرزەیی من لەبن سێبەری ئەو پیاوەدا رەنگ و رێڕەوی هەر هەموو ژیانم گۆڕا، خۆ بە تەنیا ئەو نەبوو، گەر راستگۆ بم کەسانێکی دیکەش لەو تەمەنەدا هەر هەموو نەخشەی ژیانی منیان گۆڕی، کە بە ژمارە لە پەنجەی یەک دەست تێپەڕ ناکەن، وەلێ "مەلا هەمزە" یەکەمین کەس بوو، هەمیشە سەرسام بووم بە خامۆشی و کەمدوویی ئەو پیاوە، بە تێڕامانە ورد و قووڵەکانی، بەڵام کە دەکەوتە قسەکردن، تەواو جیاواز بوو، بە بەراورد لەگەڵ باوکم، جیاواز لە هەردوو مەلای گەڕەکی کوران، کە یەکێکیان "مەلا حەسەن"ی ناو بوو، لە تەمەنی دوازدە ساڵیمدا ئەو زاتە قورئانی پێ "خەتم" کردم، دیارە من هەر لەو تەمەنە ساوایەدا بە تەواوی خووم دایە مزگەوت و سەرم بچووایە نوێژم نەدەچوو، نەک بە تەنها لە مانگی رەمەزاندا، بەڵکو زۆرجاران لە شەعبان و رەجەبیشدا بەڕۆژوو دەبووم، بەدەم قورئان خوێندنەوە هۆن هۆن دەگریام و هەر زوو دایکم لە مێشکە ساواکەم ئەوەی چاند کە من و ئەو و هەموو خەڵکی گەڕەک و بگرە هەولێر و دنیاش مەردوومی گوناهبارین و هەرگیز پاک نابینەوە، چونکە لە ئادەم و حەوای گوناهبار کەوتووینەتە خوارێ، لە سەردەمێکدا کە من هێشتا لەو سەدەها مانایانەی کە بۆ گوناه هەبوون، یەکێکیانم نەدەزانی!

ئەوەی منی پتر سەرسام کردبوو کە بۆچی "مەلا هەمزە" وەک ئەو مەلایانەی گەڕەکەکەمان و شاری هەولێرێ باسی ئاگری جەهەننەم و مار و دووپشکەکانی ناکات، باسی حۆرییەکان و سێو و پرتەقاڵ و جۆگەکانی شیر و شەراب و هەنگوینم بۆ ناکات، کە ئەگەر بمرم لەو دنیاو لە "بەهەشت"دا بە هەزار و یەک ناز و نیعمەتی ئاسمان شاد دەبم، مەلا هەمزە هەرگیز نەدەهاتە ئەو مزگەوتەی کە دووسەد شەقاو لە ماڵی ئێمەو ئەوان دوور بوو، ئەوە یەکەم مەلا بوو کە لە ژیانمدا بیبینم و نەچێتە مزگەوت، من هەرگیزاو هەرگیز ئەو پرسیارەم لێنەکرد، چونکە من فێرکرابووم کە پرسیار لە گەورەکان نەکەم، چونکە لەو رۆژگارەی ئێمەدا پرسیار و سۆراغی زۆر هەم بەدڕەوشتی بوو. هەم سەرئێشەو لێدان و کوتانی بەدواوە بوو، جگە لەوەش وایلێهات من ساڵ دوای ساڵ کە فەراقە دەبووم وەڵامی ئەو پرسیارەم دەست کەوت.

من دژی نووسینی لاوانەوەم، هەر بۆیە ناوم لە نووسینەکەم ناوە پۆرتریتی مەلا هەمزە، بۆ من ئەو زاتە نیگارێکی زیندووە، یادەوەرییەکانی هەمیشە تەڕ و سەوزە، هەمیشە لەگەڵمدایە، من پتر لە "٣٥" سی و پێنج ساڵ بەختی ئەوەم نەما کە ئەو رۆحە درەوشاوەو غەمگینەی ببینم، بەڵام هەرگیز ونم نەکردبوو، چونکە ئەو مامۆستای یەکەمم بوو، مامۆستای یەکەم چ چاک و چ خراپ مەحاڵە لەیاد بکرێت. ئێمە یەکێک بووین لەو ماڵانەی کە دوای تێکدانی (گەڕەکی گڵکەند) لەپاش شۆڕشی "١٤"ی تەمووز بە چەندەها ساڵێک تێکدرا؟ دەقاو دەق لەیادم نەماوە چ ساڵێک بوو، بەلامەوە گرنگیش نییە بیزانم، چونکە ئەو ساڵانەی منداڵیم جگە لە کۆکەڕەشەو گرانەتاو چەشتنی سەرماو گەرماو ژەهری مار هیچی دیکە نەبوون، ساڵانی کرم دانیشتن و میز بەخۆداکردن و کلۆربوونی ددان و چاوکول بوون و دڵۆپەکردنی سەربانەکانمان، ساڵانی یەک رەنگ و یەک تام و هەر تەنها یەک بۆن، رەنگی خەم. تامی برسیەتی. دەنگی رمان و داتەپینی ئومێد و خەون و حەزە هەرە ساواکانمان، ساڵانی زیندەگی وەک سەگە بەرەڵڵاکان، ساڵانی ترس و زەندەقچوون لە حەیزەرانی مامۆستاکان و ساڵانی سواغدانی دەم و چاومان بە تفی باوک و مام و خاڵ و وەستا دڵڕەقەکان، ساڵانی سیان و سیل و وەرەم. هەر لەو ساڵانەدا بوو کە بۆ یەکەم جار گوێم لە مەلا هەمزە بوو درکاندی کە هەژارەکان دەستکردی خوداو ئاسمان نین، بەڵکو بێ سەری و بەری و نەبوونی هیچ دادپەروەرییەکە لەسەر ئەم زەمینە، لەنێوان مەلاکانی مزگەوتی کوران و مەلا هەمزەدا سەرم لێ شێوا بوو، باڵێکم بەدەست مامۆستای ئایین و دایکم و نەنکم و مەلاکانی گەڕەکەوە بوو، باڵەکەی دیکەم بە تەنیا بەدەست مەلا هەمزەوە بوو، هەر لەبەر ئەوە مەحاڵ بوو بفڕم، گەر درۆ نەکەم باڵێکم بەدەست هەموو مەلاکانی هەولێر و کەسوکار و خەڵکی گەڕەکەوە بوو. رایاندەکێشام و بەخۆشی خۆم بوو بێت یان بەزۆر وایان دەکرد سەیری ئاسمان بکەم، کە رۆژێک دێت دەمرم و دەگەڕێمەوە بەر قاپی خوداو لەوێندەرێ قیامەت و حەشر و نەشر چاوەڕێمە، هەر بۆیە توند بە کۆڵەمشت یان بە پەنجەی شایەتمانە سەریان پێ بەرز دەکردمەوە کە سەیری ئاسمان بکەم و بەرپێی خۆم نەبینم، باڵەکەی دیکەم بەدەست مەلا هەمزەوە بوو، کە دەیچرپاندە گوێچکەم، کە هێشتا قیامەت لە مێردمنداڵێکی وەک منەوە یەکجار دوورە، دوورتر لەوەی خەیاڵی ترسنۆکم بیگاتێ، هەر بە چرپەوە لەوە دەگەیشتم کە مەلا هەمزە گەڕەکی بوو سەیری ئەو گەڕەکە بکەم و ئاسانە هەر بە تێڕامانێک تێبگەم پێویست ناکات چاوەڕوانی قیامەت بم چی تێدا دەقەومێ، کە لێرەو هەر هەنووکە هەموو رۆژێک قیامەت بێت، کە ئەوان زۆرتر بوون و باڵی راستەم بەدەستیانەوە لەوەدابوو لەبن و بۆتکەوە بقرتێت، ناچار مەلا هەمزە باڵی چەپمی بەردەداو بەمیهر و سۆز و بەزەییەوە بەرەڵڵای دەکردم نەبا وەک مەلێکی چکۆلەو لاواز هەردوو باڵم بقرتێن، وەلێ نیگای دەکردم کە بگەڕێمەوە بەر هەیوانی خانووە گڵینەکەیان دینار و پارچەیەک زەویان پێبەخشرا لە گەڕەکی کوران، کە پتر کۆچبەرانی گوندەکانی هەولێری تێدا نیشتەجێ بوون، کە هەر ماڵەو خودانی هەقایەتێکی رەشی خۆی بوو، ئێمەش بووین بە خاوەنی کەلاوەی خۆمان.

من سەرەتا کە ناوونیشانەکەم نووسی، بەو نیازە بووم کە رەسمی رۆحی مەلا هەمزە بکەم، بەڵام ترسام و لەبری وشەی نووسینی گۆڕیم و کردم بە "سکێچی"، چونکە دەزانم وشەی پۆرتریت داوای جۆرێک لە قووڵبوونەوە و تێڕامان و بینین و خوێندنەوەی رۆحی مەلا هەمزەم لێدەکات، سکێچ چ بۆ نیگار و چ بۆ چیرۆک شەرمنی و ترسی پێوە دیارە، چونکە سکێچ نیگار و وێنەیەکی سادەترەو بەپەلە هێڵ و رەنگەکانی رژاون و ئەوەندەش ورد و پڕ نییە، چیرۆکێکە کە تەنها دەرەقەتی هەقایەت و حەقیقەتەکانی دەرەوە هاتووە، نەک ناوەوە، من نامەوێت پەلە بکەم و بێباک بم ئەو کاتەی لە پیاوێک دەدوێم شەرم لە جوانی و میهری زۆری ئەو بکەم، ئەو رۆژگارەی پیاوەکانی دیکە بە وەستاو مامۆستاوە، بە باوک و مامەوە بە سەرە سم لە لمووزیان دەدام، کەچی ئەو وەک ئەوەی گەوهەرێک لەناو قوڕولیتاو دەربهێنێ، منی لەبن دەست پێی ئەو پیاوە تووڕەو تۆسنانە دەردەهێنا.

رێکەوت وایکرد ببین بە دراوسێی مەلا هەمزە، لە (گلکەند) زەلکاوەکە کەوتبووە ناو دڵی گەڕەک، لە (کوران) زەلکاوێک کە بە "گۆمی میری" ناوزەد دەکرا بوو بە دراوسێمان، ئەوەی کە ئێمەی منداڵ لەو سەردەمەدا لە گلکەند بەجێمانهێشت "گۆڕستانی شێخ محەمەدی خۆراسان" بوو، کە تاکە یاریگا و شوێنی زرمە زلێ و راکە راکەی ئێمە بوو بەناو کێڵەکان و مردووەکاندا، تەنها ئەوکاتە دەوەستاین لەترسی گەورەکان کە مردوویەکیان دەناشت، ئێستاکەش ناشتنی مردووەکان دیمەنێکی ئاساییە لام، وەک گەمەی فتبۆڵێن! ئێمە هەمیشە یان دراوسێی زەلکاو بووین یان هی گۆڕستان.

لەو تەمەنە ناسکەدا بوو کە واماندەزانی هەژاری بەخششی چاو دروست دەکەن.

لەناو ماڵێکی بێ پرسیار و گومان، گەڕەکێک و بگرە شارێکی بێ پرسیار و گومان، مەلا هەمزە بێ بۆنەو بیانوو لەنێو ئاخنی وتەو گوفتارەکانیدا سەد و یەک گومان و پرسیاری لە رۆحمدا دەچاند، (هەمیشە لەتێک لە رۆحم وەک چۆلەکەیەکی برسی، وەک کۆترێکی ترسنۆک لەبەر هەیوانەکەی ماڵی مەلا هەمزەدا باڵەفڕەم دەکرد)، پاشان وای لێهات هێلانەیەک چێبکەم، ئەو زاتە تاکە کەسێک بوو کە هەم کەللەسەری منی کردبووە پووەی هەنگی سەدەها پرسیار و گومان، هەم هێمنانەو بە زمانێکی سادە کە عەقڵی من هەرسی بکات، هێدی هێدی فێری پرسیاری حەرام و قاچاغی کردم، ئەو خۆی کتێبی قاچاغی دەخوێندەوە، بۆ یەکەمجار لەسەر بەڕەو رایەخەکانی ناو ماڵەکەی ئەودا مارکسم ناسی، کە سەرسام بووم بەو ردێنە چڕ و پڕەی، چڕ و پڕ بەقەد ریشی "سەید گوڵ بەرزنجی" کە تاکە شێخێکی گەڕەکی گڵکەند بوو، پاشان وەک باقی خەڵکەکە گواستیانەوە گەڕەکی کوران، کە هەمیشە لەتەک نەنکم "فاتم"دا کە دەروێشی سەید گوڵ بوو پیاوە نەبوو. پڕ بوو لە هێمنی و تێڕامانێکی قووڵ کە دەیبردیتەوە بنی بیرێکی تێفکرین).

هەر لای ئەو بوو "لینین"م ناسی، دواتر "کلیلە و دمنە" و "هەزار و یەک شەوە" و چەندەها کتێبی دیکە کە لەناو ئەو هەموو ناوونیشانەدا ون بووم و هەم خۆم دۆزییەوە، دواتر. درەنگتر تێگەیشتم کە کتێبە راستەقینەکان ئەوانە نەبوون کە لە مەکتەب دەمانخوێندن، بەڵکو هەموو ئەو کتێبە حەرام و قاچاغانە بوون کە لە خانووە پەرپووتەکەی مەلا هەمزەدا بەرچاوم دەکەوتن، کتێبەکانی قوتابخانە منیان کردبوو بە تووتی "بەبەغا" کتێبە حەرامەکان منیان دەکرد بە هوزاری خۆشخوان و مەلی بەرزەفڕ، هەر رۆژەو باڵێکم لێ ئەڕوا، هەر رۆژەو چاوێکم زیاد دەکرد و گوێ و زمانی دیکەم لێ دەرسکا.

لەو تەمەنەدا یەکەمین رووداو کە منی لە منداڵی و کاڵفامی دەرهێنا گرتن و بردنی مەلا هەمزە بوو، ونبوونی ئەو لەناکاودا پرسیار و گومانی گەورەتری لەلا دروستکردم، ونبوونی ئەو وێڵبوونی خۆم و پرسیارە

**ئەو زاتە بۆخۆی کە بەپێوە دەوەستا (منارەی چۆلی) بوو. کە دادەنیشت قەڵای هەولێر بوو. کە خامۆش دەبوو چیای سەفین بوو. کە دەدوا تەقینەوەی کارێزەکان و قاسپەی کەوەکانی قەرەچووغ بوو هەمیشەش وەک دەشتی "قەراج" سادەو بەپیت و بەرەکەت بوو**

و هێشتا دوو قسەی ماوەو حەزدەکات بە دزییەوە پێم بڵێ، هێشتا مابووی گومانێکی چکۆلە بەقەد ئەو کەلا شووشەی ناو لەپم بخاتە ناو رۆحمەوە.

هەموو خانووەکانی (گلکەند) تێکدران، ساڵانێکی زۆر و دوور و درێژ گڵکەند گەڕەکی هەموو ئەو خانەوادانە بوو کە نەیاندەتوانی لە هەولێر بستێک زەوی بکڕن، گڵکەند گەڕەکی هەژارترین هەژارەکانی شاری هەولێر بوو، گەڕەکێک لە گەڕەکەکانی دۆزەخ کە خودا بەرێکەوت لەدەستی کەوتبێتە خوارەوە، لەیەکەم بارانی پاییزەوە تا سەرەتای هاوین جگە لە زەلکاوێکی گەورە هیچی دیکە نەبوو، جگە لەمێش و مەگەز هیچی بەرهەم نەدەهێنا، مۆڵگەی گوبۆق و کەرەکیفەی گووفەکەکان بوو، لەوە دەچوو هەم خوداو هەم حکومەت لەیادی چووبێت گەڕەکێکی وا رەش و پڕ لە برسا مردوو لەو شارە دێرینەدا لەتاو سیل و وەرەم گران هەناسە دەدات، چی باراناو و لافاوی شار هەبوو دەڕژایەوە ناو ئەو گەڕەکە زۆر پەرپووتە، منداڵی خنکاوو پشیلەو سەگی خنکاو و مردارەوە بوو پێکەوە سەر ئاو دەکەوتن.

منی جیقن و بابردەڵە چۆن و بۆ نەخنکام؟ نازانم...!

(گلکەند) تێکدراو خەونی شەرمن و خەیاڵی ترسنۆک و خەمی رەشمان دەنێو دار و پەردووی دوای وێرانەی گەڕەکی کاوڵبوومان بەجێمان..!

گڵکەند نەماو لەبری ئەو ماڵڕمانە کە پتر لە گۆڕ و کۆلیتی سەگان دەچوو. هەر خانەوادەو شەست خودایەو ئێمە خۆشەویستی ئاسمانین، بۆیە رووت و رەجاڵ و برسین، مەلا حەسەن و مەلا زاهیر و دایکم و مامۆستاکانی وانەی ئایین دەیانووت ئێمە کە لێرەو هەنووکە، لەسەر ئەم سەرزەمینە کە هەژارین، لە قیامەتدا دەوڵەمەند دەبین، دەوڵەمەندەکانی ئەم دنیایە هەژارەکانی بەر قاپی خودان.

مەلا هەمزە دەیچرپاندە گوێچکەم کە ئەوەیان درۆیەکی شاخدارە، ئاخر ناکرێت خودا ئەوەندە کاڵفام بێت هەر بە هەوەنتەو بێ هۆو بیانوو یەکێک دەوڵەمەند بکات و یەکێک هەژار بکات، مەلا هەمزە گومانی دەخستە دڵمەوە و لە ترسانا دەچووم پەنام دەبردە بەر قورئانەکەو بەدەم گریانەوە دەمخوێندەوە و دەملووراند کە خودا ئەو گومانەم لەدڵ دەربکات، کە خەریک بوو رۆژ بە رۆژ لە رۆحما چەکەرەی دەکرد و گەورەتر دەبوو، رۆحی من دوو لەت ببوو، سۆزێک دەیبردمەوە لای دایکم و مەلا حەسەن، ئەو پیاوە بە سام و کەڵەگەتەی کە هەموو گەڕەک شەرمیان لێدەکرد، هەر کەواو سەڵتەو مێزەری سەری و دەنگە گڕ و کەرخەکەی بەس بوو بۆ ئەوەی لەبەردەمیدا لاڵ ببم و هەرگیز نەوێرم بپرسم: ئەرێ مامۆستا ئێمە بۆچی هەژارین؟ زۆر درەنگ تێگەیشتم کە ئەوە من نیم بە تەنیا کەڕ و لاڵ پەروەردە کراوم، بەڵکو من لە دنیایەکدا دەژیم کە زۆرینەی پرسیارەکان و گومانەکان تیایدا حەرامن، چ لە ماڵ و چ لە مەکتەب و چ لە مزگەوت، مامۆستاکان و باوکەکان و مەلاکان "گوێکەڕیلە" و مەردوومی بێ زمان و گوێ و دەچوومە ماڵە بۆن خۆشەکەیان، کە تیایدا هەموو شت سەوز دەچۆوە، هەمیشە نەنکم بۆ ئەوە دەیبردم کە دەستی موبارەکی بەسەرمدا بهێنێت تاوەکو "ساڵح" بم، هەمیشە سەروسیمای سەراسیمەی دەکردم، بەوەش پتر سەرسام بووم کە دایکم و نەنکم سوێندیان دەخوارد کە "یا شێخ" دەیەها شێتی گەڕەکی خۆمان و هەولێری چاک کردۆتەوە، حەزمدەکرد رۆژێک یەکێک لەو شێتانە ببینم، کە لەژێر دەستی یاشێخ چاک دەبۆوە. وەلێ نەدەرەخسا.

کە جارێکیان لە مەلا هەمزەم پرسی کە ئاخۆ شێتەکان لەسەر دەستی شێخەکان دێنەوە سەرهۆش و گۆشی جارانیان. تەنها خەندەیەک نیشتە سەر لێوی. خەندەیەک کورت و زیرەکانە کە پڕ بوو لە نەخێر و گومان. ئیتر بۆ زۆر پرسیار و گومانی دیکەم سەر لەقاندنێکی بەڵێ بوو، خەندە خوارەکەی کە سمێڵە قنجەکەی لەگەڵدا دەکەوتە خوارێ "نەخێر" بوو، (ئەو یەکەم کەس بوو کە وەک هەڵۆ تیژ لەدووری چاوانم رادەما کە قسەی لەگەڵدا دەکردم، هەمیشە گەورەکان لاوونیو، بەگۆشەنیگا سەیریان دەکردم بە منداڵی یان ئەوەتا بەدەم قسەوە پێیان شەرم بوو سەیرمان بکەن، ئێمە لە چاوی ئەواندا کۆمەڵێک بۆقی ناو زەلکاو بووین، لەو هەموو ساڵانەدا کە هەموو پیاوەکانم دەبینی لە مامۆستاو باوک و مام و خاڵ و وەستاو خەڵفە دەم بەهات و هاوار بوون و بەنەڕەنەڕ فەرمانیان دەردەکرد، بۆ یەکجاریش گوێم لە هاوارێکی. دەمەبۆڵەیەکی ئەو سەرەخۆرەکانم بوو، تەنیا مانەوەم لە گەڕەکێک کە بێ بوونی ئەو زاتە لە بیابان دەچوو، ئاشنابوونی من بوو بە کتێبە رەشەکان و لاوک و حەیرانەکان، بە وێستگەکانی هەر هەموو جیهان لەرێگەی خەڕەکە شکاوێکەوە کە شەوەهای شەو دەینا بە پەنا گوێی خۆیەوە تا دوا دەنگوباس و خوێن و فرمێسکی دنیا برژێتە ناو هەناوی. دواتر زانیم ژەندرمەکان هاتبوون تاوەکو ئەم چیدیکە خەونی ئازاد نەبینێت، خەیاڵی سەرفرازی دوور نەیبات، باشترین شوێن بۆ کوشتنی خەون و خەیاڵەکان بەندیخانە بوو، (ئەو دەیوت" بەندیخانە قوتابخانەی مێرانە").

ئەو رۆژەی گیرا، بەر لەوە زانیبووی دەگیرێ و لە گرتووخانە توند دەکرێت. ئەوەیان کوو؟ نازانم..!

بەر لەوەی بەسەری دابدەن و ماڵەکەی بپشکنن و بەدوای خەون و کتێبی حەرامدا بگەڕێن. خەیاڵ و ختوورەو ئومێدی قاچاغ بدۆزنەوە، توانیبوویان بە یارمەتی دایکم کە جگە لە قورئان هیچ کتێبێکی بەپیرۆز نەدەزانی، توانیبوویان (مارکس) و (لینین) بگوێزنەوە ماڵی ئێمە لە ناندین و کۆلیتی مریشکەکان بیانشارنەوە. من تا ئەو حەڵەش نەمدەزانی ئەم کتێبانە بۆ دەبێت ئەوەندە ترسناک بن؟!

درەنگتر زانیم کە ئەم زاتە کتێبەکان دەخوێنێتەوە و پاشان بە دزییەوە لەژێر زەمینەکان خەڵکی کۆدەکاتەوە و زۆر سادەو ئاسان فێریان دەکات کە بەو ژیانە دۆزەخییە قایل نەبن، ئیتر بۆ چەند رۆژ و مانگێک دەنگ و سەدای مەلا هەمزە لە کۆڵانەکەی ئێمەو کۆڵانەکانی "کوران" دابڕا کە بەخۆی و سەبەتە پڕ لە لۆبیاو نۆکی گەرمەوە هاواری دەکرد: "لۆبیای گەرم. گەرم و نەرم".

من هەمیشە لۆبیاو نۆکی گەرمم لەو دەکڕی، وەک چۆن کتێبەکانی جیاواز بوون لە کتێبەکانی مەکتەب، لۆبیاو نۆکەکەشی لەبن زمانی مندا تامی جیاواز بوو، دایکم پتر نوێژی دەکرد و دەگریاو دەپاڕایەوە کە خودا لەسەر ئەو گوناهە لێی خۆش بێت، گوناهی شاردنەوەی کتێبی کافرەکان، باوکم وەک پۆلیسێکی قومارچی و بێباک و خودانەناس جڕتێکی بۆ دایکم لێدەداو هەر بە ئەنقەست دەهری دەکرد و دەیوت: "زارۆک. هەر نوێژان بکە. قوونت بە بەرماڵەکەوە بنووسێت. خودا دەتخاتە جەهەننەم!".

ئەویش دەیوت: "ئەمن لەپێناو منداڵەکانی مەلا هەمزەی ئەوەم کردییە، خوداش لەبانی سەرێ عالیمە!".

باوکم و مەلا هەمزە-م نەبینی بچنە مزگەوت، ئەوەش شتێکی دەگمەن بوو.

دایکم زۆرجاران لێی دەپرسیم کە مەترسی ئەو کتێبانە چییە کە حکومەت وەها تووڕەیە لە مەلا هەمزە، زۆر بە سادەیی پێمدەوت کە ئەم پیاوە بەردێنەو ئەم کەچەڵە دەڵێن هەق و راست نییە هەندەک نانیان هەبێ و بیخۆن و هەندەک نەیانبێ، هەر زەنگین و خوداپێداوێک بەشی فەقیرەکی خواردییە..! دایکیشم دەیوت: "وەڵڵاهی خۆ قسەکەی جوانە، بەڵانەکینێ، خودا خۆی حەکیمەو دەزانی چ دەکاتن، رزق بەدەست خۆیتی و هەق نییە عەبدی وەکی مە دەمی تێوەرداتن!".

لە وێنەکەی مارکس ورد دەبۆوە و بەشەرم و ترسەوە دەیوت "سوبحانەڵڵا چەند بە بابەشێخی دەچیتن".

ئەوەی لەیادی مندا مابێت بەردەوامبوونی هەڵات هەڵات و لەناکاو ونبوونی مەلا هەمزە بوو، ئەو کۆڵانەی ئێمە یەکجۆر زیندەگی هەبوو، کە شەوەکان و رۆژەکانی وەک دانەکانی تەزبیحێک لەیەکدی دەچوون، یەک رەنگ و یەک تام و یەک بۆن، ئەوەی ئیقاعی ئەو کۆڵان و گەڕەکەی تێک دەدا ئەو پیاوە زۆر خامۆش و کەمدووە بوو، درەنگ تێگەیشتم کە ئەو زاتە شۆڕش و گڕکانێکی لەناو دڵی خۆیدا شاردۆتەوە، ئەو پیاوە وردیلەیە پیاوە گەورژنەو بەدەستەڵاتەکانی هەولێریی لە زەواق نابوو، باوکی من پیاوێک بوو هەمیشە بۆ مەرگ و نەمانی تەختی پاشایەتی دەگریاو گەرچی نەخوێندەوار بوو، بەڵام هەمیشە بە گومان بوو لە چەپڵەلێدان بۆ کەریم قاسم، تەنانەت لەوەشدا ستایشی نەدەکرد کە ئێمەی لەناو زەلکاوەکانی گڵکەند دەرهێنا، باوکم تا مردیش بڕوای بە دنیای سیاسەت نەبوو، بە درێژایی ژیانی بڕوای بە چوونە ناو مزگەوت و ژێر زەمینەکانی پڕ لە چرپە چرپی سیاسەت نەبوو، لە راستیشدا "حکومەتی کۆماری" لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست درۆیەکی گەورەیە گەر وشەی "کۆماری- جمهوری" گەڕانەوە بێت بۆ ناو خەڵک و میللەت بۆ فەرمانڕەوایی، ئەوەشیان هەر درۆیە، چونکە فەرمانڕەواکان وەک "مێگەل" سەیری خەڵکانی بندەستی خۆیان دەکەن، بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئەوەبوو کە باوکم گەرچی پۆلیسێکی مەسلەکی بوو، کەچی ئامادە بوو کتێبە قاچاغەکانی مەلا هەمزە لە ماڵی ئێمەدا بشارنەوە، وابزانم لەدوا قۆناغەکانی تەمەندا هەردووکیانم بینیەوە لەسەر بەرماڵ، ئەوەش سەیر نییە لەدنیای ئێمەداو لەژێر سایەی زاڵبوونی کلتووری ئیسلامدا بۆ ماوەی پتر لە چواردە سەدە.

من تەمەنم دوازدە ساڵ بوو کە قورئانم خەتم کرد، دایکم خەونی بەوەوە دەبینی کە مرد من "یاسین"ی لەسەر بخوێنم ئیدی وایلێهات کە خەڵکی گەڕەک بۆ سەرەمەرگی هەر ئازیزێکیان بە هەڵەداوان دەهاتنە لای دایکم کە فریا بکەوم و قورئان لەسەر ئەو کەسانە بخوێنم کە لە گیانەڵادا بوون، دەستێکیان بەدەست مەرگەوە بوو، دەستێکیان بەدەست ژیانەوە، زۆرجاران لەناو گەرمەی گەمەو زرمە زلێدا بانگیان دەکردمەوە، دەبوو زوو "تارەت" بگرم و بەپەلە دەستنوێژ بگرم و تاو دەمە قورئانەکەو بە گورگە لۆقە خۆت بگرە نیوە مردوو ئەوە هاتم، کەس بانگی مەلا

←



ژمارە (١٢٠) کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩/١٢/٨ - ٢٠ زایینی
سەرماوەزی ٢٧٠٩ی کوردی

# مەدالیای ئیفتیخار و شۆڕەسوارانی هەولێر



بزەی هاتە گووتی، ڕووناکە ئاسۆم
وەرە جەللاد پەتت باوێژە ئەستۆم
ئەوە پەت نییە "میدالی ئیفتیخارە"
کە بوومە قارەمانی میللەتی خۆم
کەتۆ تۆرای لە چاوان وەک خەوی من
لەبسکت ڕەشترە مانگە شەوی من
بڕۆمەجنوون بەلەیلاکەی خۆت مەنازە
کەناوبانگی پتر ڕۆی ئەوی من

## ئا: عەبدولوەهاب شێخانی

- لە سالّی "١٩٨١" کاتێک شەهیدی نەمر کاک شەماڵ هاتە بناری چیای کۆسرەت. زۆر زیرەکانەو ئازایانە هەرچی کوڕی دڵسۆزو پاک و کوردپەروەری ناوچەکەو هەولێرو کۆیەو سلێمانی هەبوو لەخۆی خڕکردەوە. ئیدی جێگای بەمرۆڤی خراپ و دزو جەردەی ناوچە لەق کردو ناوچەکەی لە خەڵکی خەراپ و گەندەڵ خاوێن کردەوە.

ڕۆژێک من لەسەر جادەی دارەبەنێ وەستابووم، تیپەکەی لەوێ بوو، کوڕێکی بە ناو "ڕزگار" بانگ کرد و پێی گووت چەکەکەت دانێ و بڕۆ تۆ بەکەڵک پێشمەرگایەتی نایێی. پێشمەرگەکەش گوتی: بۆ کاک شەماڵ کاک شەماڵیش گووتی تۆ زۆر پێدەکەنی و سوعبەت دەکەی، پێشمەرگە دەبێ لەوپەڕی بە ئەدەبیی و بەئەخڵاقی دابێ تۆ دوو سێ جار ئاگادار کرایەوە هەر واز ناهێنی چەکەکەی لێ وەرگرتەوەو دەری کرد. چەند ئاغای ناوچەکە دەعوەتیان دەکرد بە هیچ جۆرێک نەدەچووە دەعوەتیان و نانی دەعوەتی ئاغایانی نەدەخوارد، هەر لەگەڵ خەڵکە ڕەش و ڕووتەکەی دابوو.

داخەکەم ئەو مرۆڤە زیرەک و عاقڵ و وشیارە لە شەڕی براکوژی کەوتە بۆسەو شەهید بوو.

**- شێمە قەسابی هەولێری خودا عەفوی بکات مردووە.**

ئەو شێمە قەسابە "خوێنی" دەدا خەڵکی پێویست بەخوێن، ڕۆژێک لە دوکانی "خالید حەلاق" لێم پرسی چەند بوتڵ خوێنت داوە بەخەڵک؟ گوتی: "١١٠" بوتڵی پێویست بێ ئەوەی یەک فلس لەکەس وەرگرم. سوێندی خوارد گوتی ناهێڵم پارەی تەکسیشم بدەن. خوێندانی من بەبێ پارەیەو بەلاشە، هەر ئەو شێمە قەسابە لە ساڵی "١٩٦٨" دووکەس تەقەیان لە "جاسم عەزاوی" کردو برینداریان کرد، خۆیان هاویشتە ماڵی "شێمە قەسابی"، شێمەش زۆر مەردانەو بوێرانە شاردینەوە و بۆ بەیانی هەر دووکیانی گەیاندە ناوچەی دەشتی هەولێر لای مام فارس باوەی ڕەحمەتی.

**- شەهید یوسف شەریف تووشی دەردێکی کوشندە بوو دوای "١٥" ساڵ پێشمەرگایەتی.**

لە کۆڕەوەکەی وەزعی زۆرخەراپ بوو و بردیانە نەخۆشخانەیەکی ئێران، دکتۆر بەهاوڕێیانی شەهید یوسفی گوتبوو کۆتایتی دەمرێ. ئەوانیش گریا بوون، بە شەهید یوسفیان نەگوتبوو، بەڵام شەهید یوسف لە گریانەکەی هەستی پێیان کرد بوو وتبووی بۆ دەگرین، پێیان گووتن من دەمرم. هیچ مەگرین، مردن و ژیان جیاوازییەکی ئەو تۆی نییە لای من. ئەمن واجبی سەرشانی خۆم جێبەجێ کرد "٦٥" ساڵ پێشمەرگایەتیم بۆ کوردو کوردستان کردووە بەبێ پچڕان و دوور لە کەس و کارو خزم براو دایک و باوک و بێ ماڵوحاڵ، ئێستاش مردن ڕەوایەو ناڕەوا نییە هەزار ڕەحمەت لە گۆڕەکەت کاکە یوسفی جوانەمەرگ خێر لەخۆ نەدیوەکەت.

لەگەڵ شەهید فەتاح- مەریوان زۆر برادەربوو هەتا نووسینێکی هەیە بە ناوی "عەبدولفەتاح- مەریوان" بڵاو کردۆتەوە لە دوای مردنیش هەر بەیەکەوەن لەیەک گۆڕستان شاردرانەوەو زۆر دوورنین لەیەک.

**کۆیەو ڕۆشنبیری**

- زۆر کەس وەک سومبلێک دەردەکەوێ و دەبێتە ناوو ناونیشانی گەلو نیشتمانەکەی. چونکە ئەو کەسە ئەوەندە خەمخۆری میللەت و هەوڵی پێش کەوتنی دەدات نەبێتەوە.

یەکێک لەو خەمخۆرە کوردپەروەر "حاجی قادری کۆییە" حاجی قادر بلیمەتی نەتەوەی کوردە، چونکە نسبەی زەکای سەد لەسەد بووە، بەڵگەش بۆ ئەمە "١٥٠" ساڵ بەر لە ئێستا قسەی کردووە شیعری گوتووە ئەمرۆ جێبەجێ دەبێ و خۆی نیشان دەدات و ڕاستییەکان دەردەکەوێت.

حاجی لەگەڵ باوکی مەلای گەورە هاوتەمەن بووینەو کاریگەری لەسەر باوکی مەلای گەورە هەبووە باوکی مەلای گەورەش، مەلای گەورەی پێ گەیاندووە، کە زۆر کوردپەروەرو پاک نیشتیمانپەرست خەمخۆری میللەت بووە. بۆیە بەهەموو شێوەیەک کەوتە ڕۆشنبیرکردنی خەڵکی کۆیەو فێرە کوردایەتی کردن، تاوای لێهات زۆربەی میللەتی کۆیە کوردپەروەر لەسەر دەستی جەنابی مەلای گەورە پەروەردەبوون فێری کوردایەتی و نیشتیمان پەروەری بوون. بەڵێ کوردایەتی ڕۆشنبیری شارەکەی کۆیە لەسەر دەستی بەڕێزان حاجی قادری کۆی و جەنابی باوکی مەلای گەورەو مەلای گەورەو ئەمیناغەی ئەختەربووە، خەرمان بەرکەت. هەزار جار بەرەکەت دات لە خەرمانی پاک و بێگەردتان خەمخۆری میللەتی کوردو کوردستانەکەمان، مامۆستا پایە بەرزەکانی کۆییە.

**کاک سەباح حەیدەری جوانەمەرگ و ئارامی جوانەمەرگ**

- لە منداڵییەوە چووە ڕیزەکانی خەباتی نهێنی. کوڕێکی نەترس و پاک بوو، ئەولاو ئەملای نەبوو، زۆرکاری شۆڕشگێری پێ سپێردراوە جێبەجێی کرد ئەو شۆڕشگێرە شەهید "سەباح حەیدەرە". کاک سەباح بووە پێشمەرگە لە ڕیزی یەکێتی، لە پێشمەرگایەتیش ئازابوو، لە خۆشەویستی شەهید "ئارام" ناوی کوڕەکەی نا "ئارام". "ئارام سەباح حەیدەر" زۆر زیرەک بوو لە قوتابخانە هەتا بڵێی منداڵێکی جوان و کەشخە بوو. لە قوتابخانەش لە وانەکانی زۆر زیرەک بوو. بەڵام زۆر زۆر بەداخەوە کاک سەباح و ئارامی منداڵ لە یەکی شوبات لە مەڵبەندی هەولێر هەر ئەوەدەم "ئارام گیان" گیانی پاکی بە کوردو کوردستان سپارد کاک سەباحیش ماوەیەکی کەم ژیا گیانی پاکی نامورادی سپارد. بە دەست ومستی خۆی دەژیا خۆی و ئارامی کوڕی و تەنیا لە ژیان زۆر مەغدوور بوو، بەڵام قەت گلەیی لەبەختی خۆی نەکردو، تەسلیمی واقیعی تاڵی خۆی نەدەبوو. ئیدی چی بکەین واقیع شتێکەو حەزو ویستو ئارەزووش شتێکی دیکە کاک سەباح زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو بەڵام ئاخ. خۆشی لە ژیانی خۆی بەهیچ جۆرێک نەدیت.

**- لە ساڵی "١٩٨٤" لەگەڵ ڕژێم مفاوەزات هەبوو.**

ڕۆژێک من و فەرهادی ئەحمەد چایچی تووشی مەریوان بووین و بەیەکەوە بووین. پێمان گوت: ئەگەر مفاوەزات سەری نەگرت تۆ چی دەکەی؟ ئەویش گووتی: تاکو ئێستا "٦" مەخزەنم دەبەستا ئەگەر مفاوەزات ناجیح نەبێ دەیکەمە "١٠" مەخزەن و دەست بەشەڕدەکەمەوە لەگەڵ ڕژێم و بەهیچ جۆرێک کۆڵ نادەم.

لە ساڵی "١٩٨٢" لە زانکۆی بەغدا خەتێکی کۆمەڵە ئاشکرابوو. دەڵێم لە زانکۆ، چونکە هەموو زانکۆکانی عێراق خەتی کۆمەڵەی تێدابوو بە زۆریش.

جاخەتەکە ئاشکرابوو "فەرهادی ئەحمەد چایچی" لەگەڵ دابوو. لە ئەمنی عامە "٦" شەش مانگ ئازارو تەعزیب و کێبلی خوارد، کەچی ناوی هیچ برادەرێکی نەهێناو ناوی کەسی نەدا. زۆر کەس بەمنیان دەگووت "فەرهاد ئەحمەد چایچی" گیرایە ناترسی ناوت بدات، منیش دەمگووت نەخێر چونکە فەرهاد زۆر برادەری من بوو، ئێستاش هەر برادەرمە، ئەوەی لەگەڵی گیرابوو هەمووشتێک دەزانی، پێش ئەوەی حوکم بدرێ بەر عەفو عام کەوت و بەربوو. ئازایەتییەکی گەورەی نواند لە ئەمنی عامەی ڕژێمی دڕندە، سەربەرزیی و سەرفرازی بۆ کوڕانی ئازا.

مەدالیای ئیفتیخاری بە پارەو دەوڵەمەندی و قەسرو هەبوونی نییە. کاڵانییە بە پارە بکرێت. بە هەموو دنیا ناکڕێ. مەدالیای ئیفتیخاری هەڵوێستە ویژدانە، ناحەقی قبووڵ نەکردنە، قوربانی دانە، ڕاست گۆییە، حەرام نەخواردنە، داوێن پاکییە، هەژار پەرستییە، یارمەتی دانە، نەتەوە پەرستییە، خۆشەویستی هەموو نەتەوەیەکە.

ڕاست گۆییە، پێگەیاندو تێگەیاندنە، چەکی شۆڕشگێرییە، بەرگریکردنە، ئەوەی ئەو هەڵوێستانەی نەبێت مەدالیای ئیفتیخاری بەگەردەنی ناکرێ یا بەواتایەکی تر بڵێن مەدالیای ئیفتیخاری زۆرینەی کۆمەڵ بەیەک دەنگ و بەیەک ڕەنگ لە ئەستۆی ئەو کەسانە دەکەن کە خاوەنی ئەو هەڵوێستانەی سەرەوە بووینە. کە دوژمن لەسەر ئەو دڕندەیی خۆی سەرسام بووینە بە شۆڕشگێریان و ئازایی و قارەمانیان. دوژمن لەسەر ئەو دڕندەیی خۆی نەیتوانی ئازایوو پاکی و دڵسۆزی و قارەمانی داوێن پاکی ئەوانە بشارێتەوە لێرەو لەوێ باسی کردووە سەرسامی خۆی نیشان داوە لە ڕاست گەورەیی ئەو کەسانە چەند خۆشە هەموو کەس وابێ چەند خۆشە زۆرینەی خەڵک هەڵوێستی ئاوا گەورە نیشان بدەن.

- کاکە ئەحمەد شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی: چووینە لای لەگەڵ بەڕێز کاک "محەمەد ڕەحمان دۆڵەبەکرەیی" بۆ هەندێ پرسیارو وەڵام، لەسەر تەکییەو مەکۆی خەبات کە ئەو بنەماڵەیە بە ژن و پیاوەوە بە باوک و کوڕەوە بۆ کورد زۆر ماندوو بوینە لە شاری هەولێر کاکە ئەحمەد گووتی لە ساڵی "١٩٥٦" لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی خالدیە دەڵێ چوومە ڕیزی یەکێتی قوتابیان، لەگەڵ شەهید ئەحمەد ڕەشوانی و کەمال غەمبار بەرپرسی ڕاستەوخۆی ئێمە بوو.

هەروەها کوڕێک بەناوی "عومەر" لە ساڵی "١٩٥٧" گۆڤاری هیوا دەرچوو لە و گۆڤارە بەشداریم کرد ڕۆژێک بۆ مامۆستا "زەکی ئەحمەد"م برد و گووتی کوڕم حەز دەکەم هەموو کوردێک ئەو گۆڤارە بخوێنێتەوە. لە ساڵی "١٩٥٥" بوومە ئەندامی پارتی لێپرسراوم مەولوود ڕۆژباش بوو ئەو کات بۆ کوڕە شێخێکی وەک کاکە ئەحمەد کوڕی شێخ عەبدولکەریم زۆر زەحمەتە لە سیاسەت کارکردن چونکە میللەت ئەوەندە وشیار نەبوو، لەوە.

- زەکی ئەحمەد هەناری: کاکە ئەحمەد گووتی مامۆستا زەکی لە ساڵی "١٩٥٦" نەفی کرابوو لە کۆیێ بۆ هەولێر، مامۆستا زەکی بابی بەڕێز مامۆستا "فەوزی"یە چیرۆکنووس و شانۆکارو شاعیر کوردپەروەرە خەم خۆری میللەتی خۆی لەسەر کوردایەتی نەفی کرابوو بۆ هەولێر و بووە مامۆستای ئێمە لە قوتابخانەی خالدیە دەرسی پێ دەووتین سرودی "چەن شیرینە لام دارو بەردی وەتەنم" فێرکردین و بەدەنگ دەمان گووت هاندەری چاک بوو بۆ کوردایەتی. گووتی زەمانی نوری سەعید زەمانی سەعادەت بوو ئەوەی سیاسی بوایە ڕێزی لێ دەگیرا سیاسی قسەی لەگەڵ مەسئولینی دەوڵەت پێ دەکرا.

مامۆستا زەکی گۆڤاری هیوای بە دەستمەوە دیت مامۆستا زەکی ئەحمەد هەناری گووتی کوڕم حەزدەکەم هەموو کوڕە کوردێک ئەو گۆڤارە بخوێنێتەوە هەتا دڵ و دەرون چاوتان بە ڕەوشتی بەرز بن بۆ میللەتە هەژارەکەتان و هاندانی مامۆستا کاریگەری زۆر هەبوو لەسەرم هەزاران مەدالیای سەربەرزی بۆ مامۆستا زەکی ئەحمەد هەناری.

- مەولوود ڕۆژباش: تێکۆشەری ناو ون بووی هەولێر لە گەڕەکی سێتاقان بوو ماڵی کورد پەروەرو شۆڕشگێڕو چاو نەترس و دڵسۆزو بەڕێز بوو مەسئولی زۆر لە کەسانی پارتی بووە لە هەولێر، ئەوکات وشەی ڕۆژباشی زۆر بەکار دەهێنا بووە "مەولوود ڕۆژباش" "کاک محەمەد" گووتی مەولوود ڕۆژباش "مەلا عەولاّ"ی کردبووە پارتی. مەلا عەولاش عەونی یوسفی کردبووە پارتی زۆر کەس لە پارتییەکانی ساڵانی "١٩٥٠" باسی بەتوانایی کاک مەولوود ڕۆژباش دەکەن کە دەوری کاریگەری هەبووە لە کوردایەتی لە هەولێر لە ساڵانی "٥٠" وەک ڕەمزێک ڕۆژباش هەبووبێ عارەقەی ڕێشتبێ لە کوردایەتی و ناوویشی ون ببێ بۆ......!؟

یادت بەخێر کاک مەولوود ڕۆژباش کاک بایز کە پێشمەرگەی هێزی دەشتی هەولێر بوو برای کاک مەولوود ڕۆژ باشە، لەجیاتی بڵێ:"سەلام و عەلەیکوم" هەردەم دەیگوت:"ڕۆژباش"بۆیە نازناوی "ڕۆژباش"ی وەرگرت.

**مەولود خدر مەولود** (١٩٣١-٢٠٠٦)

مەولوود خدر مەولوود ناسراوە مەولوود ڕۆژباش لە گوندی "گاوەرە"ی سەر بە قەزای "مەخموور" لە ساڵی ١٩٣١ لە دایکبووە، قۆناغی سەرەتایی لەوێ تەواو کردووە، هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی سیاسەتی هەبووە بۆیە پێش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد بەشێوەیەکی ڕەسمی و بەئاشکرا بۆ پارتی کاری کردووەو بووە بە کادیری حزبی، لە ساڵی ١٩٦٢لە هەرای "حرس القومی" سێ مانگ گیراوەو لە بەندیخانە.

پێشمەرگە لە "بێتواتە" پەیدا دەبن و لەگەڵ "مەلا ماتۆڕ و عەریف عوسمان و خورشید شێرە" مەشجەبی شورتەیان شکاندو بەهەموو کەل و پەلەکانەوە ڕۆیشتن بۆ "بێتواتە" کۆبوونەوەو پاشان پەرەیان سەندو زۆر بوون، دوای گەڕانەوەی بارزانی لە "بەغدا" بۆ بارزان ئەو کۆمەڵە حزبییە کۆکرانەوەو شەو لەگەڵ بارزانی ڕۆیشتن بۆ "بارزان" ئیتر شەڕ دەستی پێکردەوەو خەڵک هەموو بوون بە پێشمەرگەو دەنگی دایەوە، دوای دەست پێکردنی شەڕ. پاشان "فارس باوە" هاتە ناو شۆڕش و بوو بەهێزی دەشتی هەولێر.

مەولوود ڕۆژباش یەکێک بوو لەو کادیرانەی کە لە هێزی دەشتی هەولێر نان و کەلوپەل و جلوبەرگ و یارمەتی و هەرچی پێویستی بوایە کۆی دەکردەوەو بۆ پێشمەرگەکان لە چیا، ئەم بەڕێزانەش لە هاوڕێ نزیکەکانی مەولوود ڕۆژباشن"موحسین دزەیی و عەلی عەبدوڵلا و محەمەدی مەلا قادر و ڕەسوول فەقێ...هتد" ئیتر چەند ساڵ لەسەرکردایەتی پارتی و بارزانی بوون و شاخ و چیاکانی هەر چوار پارچەی کوردستانیان بەپێ کێڵاوەو پاشی مفاوەزاتەکەی ١٩٧٤ چوونەوە چیاو شەڕ دەستی پێ کردوەو ڕۆیشتن بۆ "مەهاباد" لە کوردستانی ئێران، پاشان گەڕانەوە بۆ هەولێر و حزبی بەعس بەهۆی سیاسەتی پێشمەرگایەتی و کوردایەتی نەفی "جنوبیان" کردوون و لە قادسییە، ناحییەی "سنیە" بۆ ماوەی چوار ساڵ لەوێ ماونەتەوە لەگەڵ ماڵی "ساڵح شێرە " لە ساڵی ١٩٧٩ گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان و لە دێیەکی نزیک شاری هەولێر بە ناوی "کۆپەقران" نیشتەجێ بوون، لەبەر کاری سیاسی نەیوێراوە بە ئاشکرا بێتەوە ناو شار تا ڕووخانی دێهاتەکانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٧ ئینجا چوونەتە ناو شاری هەولێر.

دوا بەدوای ئەمانە فەرمانبەر بووە لە "شارەوانی" هەولێر کە لە ساڵی "١٩٨٨" خانەنشین کراوەو بەهۆی باری تەندروستی خراپ نەیتوانیوە درێژە بە خەباتی سیاسی حزبی بدات، بەڵام هەر لایەنگرو پاڵپشتی ئەوانی کردووەو لە هەموو بۆنەو ئاهەنگەکانی پارتی بەشداری کردووە لەگەڵ هاوڕێیەکانی تا دواساتەکانی تەمەنی کە لە ٢٠٠٦/٨/٢٧ کۆچی دوایی کردووەو خاوەنی "١٣" منداڵە بە ناوەکانی:"ڕزگار- ڕێبوار- هیمداد- هەڵمەت- هەڵکەوت- هێرش- ئەختەر- خوناو- بەیان- چنار- فەریدە- سەنیە- حفسە"

شایانی باسە ئەزموونی سیاسی هەبووە، کە هەمیشە پاڵپشتی کردووەو یارمەتی داوە بەهەموو شێوەیەک لەگەڵیدا بەشداری هەموو کارە حزبییەکانی کردووەو شوێن و کوچەکانی کوردستانی لەگەڵدا کێڵاوە ئەویش خێزانی مەولوود ڕۆژباشە کە بەناوی "سافیە حەمەد ئەمین" بووە.

- ئەحمەد ڕەشوانی: شاعیرو نووسەرو ڕۆژنامەنووس سیاسەتمەدارو کوردپەروەر بوو لە لیژنەی قوتابیانی کوردستان بوو کاکە ئەحمەد گووتی ئەحمەد ڕەشوانی وەک برا بوو لەگەڵ من برای مامۆستا حوسێن ڕەشوانی بوو کە کوردێکی کورد پەروەر بوو ئامۆزای تێکۆشەری دێرین کاک "مەلا ناسیح" بوو مەلا ناسیح ئیمام و وتارخوێن بوو ناوی حەقی مەلا ناسیح بوو ناوی خۆی "مەلا سەید ئیسماعیل مەلا سەید ئەمین گۆمەشینی"بوو.

مامۆستا ئەحمەد ڕەشوانی ڕۆڵی کاریگەری لە یەکێتی قوتابیان هەبووە جگە لە ئەحمەد ڕەشوانی سەربەست بامەڕنی و جەمیل ڕەنجبەرو شەهید ئیسماعیل فەقێ حەسەنیش کاریان لەگەڵ ئەحمەد ڕەشوانی دەکرد مامۆستا ئەحمەد فەرهەنگێکی شیعری لە دوای جێ هێشتووە کە زۆر پڕمانایە. داخەکەم ئەو مرۆڤە بەرزە لە ساڵی "١٩٦٧" لە شەڕی خۆ کوژی کوردا کوژرا مامۆستا ئەحمەد ڕەشوانی لەلای مامۆستا گیو لە چاپخانە شاگرد بوو پیت چین بوو گیوی پایە بەرز ڕۆڵی هەبوو لە پێگەیاندنی مامۆستا ئەحمەد ڕەشوانی فێری کوردایەتی کردو بوو بە شاعیر.

- کاک تۆفیق بەنزین خانە"ئازاد": لە بەنزین خانە کاری دەکرد ناویان نا بەنزین خانە، لە کوردایەتیش و سیاسەت کردن نازناوی سیاسی "ئازاد"بووە زۆر ئازاو نەترس بووە زۆر پاک و بێ گەرد بووە، ئەخلاقی شۆڕشگێری هەبووە زۆر کاری قورسی لەو هەولێرەی بە ئەنجام گەیاندووە کاک ئەحمەد گووتی لە ساڵی "١٩٥٨" بە یارمەتی کۆ بوونەوەی حزبایەتی کۆبوونەوەم لەگەڵ کاک تۆفیق بەنزینخانە دەکردو لەو کاتی ناسیم زۆر کوڕێکی ساغ و کورد پەرەوەرێکی نەترسە هەروەها گووتی "تۆفیق خالند، عەولا خالند" کە دووبرا بوون پارتایەتی و کوردایەتیان دەکردو لە هەولێری هەروەها کەریمە ڕەش ئەویش زۆر ماندووبووە لە کوردایەتی هەروەها عەلی هەژار و شەهید ئەحمەد ڕەشوانی لە لیژنەی قوتابیانی کوردستان کاریان دەکرد، بەڵێ ئازیزانم بە هەزاران کەس بۆ کوردو کوردستان ماندوو بوون و "تەزحییەیان"داوە گیراون و شەهید بووینەو ماڵ و حاڵی خۆیان بەقوربانی کوردو کورستان کردووە شانۆی سیاسەت کوردایەتی و پارتایەتی بە هەزاران کەس ڕۆڵی خۆی لەسەر بینیوەو کەم و زۆر کوردایەتیان کردووە.



مەولود ڕۆژباش

## ڕوونکردنەوەیەک لە بنەماڵەی ئەسعەد ئاغای هەرکییەوە

**لە ژمارە ١٢٩ی هەفتەنامەی بەدرخان لە ٢٠٠٩/١١/٢٢ لە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١ هەتا کۆتایی "نسکۆ" ماڵی ئەسعەدی فەتاح ئاغا هەرکی لەگەڕەکی خانەقا هێلانەی پێشمەرگەی بریندار بووە، "پارتی" کاری تەنزیمی تێدا ئەنجام دراوە، پێشمەرگە شایەدی حاڵی شۆڕشی ئەیلوولە کە ئەسعەدی فەتاح ئاغا هەرکی چ ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە، بەنموونە، فارس باوە لە یادەوەری خۆیدا باسی کردووە، شاهیدی زیندوو مامۆستا محەمەدی مەلا قادر، خورشید شێرە، سەید کاکە، مەسعود بارزانی ڕاستییەکان دەزانن هەرچی بە بڕیاری بارزانی نەمر بووە کە پارتی دەزانێ و هەندێ جار یارمەتی پێشمەرگەشی داوە بە "چەک، پارە، خواردن" بۆ دەشتی هەولێر، سەفین، هەر پێشمەرگەیەک بەمەبەستی پارە کە بۆ نێو شار لە ژێر ئەمری ئەسعەدی فەتاح ئاغای هەرکی بووەو چەندین جاریش پێشمەرگە بریندار دەبوون لە ژێر زەمینەکەی ماڵی خۆیان کە ئێستاش ئەو ماڵە وەکو خۆی ماوەو هەموو پێشمەرگەی ئەیلوول شایەدحاڵی ئەو چاکیین.**

**شایەنی باسە ئەسعەد ئاغای فەتاح هەرکی ساڵی ١٩٢٦ لە هەولێر لەدایکبووە، لە پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، کە لە ئێرانەوە گەڕانەوە لەسنووری خانەقین تەسلیمی حکومەتی عێراق کرانەوەو لە ١٩٧٥/١٠/٢٥ نەفیان کرد بۆ قەزای "شەترە"ی سەر بە پارێزگای ناسریە، ماوەیەک لە ئەمنی عامەی بەغدا لەلایەن کاربەدەستانی ئەوکات دەستگیر دەکرێ و پاش ئەشکەنجەدانێکی زۆر و پاش ئازادکردن و گەڕانەوەی لە زیندان قژەکانی و هەرچی موو بە لەشییەوە هەبوو.**



ئەسعەد ئاغای هەرکی

**هەڵوەران و پێموان وایە لەلایەن ڕژێمەوە دەرمانخوارد کرابێ، ئەسعەد ئاغای هەرکی لە ڕێکەوتی ١٩٧٦/٣/١١ لەناکاودا کۆچی دوایی کرد. لە پاشان تەرمی دەهێنرێتەوە گوندی"میران خور"سەر بەشاری هەولێر، لە ناحیەی سەلاحەددین، لە پاش خۆی ١٠ کوڕ و ٣ کچی بەجێهێشتووە، هەر سەبارەت بە ئەسعەد ئاغای هەرکی.**

**ئیدریس حوسێن پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول لەکاتێکدا ئەو لەماڵی ئەسعەد فەتاح هەرکی بووەو زۆرجار کاری نهێنی و بەڵکو پێشمەرگەی برینداریش چۆتە ئەوێ. بۆیە ڕاستگۆیانە مام ئیدریس گوتی: لە ساڵی "١٩٦٥" لە ئەنجامدانی چالاکییەک بەرامبەر بە ڕژێم بریندار بووم خۆم گەیاندە ماڵی بەڕێز ئەسعەد فەتاح هەرکی لە گەڕەکی بیرێژی بەرامبەر قوتابخانەی سۆران، ئەسعەد فەتاح تەلەفۆنی بۆ دکتۆر "عەبدولرەزاق" کرد کەبێ چارەی سەر برینەکەم بکات، بەڵام دکتۆر عەبدولرەزاق نەهات و تەلەفۆنی بۆ دکتۆر "محەمەد شێخۆ" کرد هەولێری بوو دکتۆری عەسکەری بوو لەگەڵ کوڕێک هات ناوی "محەمەد ئەحمەد" بوو "ڕەئیس عورەفا"ی مزەمیدی عەسکەری بوو هاتن لە ژێر زەمینی ماڵی ئەسعەد فەتاح "بەنجەکی مەوزوعی" لە من داو عەمەلیاتی بۆ کردم. من پێمگوت چۆن چوویە ماڵی ئەسعەدی فەتاح هەرکی، مام ئیدریس گوتی: حزب واتە حزبی پارتی بە ئێمەی گوتبوو ئەگەر لە ناو شاری هەولێر مانەوە نەتانتوانی دەرچن یان بریندار بوون یەکسەر بڕۆنە ماڵی ئەسعەدی فەتاحی هەرکی، هەر سەبارەت بەم بابەتە مامۆستا ئەحمەد ئەجمەدین گوتی: ڕۆژێک لەلای حاجی "عەزیز محەمەد میرزا" ماڵی کاک ئەسعەدی فەتاح هەرکی هاتنە لام، منیش گوتم: مام حاجی تۆ خۆشناوو ئەوانە هەرکی ئاوا لەیەکتر نزیکن دەبێ هۆکەی چی بێ؟ مام حاجی گوتی: من لەگەڵ ماڵی ئەسعەدی فەتاح هەرکی یەک ماڵم. چونکە لە ساڵانی "١٩٦٠" من لە حزبی پارتی کارم دەکردو لەلای ڕژێمی ئەوکات ئاشکرابووم هەستاین چووینە ماڵی ئەسعەدی فەتاح هەرکی جلوبەرگی ئەوانمان لەبەر دەکرد "پەشمەو بەرگویز" بۆ ئەوەی نەناسرێینەوە و نەگیرێین ئێمە زۆربووین. ماوەیەکی زۆر لەو ماڵە ماینەوەو پارتایەتی خۆمان دەکرد.**

**تاوای لێهات زۆر ڕێزی ئێمەیان دەگرت وەکو کوڕی خۆیان تەماشایان دەکردین. بۆیە مام حاجی لەکۆتاییدا گوتی: ئەدی برام ئێمە ئاوابووین لەگەڵ ماڵی ئەسعەدی فەتاح هەرکی بۆیە ئێستاش هەر نێوانمان خۆشەو هاتووچۆمان گەرمە لەگەڵ یەکتر.**

**محەمەد ئەسعەد ئاغای هەرکی**

# بەدرخان ئەنجامی راپرسی کەناڵە لۆکاڵییەکان بڵاو دەکاتەوە

## لەکۆی ٨ بڕگەدا تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لە ٣ بڕگەو تەلەفزیۆنی یەکگرتوو لە ٢ بڕگەدا پلەی یەکەمیان بەدەستهێنا

### راگەیاندنی بەدرخان

دوابەدوای ئەوەی لە ماوەی رابردوودا دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان راپرسییەکی سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ لە هەرێمی کوردستان سازکرد، ئەوجارەیان لە شاری هەولێر راپرسییەکی دەربارەی هەڵبژاردنی باشترین تەلەفزیۆنی لۆکاڵی لە ٨ رووەوە سازکرد، کە لەو راپرسییەدا ٧٥٠ فۆڕم دابەشکرابوو، ٦٢٥ فۆڕم گەڕایەوە بارەگای دەزگای بەدرخان و ستافی راپرسییەکە، ئەو شوێنانەی فۆڕمەکانی لێ دابەشکرابوو، بریتی بوو لە: "قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکانی کچان و کوڕان، ناو مالان، بازاڕی شێخەڵڵا، بنکەی پۆلیس، دەزگا رۆشنبیرییەکان"، ئەو پرسیارانەی لەو راپرسییەدا خرابوونە روو، بریتی بوون لە: "١- زیاتر سەیری کام کەناڵ دەکەیت، ٢- لەڕووی هەواڵەوە کام کەناڵ بە باشتر دەزانی، ٣- لەڕووی پەخشکردنی گۆرانی کوردی کام کەناڵ بە باشتر دەزانی، ٤- لەڕووی بەرنامەی منداڵان کام کەناڵ بە باشتر دەزانی، ٥- لەڕووی پەخشکردنی درامای کوردی کام کەناڵ بە باش دەزانی، ٦- لەڕووی پەخشکردنی درامای ژێرنووسکراوی کوردی کام کەناڵ بە باشتر دەزانی، ٧- لەڕووی پەخشکردنی درامای وەرگێڕدراو (دۆبلاژ) کام کەناڵ بە باشتر دەزانی، ٨- لەڕووی گرنگیدان بە گەنجان کام کەناڵ بە باشتر دەزانی".

ئەنجامی کۆتایی راپرسییەکە بۆ پرسیاری یەکەم لە کۆی ٦٢٥ فۆڕمی گەڕاوە کە "٥٨١" فۆڕم تەواو بوون و "٤٤"یان رەتکرانەوە و بە بەتاڵی بەجێهێشتران، کەناڵی هەولێری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بە کۆکردنەوەی "١٥٥" دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە.

بۆ پرسیاری دووەم لەکۆی ٦٢٥ فۆڕمی گەڕاوە "٥٤٠" فۆڕم قبوڵکراوە و ٨٥ فۆڕم رەتکراونەتەوە، تەلەفزیۆنی یەکگرتوو بە "٣٠٠" دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە.

لە ئەنجامی پرسیاری سێیەمیش تەلەفزیۆنی ئیفێکت بە کۆکردنەوەی "٩٧" دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە، بۆ ئەو پرسیارەش "٥٣٢" فۆڕمی قبوڵکراو و "٩٣"ی رەتکراوە هەبوو.

لە پرسیاری چوارەمدا لە کۆی ٦٢٥ فۆڕمە گەڕاوەکەدا تەلەفزیۆنی یەکگرتوو بە "٢٢٧" دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە و ٥٧٩ فۆڕم قبوڵکراوە و ٤٦ فۆڕم رەتکراوەتەوە.

لە وەڵامی پرسیاری پێنجەمیشدا تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بە "١٦٦" دەنگ پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە و فۆڕمە حیسابکراوەکانیش ٤٧٩ بوون و ١٤٦یان رەتکراونەتەوە.

پرسیاری شەشەمیش تەلەفزیۆنی نیگا تێیدا پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە بە "٢٣٨" دەنگ، کە لەو پرسیارەشدا "٥٦٥" فۆڕم قبوڵکراوە و "٦٠" فۆڕمیش رەتکراوەتەوە.

لە وەڵامی پرسیاری حەوتەمیشدا لەکۆی ٦٢٥ فۆڕمی گەڕاوە، ٥٨٨ فۆڕم قبوڵکراوە و ٣٧ فۆڕمیش رەتکراونەتەوە، لەو پرسیارەشدا تەلەفزیۆنی نیولاین بە "١٨٢" دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە.

لەدوا پرسیاریشدا کە پرسیاری هەشتەمە ٤٨٦ فۆڕم قبوڵکراوە و ١٣٩ فۆڕم رەتکراوەتەوە، تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بە "١٩٣" دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە.

ئەو دەنگانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد و رەتکراونەتەوە، لەبەر چەند هۆیەکە، لەوانە: بەشداربووی راپرسی هەیە نووسیوەتی نییە، بەو مانایەی لە بوارە دیارکیراوەکە تەلەفزیۆنی باش نییە، هەیە لەهەرسێ خانەدا ناوی یەک تەلەفزیۆنی نووسیوە، هەشە بە بەتاڵی جێی هێشتووە.

لەو راپرسییەدا بۆ هەر پرسیارێک سێ خانەمان دانابوو، بەمانای باشترین یەکەم و باشترین دووەم و باشترین سێیەم، کە لەخوارەوە تەواوی ئەنجامەکان دەخەینە روو.

**ئەنجامی پرسیاری یەکەم**

"زیاتر سەیری کام کەناڵ دەکەیت"

لەو پرسیارەدا لەکۆی ٦٢٥ فۆڕمی گەڕاوە بۆ پلەی باشترین یەکەم لەکۆی ٥٨١ دەنگی قبوڵکراو تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بە ١٥٥ دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە، بۆ باشترین دووەمیش لەکۆی ٣٩١ دەنگ هەمدیسان گەلی کوردستان بە ٨٠ دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە و بۆ پلەی باشترین سێیەمیش تەلەفزیۆنی نیگا بە ٧٢ دەنگ لەکۆی ٣٤٣ دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە.



فۆڕمی راپرسییەکە

**ئەنجامی پرسیاری دووەم**

"لەڕووی هەواڵەوە کام کەناڵ بە باشتر دەزانی"

لەو پرسیارەشدا هەر لەکۆی ٦٢٥ فۆڕمی گەڕاوە تەلەفزیۆنی یەکگرتوو لەکۆی ٥٤٠ دەنگی قبوڵکراو بە ٣٠٠ دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە، بۆ باشترین دووەمیش تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لە ٣٤١ دەنگدا بە ١٢١ دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە، بۆ باشترین سێیەمیش تەلەفزیۆنی قەڵات لەکۆی ٢٦٦ دەنگدا بە ٧٥ دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە.

**ئەنجامی پرسیاری سێیەم**

"لەڕووی پەخشکردنی گۆرانی کوردی کام کەناڵ بە باشتر دەزانی"

لەو پرسیارەشدا لەکۆی ٥٣٢ دەنگی قبوڵکراو بۆ باشترین یەکەم تەلەفزیۆنی ئیفێکت بە "٩٧" دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە، کە ٥٣٢ دەنگ قبوڵکراوە و ٩٣ش رەتکراوەتەوە، بۆ باشترین دووەمیش تەلەفزیۆنی هەتا بە ٥٢ دەنگ باشترین دووەمە و بۆ ئەو پرسیارەش ٣٦٤ دەنگ قبوڵکراوە، بۆ باشترین سێیەمیش تەلەفزیۆنی قەڵات بە ٣٧ دەنگ پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، کە ٢٩١ دەنگ قبوڵکراوە.

**ئەنجامی پرسیاری چوارەم**

"لەڕووی بەرنامەی منداڵان کام کەناڵ بە باشتر دەزانی"

لەو پرسیارەدا بۆ باشترین یەکەم لەکۆی ٥٧٩ دەنگ تەلەفزیۆنی یەکگرتوو بە ٢٢٧ دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە، بۆ باشترین دووەمیش لەکۆی ٣٦٤ فۆڕمی قبوڵکراو تەلەفزیۆنی نیگا بە ٩٦ دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە. بۆ باشترین سێیەمیش لەکۆی ٢٧٢ دەنگی قبوڵکراو تەلەفزیۆنی نیولاین بە ٥٦ دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە.

**ئەنجامی پرسیاری پێنجەم**

"لەڕووی پەخشکردنی درامای کوردی کام کەناڵ بە باشتر دەزانی"

لەو پرسیارەشدا بۆ باشترین یەکەم لەکۆی ٤٧٩ دەنگ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بە ١٦٦ دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە، بۆ باشترین دووەمیش لەکۆی ٣١١ دەنگی قبوڵکراو تەلەفزیۆنی نیگا بە ٧٠ دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە. بۆ باشترین سێیەمیش لە کۆی ٢٨١ دەنگی قبوڵکراو تەلەفزیۆنی نیگا هەمدیسان بە ٥٠ دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە.

**ئەنجامی پرسیاری شەشەم**

"لەڕووی پەخشکردنی درامای ژێرنووسکراوی کوردی کام کەناڵ بە باشتر دەزانی"

لەو پرسیارەشدا لەکۆی ٦٢٥ فۆڕمی گەڕاوە، کە "٥٦٥"یان قبوڵکراوە بۆ باشترین یەکەم تەلەفزیۆنی نیگا بە ٢٣٨ دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە، بۆ باشترین دووەمیش لەکۆی ٣٦٧ دەنگدا تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بە ١٠٢ دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە، بۆ باشترین سێیەمیش لەکۆی ٢٩٢ دەنگی قبوڵکراو تەلەفزیۆنی نیگا بە ٦٠ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە.

**ئەنجامی پرسیاری حەوتەم**

"لەڕووی پەخشکردنی درامای وەرگێڕدراو "دۆبلاژ" کام کەناڵ بە باشتر دەزانی"

لە ئەنجامی ئەو پرسیارەدا، بۆ باشترین یەکەم لەکۆی ٥٨٨ دەنگی قبوڵکراو، تەلەفزیۆنی نیولاین بە ١٨٢ دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە، بۆ باشترین دووەمیش لەکۆی ٣٨٧ دەنگی قبوڵکراو تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بە ١٠٠ دەنگ پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، بۆ باشترین سێیەمیش لەکۆی ٣١٢ دەنگی قبوڵکراو تەلەفزیۆنی نیگا بە ٧٣ دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە.

**ئەنجامی پرسیاری هەشتەم**

"لەڕووی گرنگیدان بە گەنجان کام کەناڵ بە باشتر دەزانی"

لەو پرسیارەشدا کە وەڵامی ٤٨٦ کەس قبوڵکراوە، بۆ باشترین یەکەم تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بە ١٩٣ دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە، بۆ باشترین دووەمیش لەکۆی ٣١٥ دەنگی قبوڵکراو دیسان تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بە ٦٥ دەنگ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە، بۆ پلەی سێیەمیش لەکۆی ٢٦١ دەنگی قبوڵکراو، تەلەفزیۆنی قەڵات بە ٤٤ دەنگ پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە.

دەربارەی سازکردنی ئەو راپرسییەو قۆناغەکانی مەسعودی مەلا هەمزە سەرپەرشتیاری گشتی راپرسییەکە گوتی: وەکو دەزگای بەدرخان لەناو زۆری ئەو تەلەفزیۆنانە بەپێویستمانزانی راپرسییەک سازبکەین بۆ بەدەرخستنی ئاستی تەلەفزیۆنەکان، بۆیەش لە شاری هەولێر ٧٥٠ فۆڕممان لە شوێنە گشتییەکانی وەکو بازاڕ و قوتابخانە و بنکەی پۆلیس و ناو ماڵان و چەند شوێنێکی دیکەی جیاواز دابەشکرد، لەکاتی وەرگرتنەوەی فۆڕمەکانیش ٦٢٥ فۆڕم گەڕایەوە دەست لیژنەی ئەنجامدانی راپرسییەکە، لەکاتی جیاکردنەوەکەشدا فۆڕمەکان لەژێر چاودێری کەسانی پسپۆڕ و یاسایی جیاکرانەوە، بۆ ئەنجامەکانیش لەبەرئەوەی کە لە وەڵامی هەر پرسیارێکدا سێ خانە هەبوو تا بەشدارانی راپرسییەکە پڕی بکەنەوە، بۆیە بەچاکمانزانی لەکاتی راگەیاندنی راپرسییەکەدا باشترین یەکەم و باشترین دووەم و باشترین سێیەم دیاری بکەین، بێگومان لەبەرئەوەی ئەو کەسانەی فۆڕمەکانیان پڕ کردۆتەوە زیاتر خانەی یەکەمیان پڕ کردۆتەوە یان لەهەرسێ خانەدا ناوی تەلەفزیۆنێکیان نووسیوە، بۆیە دەنگەکانی باشترین دووەم و باشترین سێیەم کەمترە لە دەنگەکانی باشترین یەکەم، بۆ دیاریکردنی ئەو کەسانەشی کە لە راپرسییەکەدا بەشدار بوون هەوڵماندا زۆرترین چین بەشداربن، هەر لە نەخوێندەوار و گەنج و پیر و کەسانی کاسب و پۆلیس و چەندین چینی دیکە، بەڵام زیاتر گرنگیمان بە گەنج داوە، لەبەرئەوەی کۆڵەگەی هەر کۆمەڵگایەک گەنجە.

جێی ئاماژەیە ئەمڕۆ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا بە ئامادەبوونی سەرجەم دەزگا راگەیاندنەکان تەواوی ئەنجامەکانی ئەو راپرسییە رادەگەیەنین و لە ژمارەکانی داهاتووی بەدرخانیشدا لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی زانستی لەسەر راپرسییەکە بڵاو دەکەینەوە.

---

## قەتقەس



مەهدی ئەبوبەکر

### دەیدۆڕێنین و نایبەینەوە!

کابرایەکی قومارچی هەبوو، کاتێک لێت دەپرسی؛ وەزعت چۆنە؟ دەیوت: باشە، دەیدۆڕێنین و نایبەینەوە، ئیتر وایە، ئەگەر جارو بارێکیش بیبەینەوە، ئەوا لە جارێکی تردا دەیدۆڕێنین، ئێ هەروادەبێ، باشە باش.

وەزعی خەڵکی ئەم هەرێمەی ئێمەش وای لێهاتووە، رۆژانە تووشی دەیان دەردی سەری دەبن، لە بەینی ناخۆشێک و ناخۆشێکی تردا، دەیان ناخۆشی دەبینن، ئەگەر جاروبارێکیش سەرپێیان لە خۆشییەک هەڵبکەوێت، ئەوا لە ناخۆشییە یەک لەدوا یەکەکاندا، دەیدۆڕێنن.

کاتێک گەرمەی بانگەشەی هەڵبژاردن بوو، هەردوو گەورە حزب، بەراشکاوی دانیان بەوەدا نا، کەموکوڕی زۆر هەیە، حکومەت خواروخێچە، حزب دەستی لە سکی حکومەتەوە گەیشتۆتە ناو عەقڵی و گەمەی پێ دەکات.

زۆربەمان وتمان: الاعتراف بالذنب فضیلة. دڵمان بەوە خۆشکرد ئەگەر ئەمجارە دەنگ بەو دوو حزبە بدەینەوە، رەنگە وەزعەکە بگۆڕن و ئەم گلە حکومەت مەرەخەس بکەن، تاکارەکانی رایی بکات.

لە خۆشباوەڕیمانەوە دەنگمان پێ دانەوە، بەدەنگەکانی ئێمە توانیان زۆرینە وەربگرن و حکومەت دروست بکەن، بەڵام بە شێوازێک حکومەتیان دروستکرد، ئەو شێوازە لە دەوڵەتە شمولیەکانیشدا نموونەی کەمە، وەزیرەکانیان بە پەنا دیواردا بردە پەرلەمانەوە، نەک خوانەخواستە خەڵک بزانێت کێن و قسەیەکیان لەسەر بکات! تەنانەت پەرلەمانتارەکانیش چەند کاتژمێرێک بەر لە سوێندخواردنەکە زانیان وەزیرەکان کێن!

بەندە گلەیی لە سەروەزیر ناکەم کە ناوی وەزیرەکانی تا پەرلەمان، بە شاراوەیی هێشتەوە، چونکە دەزانم جەنابیان دەستی لە دیاریکردنی وەزیرەکاندا درێژ نەبوو، بەڵکو حزب وەزیرەکانی لە پاکەتێکدا بۆ رەوانە کرد، ئەویش هەر ئەوەندەی لەسەر بوو بیانگەیەنێتە پەرلەمان. هیچ قسەیەکیشم بەرانبەر وەزیرە بەرێزەکان نییە، نازانم باشن یان خراپ، چونکە پێشینەی زۆربەیان نازانم و تا ئێستاش دەرنەکەوتووە، بۆ وەزارەتەکانیان دڵسۆز و بە بنەوەسوتاو دەبن یان هەر چاوەڕوانی ئیمتیاز دەکەن.

رووی دەممان، لە هەردوو حزبە، چونکە لە یەکەم تاقیکردنەوەی جێبەجێکردنی گفتەکانیاندا بۆ جیاکردنەوەی حزب و حکومەت سەرکەوتوو نەبوون. نەک هەر حزبیان لە حکومەت جیانەکردەوە، بەڵکو لەبەر خاتری خاترداران هەندێ کەسیشیان کردە وەزیر، نەبادا کاکی خاتردار لە حزب بەلەسە بێت.

ئەو سیناریۆیەی حکومەتی پێ دروستکرا، چاوی رەشی کاڵکردینەوە، چونکە کورد وتەنی؛ تاریکی مانگ سەر لە ئێوارە دیارە، ئەگەر حکومەتێک هێندە لە خۆی بترسێت و ئامادەنەبێت لانی کەم سێ رۆژ پێش سوێندخواردن، ناوی وەزیرەکانی بۆ رای گشتیی رابگەیەنێت، ئیتر چۆن متمانەی پێبکەین کە بەڵێنە قەبەکان، جێبەجێ بکات؟ ئەگەر حکومەتی پێشوو، تەنها حزب دەستی تێوەردابێت، ئەوا حکومەتی ئەمجارە، نەک هەر حزب، بەڵکو کەسانێکی تایبەتیش دەستی تێوەردەدەن و بەناو باڵادەستەکانی حکومەتیش ناتوانن نقەیان لێوە بێت، چونکە خوار دەست و قەرزاریانن، باش دەزانن، ئەگەر ئەوان پاڵپشتیان نەبونایە، ئەوا هەرگیز ئەو جێگەیەیان بەنسیب نەدەبوو.

کورە چش لە خەڵکی، با هەر سەرپا هەڵکەوتوو بن و خۆشی نەبینن، بەس نییە، ئەوان پۆستیان دەستکەوتەوە، ئێ خۆ لە راستیدا ناخۆشیش، ئەگەر بەدەستی حکومەتی خۆتەوە بیچێژی ناخۆش نییە! خەڵکی چیان دەوێت، ئەوەنییە دەسکە گوڵی کابینەی نوێ نەخۆشکەوتنەوەی کارەبایە. دەی گوێ مەدەنێ ئەمجارەش نەمانبردەوە و دۆڕانمان، هەروا دەبێ وا.

---

## حیکایەتی شار... کابینەی شەشەم



**محەمەد کەریم نانەوا**

**- بۆ/ رێزدار: د. بەرهەم ساڵح**

دوای رێزو سلاو و تەقدیرم.

- بەرێز. بێگومان ئەرک و پلەوپایەی وەزیفی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران. لە هەرێمێکی وەکو هەرێمی کوردستان بارێکی قورسە.

کابینەی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوار پایە لەسەر پایەیان چەسپاند لە پێناو سەرکەوتن بۆ دۆنر، ئەگەر چاک. ئەگەر خراپ. گرنگ ئەوە بوو کاروان بەرێوەبوو بەرەو هەوراز هەڵدەکشا.

واتا چقڵ بوون لە چاوی دوژمنانی کوردو کوردستان.

چونکە دوژمنانی ناوەوەو دەرەوە. قسەی دیکتاتۆری گۆڕبەگۆڕیان کاوێژدەکردەوە دەیانگوت: "بنێشتی کوردیمان زانیوە، بەڵام قەت حکومەتی کوردیمان نەزانیوە".

ئەم چوار کابینەیە ئەم قسەی دیکتاتۆرەو دوژمنانی حکومەت و گەلی کوردستانیان لە گۆڕنا، تۆڕیان هەڵدا بۆ ناو زبڵخانەی مێژوو. بۆیە "من" بەچقڵی چاوی دوژمنان ناو زەردم کردوون.

بەرێز. کابینەی پێنجەم بەهەقەت کابینەی خزمەتگوزاری بوو، رێزدار کاک نێچیرڤان بارزانی زۆر بەجورئەتەوە شانی دایەبەر ئەم بارە قورسە، هەنگاو بەهەورازە رێدا بێ منەت لە قونجیرکەی دەوروبەرو بێ باک لە ماندوبوون و زەحمەتی هەورازەڕێ.

درێخی نەکرد بەسەرخان و ژێرخاندا رووچوو بەرەو دوندی هیوا هێنای، لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی کوردو کوردستاندا بۆی تۆمارکراوە. ئێستاش ئەوەی مایەی خۆشی و گەشبینیە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ئەوەیە کە لە پرۆسەیەکی شارستانیانەو دەستاو دەستکردن بەرێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، لە پێناو خۆشگوزەرانی بۆ گەلی کوردستان بەهەموو چین و توێژەکانیانەوە.

بەرێزتان. بەشانازییەوە لە پێناو بەرژەوەندی بەرزوباڵای گەل و نیشتیمانی شانتان داوەتە بەر ئەم بارە قورسە، بەم نیازەی کە بیگەیەنینە دوندی هیواو ئارام.

بەرێز. من وەکو هاووڵاتییەکی دڵسۆز بەگەل و نیشتیمان راستتر وەکو برای شەهیدێک لە شەهیدانی رێگای رزگاریخوازی کورد و کوردستان.

بێگومان لەتواناو لێهاتوویی و دڵسۆزیتان بۆ ئەم گەلە بەوەفاو خۆشەویست و نیشتیمانپەروەرە شەوو رۆژ لێک گرێ دەدەن، هەرگیز درێخی و کەمتەرخەمی ناکەن لە پێناو دابین کردنی خۆشگوزەرانی و بەختەوەریی بۆ گەلی کوردستان و بەرەوپێش بردنی ئەم بارە قورسە و هەڵکشان بۆ دوندی هیوا. بێگومان گەشبینم.

بەرێز. من لە کتێباندا خوێندوومەوە. دەڵێن: "ئەگەر بتەوێ قەڵایەک داگیر بکەی، دەبێ لەناوەوە کاری بۆبکەی" واتا، لە پێناو گەیاندنی ئەم بارە قورسە بۆ دوندی هیواش پاکسازی لە ریزی گەندەڵکاران، ئەرکێکی بەپەلەو پیرۆزی نیشتیمانییە لە پێناو یەکسانی کۆمەڵایەتی.

بۆ نموونە: راوێژکارێکی حازرخۆری سەرسفرەی حازرەکی قەلەمفرۆش. بێجگە لە ئیمتیازاتی تایبەت بەپتر لە ملیۆنەک دینار خانەنشین دەکرێ. بەڵام شەهیدێکی سەنگەر "٤٥٠،٠٠٠" چوارسەدو پەنجا هەزار دینار. مانگانە شەهیدانە بۆ خانەوادە سەربەرزەکەی دەبڕێتەوە، ئەم نموونەیە بەسە بۆ بەرێزتان.

باسی دامەزراندنی تایبەت و کەسانی حزبی و بەپشت و پەنا ناکەم. کە لە رێزی هەرەپێش پێشەوەی ئەوانەن کە داوای دامەزراندن دەکەن لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

- لە کۆتاییدا. ئومێدەوارم سەرفرازو سەرکەوتووبی لە بەرێوەبردنی ئەم ئەرکە پیرۆزو نیشتیمانییە.

---

## لە ئەرشیفی سینەم خان جەلادەت بەدرخان

**ژمارە (٢)**



الاتحاد الوطني الكردستاني

المكتب السياسي

آل بدرخان المحترمين ..

جلال طالباني

امين العام الاتحاد الوطني الكردستاني

١٩٩٢/٦/٣م

## ئازاد عەبدولواحید (سەرنووسەری گۆڤاری ڕامان):

# ئێمە بووینە قوربانیی میسالیاتی ناو کتێبان

**گۆڤاری ڕامان ماوەی زیاتر لە ١٥ ساڵە بەشێوەیەکی بەردەوام و بێ پچڕان لەکات و ساتی خۆیدا دەردەچێ، سەرنووسەرو داینەمۆکەی "ئازاد عەبدولواحید"ـە، کە لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە خوێندنەوەو نووسین و ڕۆشنبیری کوردی بۆتە خەمێکی قووڵ و بارێکی قورس وەئەستۆیەوە. لە ناوەندی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی کەسێکی ئەکتیڤ و چالاکەو جێ پەنجەی وەکو نووسەرو ڕەخنەگرو ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ دیارو بەرچاوە.**

**لە بەدرخان بە پێویستمان زانی بیروبۆچوون و تێڕوانینی سەبارەت بە دنیای خوێندنەوەو نەمانی ئەو قودسییەتەو کاریگەر نەبوون و نەگۆڕانی خوێنەرو نووسەرانی کورد، هەروەها تێکەڵاوبوون بە سیاسەت و خزانی ئەم توێژە بەلای کورسی و حزب و ... لە چەند لایەن و بوارێکی دیکەش ئەم گفتوگۆو دیدارەی لەگەڵدا سازبکەین.**

**سازدانی: ئاوڕەحمان مەعروف**

*** ئەی بێجگە لە هەولێر سەرچاوەی پەیدا کردن و کڕینی کتێب بۆ ئێوە کوێی دیکە بوو؟**

- ئەوکاتانەی ئێمە دەستمان دایە خوێندنەوەی کتێب، کتێب زۆر هەرزان بوو، بەڵام پارە کەم بوو، بەو پارە کەمەی خۆمان کتێبمان دەکڕی، بەڵام کڕینی کتێبێکمان پێ باشتر بوو لە کڕینی چاکەت و پانتۆڵێک، یان قەمسەڵە و کراس و پێڵاوێکی جوان، کاتێک کتێبمان دەکڕی، هەموومان لە یەک جۆرە کتێبمان نەدەکڕی، بگرە هەریەکەمان کۆمەڵە کتێبێکمان دەکڕی و پاشان لەناو خۆماندا ئاڵوگۆڕمان پێ دەکردن، بۆ نموونە لەبیرمە کتێبێکی گەورە و گرنگی وەک (الوجود و العدم)ی سارترم لە بەغدا بە (٩٠٠) فلس کڕی، کتێب لە (٥٠) فلسەوە هەبوو تا هەرە گرانەکانیان نە دەگەیشتە دینارێک و نەختێ سەرتر، ئەو کاتەی ئێمە دەستمان دابووە خوێندنەوە، خەڵکی خوێندنەوەی بە ڕاکردن بەدوای کڵاوی بابردوو دەزانی. کە دەستمان دایە نووسینیش، پاداشتی نووسینەکانمان کە ناو بەناو بڵاو دەبوونەوە، لەگەڵ ئەوەی پارەیەکی کەم بوو، بەڵام کە وەرم دەگرت، ئەویشم بۆ کتێب کڕین تەرخان دەکرد. بۆ هەواڵ پرسی و زانینی دەرچوونی کتێبی چاکیش کە سەردانی بەغدامان دەکرد، لە ڕێی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە دەمانزانی، یان دەچووینە چاپخانەی ئەلرەشید کە بە گازینۆ (پەرلەمان) ناسراوەو لە شەقامی ڕەشیدە بە تەنیشت (شارع المتنبی)یەوەیە، کە شوێنی گردبوونەوەی نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسانی کورد و عەرەب و باقی نەتەوەکانی دیکە بوو، لەوێندەر ئەو برادەرانەمان کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردیی بەغدادا کاریان دەکرد، هەندێکیان خوێندەواری باش بوون، پێیان دەگوتین چ کتێبێکی باش دەرچووە، ئێمەش دەچووینە کتێبخانەکانی (ساحە التحریر)ی لای (نفق)، یان لە (سوق السرای) و شەقامی (المتنبی) بەدوایاندا دەگەڕاین و دەمانکڕین، لە سەرەتاوە تا پێش ڕاپەڕینیش کە دەچووینە بەغدا بۆ کتێب کڕین، جگە لەوەی هەموومان لە یەک جۆرە کتێبمان نەدەکڕی، بۆ ئەوەی پارەکەمان بەشی کڕینی زۆربەی کتێبە باشەکان بکات، هەر ئەوکاتانەش، واتە لە هەشتایەکاندا لەگەڵ برادەران (بەختیار عەلی) و (مەریوان قانیع) و (هۆشەنگ وەزیری) و کەسانی دیکە، لە ڕێگەی مەغریبی و توونسی و جەزائیرییەکانەوە کە لەگەڵ (مەریوان و هۆشەنگ) لە بەغدا قوتابی بوون، سەرچاوەی زۆر چاک و نوێمان بەدەست دەخست کە ئەوان لە وڵاتی خۆیان لەگەڵ خۆیان دەیانهێنان و لە عیراق بە دەست نەدەکەوتن، لەوێ ئەو سەرچاوانەمان فۆتۆکۆپی دەکرد و لە سلێمانی لەناو برادەرانماندا دەستاودەستمان پێ دەکردن. بەغداش وێستگەیەکی گرنگی دیکە و سەرچاوەیەکی دیکەی فراوانکردنی ئاسۆی بیر و ڕۆشنبیریی ئێمە بوو، چونکە لەو سەردانانەماندا بۆ شاری بەغدا کە بەدوای سەرچاوەی ڕۆشنبیریی نوێدا دەگەڕاین و پەیدامان دەکردن، دانیشتنەکانی شەوانی ئەبوو نواس-یش لەگەڵ برادەرە نووسەر و ڕۆشنبیرەکانی کوردی دانیشتووی ئەوێ، ئەوەش بۆ خۆی هاوکار و یاریدەدەرێکی دیکەی ئێمە بوو بۆ چاوکرانەوە و فێربوون، بێجگە لە بینینی شانۆگەری چاک و بینینی پیشانگای شێوەکاری هونەرمەندە گەورەکانی عیراق و هەندێ جار هونەرمەندە کوردەکانیش.

*** لەو کاتانەدا کە هاتوچۆی بەغداتان کردووە و کتێبتان کڕیوە، هیچ یادگاری و شتێک هەیە کە لە بیرتان مابێ باسی لێوە بکەن؟**

- لەوکاتانەدا ئێمە لە هەرەتی لاوێتیدا بووین و زۆر بە پەرۆش و کەفوکوڵەوە دەستمان دابوویە خوێندنەوە و نووسین و تەنانەت هەموو شتێکمان لەپێناوی ئەو مەبەست و ئامانجەدا لەبیر کردبوو، هەموو جارێک کە دەچوومە بەغدا، کاتێک لە هەولێر بووم و هێشتا خێزانم پێکەوە نەنابوو، بەدەیان و دەیان جار ئەو سەفەرەم دەکرد و دەهاتمەوە، گرفتم ئەوە بوو دایکم کە جانتایەکەی دەکردمەوە بە تەنیا کتێبی دەدی و هەرچی پێم بوو لە عەلاگە و جانتا هەموویان دەگەڕا هەر کتێبی دەدی، دایکم دەیگووت کوڕم خۆ کوفر نابێ جارێک لەوسەری کە دێیەوە لە دیلتاوەی، مەبەستی لە (خالص) بوو، عەلاگەیەک، سەبەتەیەک خورما، یان پرتەقاڵ لەگەڵ خۆت بێنییەوە. ئەو هەمیشە پێی دەگوتم ئەو هەموو کتێبەت لۆ چییە؟ بەس نییە، جێت نەهێشت لەماڵەکە پڕ لە کتێبی نەکەی؟ ئەگەر هۆیەکی سەرەکی بەجێ هێشتنی شاری هەولێر بەهۆی باروودۆخی سیاسی ئەوکاتەوە (فیراری) و (تخلف)ی عەسکەرییەوە بێ کە ئەویش هەقایەتی خۆی هەیە، هۆیەکی دیکەی بۆڵەبۆڵی دایکم بوو سەبارەت بەزۆریی کتێبەکانم و کڕینی بەردەوامی کتێب، من زۆر هەوڵم دەدا دڵنەوایی بکەم تا وازم لێ بهێنی، بەڵام بێ سوود بوو.

*** یەکەم کتێبی تۆ کڕیبێتت کام کتێبە بوو؟**

- کتێبی قصر الشوک-ی نەجیب مەحفووز بوو.

*** سەفەر کردن و چوونتان بۆ بەغدا بە مەبەستی کتێب کڕین زۆر تەکلیفی نەدەکرد لەسەرتان و پارەی زۆری تێنەدەچوو؟**

- زۆربەی هەرە زۆری جارەکان ئێواران بە پاصی (عەنچە) دەچووینە بەغدایێ کە نەفەری بە نیو دینار بوو، شەو تێر بەناو کتێبخانەکاندا دەگەڕاین و دواتر دەچووینە ئەبوونواس، تا درەنگانێکی شەو خۆمان لەگەڵ برادەران دەخافڵاند، پاشان دەچووینە گەراجی (نهضة) و دەهاتینەوە هەولێر. چەند جارێک بۆ ئەوەی لە ئوتێل دانەبەزین دەچووین لەسەر چەو و لم کە بۆ دروست کردنی بینایەکان ڕۆکرابوون، سەرخەوێکمان دەشکاند و ئینجا دەچووینە گەراج، لەناو سەیارەش تا دەهاتینەوە دەخەوتین، بەیانیان دەگەیشتینەوە هەولێر.

*** لەوکاتەدا چ ئاگات لە کتێب دزینی نووسەرەکان هەیە؟**

- بەڵێ زۆر برادەری وا هەبوون بۆیان باس دەکردین، بە چ شێوەیەک کتێب دەدزن، ئەوان ئەم کارەی خۆیان بەجۆرێک پاڵەوانێتی دەزانی، بۆیان دەگێڕاینەوە چۆن لە کتێبخانەکانی بەغدا کتێبیان دزیوە و بەهرەیان تێدا نواندووە، هەندێ بە داهێنان و هونەرێکی زۆرەوە ئەو کارەیان دەکرد، بە تایبەتی ئەوانەی قوتابی بوون لە بەغدا و لە بەشی ئەکادیمیا و پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ئەوێ دەیانخوێند، دواتر ئەو کتێبانەیان بە پارەیەکی هەرزانتر لەنرخی خۆی دەفرۆشتەوە، ئەوە ڕێ کەوتووە زۆر لە نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندەکانی دنیاش شتی وایان کردبێ، تەنانەت (هیتلەر)یش لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (تێکۆشانم- کفاحی)دا دەیگێڕێتەوە کە چۆن حەزی چووەتە خوێندنەوەی کتێبێک و پارەی نەبووە بیکڕێ و پاشان دزیویەتی. من نەک هەر بەلای بیری کتێب دزیندا نەچووم، بگرە کە بۆشیان دەگێڕامەوە موچڕک بە لەشمدا دەهات، ئێمە کەسانێکی زۆر شەرمن بووین، وا پەروەردە کرابووین، بە منداڵی و هەرزەکاری کەسێک لە دەرگای ماڵەکەشی دابایەن، دەشڵەژاین و لە تەریقیا سوور دەبووینەوە، تا دوو وشەیان لێ وەردەگرتین و وەڵاممان دەدانەوە، نەماندەزانی چۆن عەرز قوتی نەداوین و ئاسمان هەڵی نەکێشاوین.

*** بێجگە لەو کەشوهەوایەی کە لە ماڵەوە لەبار نەبووە بۆ خوێندنەوە، ڕێگرییەکانی دیکەی خوێندنەوە چی بوون؟**



ئازاد عەبدولواحید

- هەموو کۆمەڵی کوردەواری ئەوسا، هەموو خەڵکی گەڕەک و دەرودراوسێ و خزمانمان کە دەهاتنە ماڵمان و چاویان بەو هەموو کتێبانە دەکەوت واقیان وڕ دەما، چونکە ئەوساکە خەڵکی ئێمە تەنیا کتێبی خوێندنی قوتابخانەیان دیتبوو، هەر ئەمەیان بەلاوە شتێکی ئاسایی بوو، بینینی کتێبی دەرەوەی بەرنامەی خوێندن تەنیا ئەو کتێبانە بوون کە بۆ ڕاپۆرتی ساڵانەی قوتابیان بوو، ئەمەش کاتێک بوو کە داوایان لێدەکرا، دەنا بەو قەبارە و گەورەییە و لە ماڵێکی کوردەواری زۆر دەگمەن و بە قەزاو قەدەر کتێب بەو قەبارەیە دەبینرا، بۆیە بەلایانەوە شتێکی سەیر و سەمەرە بوو، ئەمڕۆکە ئەگەر گۆڕانێک بەسەر ئەو حاڵەتەدا هاتبێ، تەنیا ئەوەیە ئەمڕۆکە کتێب و کتێبخانە بە ماڵان ئاشنایە، بەڵام زیاتر بۆ ڕازاندنەوەی ماڵەکانە و وەک دیکۆر و ئیکسسوار بەکاری دەهێنن، نەک بۆ خوێندنەوە.

*** لەو سەردەمانەی ئێوە ڕووتان کردبووە خوێندنەوە چ دیاردەیەک هەبوو لەناوتان بە نیگەتیف تەماشا کرابێ؟**

- نازانم بەگشتی چۆن بووە، بەڵام من هەمیشە حەزم نەکردووە خۆم وا نیشان بدەم کە خەریکی خۆ ڕۆشنبیرکردن و کتێبم، یان ئەمەم بۆ خۆدەرخستن و ڕواڵەت وەرنەگرتووە، بۆیە هەبوون کتێبیان لە بن هەنگڵی خۆیان دەنا و بۆ خۆنواندن و بۆ ئەوەی



لە ڕاستەوە: د. کەمال سەعدی، ئازاد عەبدولواحیدو ئەنوەر مەسیفی

پێیان بوترێ "خوێندەوار" و هیچی تر ئەمەیان دەکرد، ئەگینا زۆربەی ئەوانە ئەو کتێبانەیان نەدەخوێندەوە، من لە ژیانی ڕۆشنبیریی خۆم و لە ئەزموون و تەمەنی خۆمدا حەزم بە ڕواڵەتبازی و خۆ دەرخستن و خۆ تێ هەڵقورتان و خۆ ڕەپێش کردن و سنگ دەرپەڕاندن نەکردووە، من ویستوومە ئەو تەنیاییەی کە لە سەرەتاوە هەستم پێکردووە، بە خوێندنەوە بیرەوێنمەوە، واتە خوێندنەوەکەم بۆ خودی خۆم بووە.

*** هیچ ڕێکەوتووە لە دەرەوەی ماڵ لەسەر کتێب خوێندنەوە تووشی هەڵوێستێکی ناجۆر بوویت و ناڕەحەت کرابیت؟**

- بەڵێ. زۆرجار تووشی ئەوە بووم، لە بیرمە لەگەڵ د. کەمال سەعدی کە ئێستا ڕاگری کۆلێژی پەروەردەیە لە ساڵی ١٩٧٦ پێکەوە لە ئەمینداریەتی گشتی شارەوانی و گەشتوگوزار دامەزراین، من ئەو ڕۆژە لە پاش تەواوکردنی ئیشەکانم، کە ئەوەش زۆرتر، دوای کاتژمێر (١)ەوە دەبوو، ئەوکاتە دەوامی دائیرە کاتژمێر دوو تەواو دەبوو، کتێبێکم بە دەستەوە گرتبوو دەمخوێندەوە، کە کتێبەکەی (مەم و زین)ی خانی مام هەژار بوو، کۆتاییەکانی دەوامی ڕەسمی بوو، کاتێکم زانی ئەمینداری گشتی (سیروان جاف) لێمان بە ژوورکەوت، پێی وتم ئەوە چی دەخوێنیتەوە، وتم کتێبێکی ئەدەبی. وتی نازانی خوێندنەوەی کتێب قەدەغەیە؟ وتم نەمزانیوە کتێب خوێندنەوە قەدەغە بێ. پاشان خوێندنەوەکەی من لەسەر حیسابی دواخستن و ڕاگرتنی ئیش نییە، چونکە هیچ ئیشێ نەماوە بیکەم، لە جیاتی ئەوەی کاتەکەم بە قسەی بێ سوود بەسەر ببەم، کتێب دەخوێنمەوە. وتی: بزانە چەند زمانی درێژە. ڕووی کردە سکرتێرەکەی (جەبار کەریم صادق کوڕی) و ئەمری کرد سزایەکم بۆ دەربکەن، ئەوەبوو سزای (الفات نظر)م وەرگرت کە ئێستاش لەناو دۆسیەکەمدا ماوە کە تێیدا هاتووە: (بما أنك تطالع أثناء الدوام الرسمي، تقرر توجيه عقوبة الفات نظر اليكم، وإن تكرر ذلك في المستقبل تتعرض لأشد العقوبات)، کە من زۆر شانازی بەو سزادانە دەکەم کە لەسەر خوێندنەوەی کتێب ئاراستەم کرا، پاش چەند ساڵێک کاک مەحموود زامدار لە بۆنەیەکدا (سیروان جاف)ی بینیبوو و پێی وتبوو تۆ کارێکی وات کردووە، ئێوە کە خزمی نزیکی ئەحمەد موختار جاف-ن، نەدەبوو بەهۆی خوێندنەوەوە سزای کەسانی نووسەر بدەن، کەچی ئەو کارەکەی خۆی هەر لەبیر نەمابوو، بایی ئەوەندەشیان تێدا نەبوو لە کارەکانیان پەشیمان ببنەوە.

*** ئەو گەمارۆدانەی پرۆسەی خوێندنەوە و خوێنەران بۆچی دەگەڕایەوە؟**

- هۆیەکەی ئەوەیە کۆمەڵی دواکەوتوو سڵ لە "خوێندەوار" و "خوێندەواری" دەکاتەوە، تا ساڵانێکی دوور و درێژ بە "توخمی شەیتان"یان دەزانین، زووتریش بە (فەرمەسۆن) و (فاسق) ناویان بردوون، بەڵام سەردەمی بەعس نەیکردبێ، هەموو شتێک قەدەغە بوو، پێیان بکرایە (ئۆکسجین) و (هەناسەدان) و (بیرکردنەوە) و (ڕوانین) و (بیستن)یشیان قەدەغە دەکرد، بۆیە ئێمەومانان کە دەمانخوێندەوە هەمیشە گومانیان لێ دەکردین و تەنگیان پێ هەڵدەچنین، چونکە لە خوێندنەوە و نووسین و بیرکردنەوە دەترسان. پاش ساڵانێک کە چوومە سلێمانی لە (هەیئەی کشتوکاڵی لقی سلێمانی) فەرمانبەر بووم لە بەشی (وردبینی-تدقیق) کارم دەکرد، کە ئەوکاتە برایان (عەلی بەگی جاف) کە ئێستا لە هەولێرە، لەگەڵ (غەفوور میرزا کەریم)ی برای جەلال میرزا کەریمی شاعیر و هونەرمەند تەها بابان لەو دائیرەیە بووین، ئێمە کە شوێنی کارەکەمان هۆڵێک بوو نزیکەی (١١ تا ١٢) کەسی تێدا بوو، کاتی بێ ئیشی و تەواوبوونی کارەکانم، دیسان وەک پیشەی خۆم کتێبێکم دەهێنایە دەرەوە و دەمخوێندەوە، ئەوساش کەسانێکیان ڕاسپاردبوو چاودێریم بکەن تا بزانن چی دەخوێنمەوە و کێ دێتە لام و لەگەڵ کێ دەدوێم و چی دەڵێم؟ چەند جارێکیش بە ئاگاداریی ئەو برادەرانەی لەگەڵم بوون، بۆ ئەو مەبەستەو بۆ لێپێچینەوە بانگ کراوم کە بۆچی دەخوێنمەوە و خەڵک دێنە لام؟

*** لە تەمەنی خوێندنەوەی خۆتدا چیت پێ ناخۆش بووە؟ یان لەو بارەیەوە چ یادگارییەکتان لەلا ماوە؟**

- یەکێک لەو شتانەی لە ژیانی نووسین و خوێندنەوەی مندا ناخۆش بووە بردنی کتێب و نەگەڕانەوەی بووە، بۆیە زۆر کتێبی بەنرخم براوە و بۆم نەگەڕاوەتەوە، بەمەش ژمارەیەکی زۆر کتێبی گرنگ و بەنرخم فەوتاون و پاشان زۆرم هەوڵ داوە بە هەر نرخێک بێ ئەو کتێبانە بکڕمەوە، بەڵام بێ سوود بووە، لە سلێمانی کە زۆر نەبوو ژنم هێنابوو، دوای ئەوەی کتێبخانەکەم بردبووەوە سلێمانی، لەبەر ئەوەی کرێچی بووین و لە گەڕەکێک بۆ گەڕەکێکی دی دەمانگوێزایەوە، یەکێک لەو جارانە کە ئەوکاتە گرانی بوو، شەڕی عیراق-ئێران بوو، ئازووقە و خواردەمەنی کەم بوو، ماڵەکەی منیش سێ بەشی هەر فەردە و کارتۆنە کتێب بوو، ئەو کتێبخانەیەم بوو کە وەختی خۆی لە هەولێرەوە بردبوومە سلێمانی، حەماڵەکە کە ماڵەکەی بۆ بار دەکردم، هەر هات و فەردە کتێب و کارتۆنە کتێبی برد، پێی وتم: ئەرێ مامۆستا لەجیاتی ئەم هەموو فەردە کتێبە، ئەمانە زەخیرە بوونایە چاکتر نەبوو؟

*** چیرۆکی ئەو کتێبخانەیەت کە لە هەولێرەوە بردتەوە بۆ سلێمانی چییە؟**

- دوای ئەوەی ساڵی ١٩٧٦ بە (٣٤) دینار دامەزرام، پاش چەند مانگێک مووچە وەرگرتن، مانگانە (١٥) دیناریان لێ دەبڕیم لە بڕی چاپ کردنی کتێبی (ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری)، کە لە چاپخانەی شارەوانی هەولێر چاپم کردبوو، ئەو (١٣٠) دینار قەرزەی لەسەرم مابوو مانگانە لە مووچەکەمیان دەبڕی، دواتر بە قیستی مانگانە کتێبخانەیەکم بەکرد دا، کە (٨٥) دیناری ئەوسای تێچوو، عەیبی ئەو کتێبخانەیە ئەوەبوو یەک پارچە و زۆر قورس بوو، هەر جارەی ماڵەکەمان بگوێزایەتەوە، لە ترسی ئەوەی نەشکێ، دەبوایە من لەگەڵ کەسەکانی دی سەروکاری هەڵگرتن و خستنە نێو سەیارەی بکەم، بۆیە دووجار لە هەڵگرتن و بەرزکردنەوەی ئەو کتێبخانەیەمدا دەستم وەرگەڕاوە و درزی بردووە.

*** چەند جار کتێبخانەکەت بۆ سلێمانی بردووە و هێناوەتەوە بۆ شاری هەولێر؟**

- جاری یەکەم چەند هەزار دانە کتێبێکم لە هەولێرەوە بە ئۆتومبێلی ئامادەیی کشتوکاڵی دوجەیل-ی لای هەڵەبجەی شەهید کە بەدەست (شێخ کەریم شێخ حەسەن چەخماخساز)ەوە بوو بردە سلێمانی، ئەوکاتە خۆی بەڕێوەبەری ئامادەییەکە بوو، هونەرمەند حەسەن گەرمیانی هاوڕێشمان هەر لەوێ لەگەڵی بوو، لە ساڵی ١٩٨٣ بەو ئۆتومبێلە کتێبەکانم بردەوە سلێمانی، ئەگەر ئەو سەیارەیە نەبوایە کە ژمارەی شینی حکومەتی بەستبوو، هەرگیز نەمدەتوانی ئەو کتێبانەم ببەمەوە سلێمانی، چونکە چەندان کتێبی قاچاغی تێدا بوو، لە کتێبی مارکس و ئەنگلز و لینین و ترۆتسکی بگرە تا هەر سێ کتێبەکەی (محمد باقر الصدر) (فلسفتنا، إقتصادنا، سياستنا) و زۆر چاپکراوی قاچاغی دیکەی تێدا بوو. جارێکی دیکە کتێبخانەو بەشێک لە ئەرشیڤەکەم ساڵی ٢٠٠٣ لە سلێمانییەوە هێنایەوە بۆ هەولێر، جێگەی داخە ئەم جارەیان بەشێکی زۆر لە ئەرشیڤ و کتێبەکانم لە بەین چووبوون.

*** ئەی لەو ساڵانەی لە سلێمانی بوویت، بەهۆی کتێبخانەکەتەوە هیچ کۆسپ و تەگەرەیەکت پێشهاتووە؟**

- لە سلێمانی-یش هێنان و بردنی کتێبەکانم لە گەڕەکێک بۆ گەڕەکێک بۆ من ئەرک و ماندووبوونێکی سەخت و دژوار بوو، بەڵام لەناو گەرمەی شەڕی عیراق و ئێران، ساڵی ١٩٨٨ بەیانییەک لە سلێمانی کە ماڵمان لە هەوارە بەرزە بوو، لە خانووەکەی هونەرمەند شەماڵ سائیب کرێچی بووین، لە خەو هەستابووین خۆمان ئامادە دەکرد بچینە دەوامی دائیرە، ئەوەندەمان بەخۆمان زانی هەلیکۆپتەرێک بە ئاسمانی سلێمانی دەسووڕایەوە و بە بڵندگۆیەکەوە بە زمانی کوردی و عەرەبی داوای لە دانیشتوانی شارەکە دەکرد کە نەچنە دەرەوە و هاتوچۆ قەدەغەیە، واتە (منع التجوال) ڕاگەیەنرا، من لە دوو سەرەوە تاوانبار بووم، لەلایەک فیرار بووم و لەلایەکی دیکە دەفتەر خدمەکەم تەزویر بوو، لەلایەکیش کتێبخانەکەم لێم ببووە گرفت و نەمدەتوانی دەستبەرداری ببم، ئیدی بەناچاری لە ماڵەوە ماینەوە، تومەز ڕۆژی پێشتر خەڵکی شارەکانی دیکەی عیراقیان هێنابوو، ئەو بەیانییە ماڵ بەماڵ دەگەڕان و دەستیان بە پشکنین کردبوو، من تا هاتنی ئەوان کتێبە قەدەغەکانم بە نایلۆن پێچاو لەژێر زەوی حەوشە گڵینەکەی ماڵەوەماندا شاردمنەوە، کاتێ سێ کەس هاتنە ناو حەوشەی ماڵی ئێمەوە، ماڵەکە دوو ژوور بوو، یەکێکیان یەکسەر هاتە ژووری کتێبخانەکەم و وەک هەنگی لە داری کلۆر دۆزیبێتەوە تووشی شۆک بوو، وای دەزانی حەشارگەی چەک و تەقەمەنی دۆزیوەتەوە، دوو هاوڕێیەکەی بەجێ هێشت و چووە لای گەورەکەیان و گوێم لێ بوو پێی گوت (سیدی هذوله عندهم هوایه کتب)، واتە گەورەم ئەوانە کتێبی زۆریان هەیە، ئیدی بەرپرسەکە خۆی هاتە ژوورەوە، دیاربوو وەک دواتر زانیم مامۆستای دواناوەندی بوو و لە کەربەلاوە هێنابوویان، لەبەر چاوی برادەرەکانی پرسیاری لێکردم کە ئەم هەموو کتێبە چییە؟ منیش پێم وت ئارەزووی خوێندنەوەم هەیە و ئەو کتێبانەش هەموویان چاپکراوی وەزارەتی ڕۆشنبیری و دارالمأمون-ی عیراقن، چونکە کۆمەڵە کتێبێکی ئەدەبی و ڕۆمانم لە دیوی پێشەوەی کتێبخانەکەم دانابوو. پێی وتم: تۆ چ کارەی؟ هەویەکەتم بدەرێ. وتم: فەرمانبەرم، سەیرێکی ناسنامەکەی کردم و لوتفێکی گەورەی نواند داوای دەفتەر خدمەی لێ نەکردم و ڕۆیشتن. ئەو سەردەمە خراپترین سەردەم بوو بۆ کتێب، تەنانەت دەتوانم بڵێم کتێب ببووە بەڵای سەر و زۆر کێشەی بۆ خاوەنەکەی دەنایەوە، لەو سەردەمەدا زۆرجار خەڵکی کتێبەکانی خۆی دەبەخشی، یان هەرزان فرۆشی دەکردن، یان هەر نا فڕێی دەدان، چەند جارێک کتێبم لە کەلاوەکان دۆزیوەتەوە، هەر لەو کاتانەدا بوو، دائیرەی خانەنشینی سلێمانی کتێبێکیان لەگەڵ مووچەی مانگانە بەناوی (الأنهيار) سەبارەت بە مێژووی حزبی شیوعی دابووە خانەنشینەکانی سلێمانی، خەڵکی وابووە لەسەر ئەو کتێبە لەماڵەکەیدا، کە حکومەت خۆی بەسەر خانەنشیناندا دابەشی کردبوو، گیراوە و عەزیەت دراوە.

*** لەناو خزمەکانی ئێوەدا شتی وا ڕووی داوە، کەسێک لەسەر کتێب تووشی دەردەسەری بووبێ؟**

- بەڵێ. من بەبیری منداڵی و مێرمنداڵی و هەرزەکاری خۆمدا، لەناو خزمەکانی خۆماندا لە کۆیە دەمبیست ڕۆستەم حەوێزی شاعیر کە ئەوسا لەگەڵ حزبی شیوعیدا کاری کردووە، هەموو جارێک کە هاتوونەتە سەری لەگەڵ خۆی شیعر و نووسین و کتێبەکانیان بردووە، ئەویش لەپاش چەند جار دووبارەبوونەوەی ئەو حاڵەتە، لەم دواییانەدا بەسەر فێڵیان کەوتبوو، بەوەی ئەو هەموو شیعرەکانی خۆی ئەزبەر کردبوو بۆ ئەوەی چیتر نەفەوتێن و هیچ بەڵگە و کەرەستەیەکیشیان بەردەست نەکەوێ، بیکەنە بیانوو بۆ ئەشکەنجە و ئازاردانی. خزمێکی دیکەمان (٦) مانگ لەسەر کتێبی کوردی لە بەندیخانە توند کراوە، چونکە یەکێک لەو کتێبانە لە بارەی (کوردستان و ئازربایجان)ی کەریم زەند بووە کە لەکاتی پشکنینی ماڵەکەیان لە سەردەمی مەلیک و لە مەنعی تەجەوول دۆزراوەتەوە و لە زەمانی (بەهجەت عەتیە)ی بەڕێوەبەری ئەمنی عامەی ئەوساکەی عیراق، (٦) مانگ گیراوە، زۆر ڕووداوی دیکەش لەناو خانەوادە و خێزانەکەی ئێمەدا هەیە، هەر ئەمەش وای لە خێزانەکەی ئێمە کردبوو کە لە پێوەندیم بە کتێبەوە بترسن و ڕێگەم لێ بگرن و بۆژۆم بکەن، تا ئەو ڕۆژەی بە تەواوی لێیان یاخی بووم و لە ساڵی ١٩٧٧ چوومە شاری سلێمانی کە ئەو کاتەش تەمەنم ١٩ ساڵ بوو.

*** بۆ خوێندنەوەی کتێبەکانی دواترتان، ئەزموونی خوێندنەوە چی فێرکردن؟**

- وەک پێشتر وتم ئێمە نەوەیەکی بێ ڕابەر و بێ مامۆستا بووین، مەحموود زامدار ئەگەرچی لێمانەوە دوور بوو، بەڵام کە دەمانبینی هانی دەداین، ئەو چەند هانی دەداین، ئەوەندەش لە باڵی دەداین و تێکی دەشکاندین، ئێمەش نەوەیەک بووین زۆر ڕێزی نەوەی پێش خۆمان دەگرت، کەسێک نەبوو بە تەواوی دەستمان بگرێ و ڕێنموونیمان بکات و ڕێگەی دوور و درێژمان بۆ کورت بکاتەوە، ئەگەر هاندانێک هەبووبێ، ئەوە زیاتر ئافەرین و تەحاو پەحا و هاش و هووش بووە، نەک هاوکاری کردنی فیعلی کە لە بواری خوێندنەوە و نووسین ڕێگەمان پیشان درابێ، بۆ نموونە من ئەگەر بۆ وەرگرتنی زانیاریی سەبارەت بە حاسەی شەشەم- پاراسایکۆلۆژیا (٦) کتێبم خوێندبێتەوە، دواجار هەستم کردووە دوان لەو کتێبانە هەموو زانیارییەکانی تێدا بووە، ئەوانی دیکە زانیاری ڕووکەش و دووبارەبووەوەیە، بۆیە هەستم کردووە (٤) کتێبم بە زیادە خوێندووەتەوە، ئەمەش کاتێکی زۆری لێ کوشتووین و عەزیەتی چاویشی داوین، ئەگەر کەسێکی خاوەن ئەزموون هەبوایە وەک مامۆستایەک دەیتوانی ئەو ڕێگا درێژانەمان بۆ کورت بکاتەوە و ئێمەش دەمانتوانی سوود لە ئەزموونی ئەو کەسە وەربگرین و ئەو ڕێگە درێژە نەگرینە بەر و گێرە نەکەینەوە.

*** لە شوێنێک وتووتانە خوێندنەوە و نووسین بەشێک لە خۆشییەکانی ژیانتانی بردووە، دەکرێ بزانین چۆن؟**

- ئێمە تا گەنج بووین کە زۆر لە ئەمڕۆ زیاترمان دەخوێندەوە، من هیتەرێکم هەبوو شەوان قاوەم

←

# عوسمان سەرسۆر لەبیرەوەری هاوڕێکانیدا (١٩٣٩/١١/٣ — ٢٠٠٠/٧/١٧)

## رەئوف کامەلا عەوێنەیی

**عوسمان ئاغای عەوێنە"عوسمان سەرسۆر"و کاروانی سەختی ژیان**

لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٣٩ کەدەکاتەمانگی رەمەزانی هەمان ساڵ مامۆستا عوسمان لەدایکبوو، کە دەکاتە سەرەتای دەست پێ کردنی جەنگی دووەمی جیهانی، عوسمان کوڕی حەسەن ئاغا عەوێنەیە، کە لە بنەماڵەی شێخ وەسمانی دزەیین، دایکی ئامۆزای باوکی بوو، ئەستیلە عەزیز مەحمود شێخ وەسمانی دزەیی. عوسمان سێیەم کوڕی باوکی بوو، ئەوان هەشت برا بوون، برا گەورەی فاریق دایکی ناوی ئایشە خان بوو، خوشکی مەردان ئاغای هەولێرەو عەزیز ئاغا برای گەورەی خۆی بوو لە دایکییەوە روشدی- ئەرشەد- رەمزی- سەردار- سالار- دایکیان ناوی حەیات خان بوو، کچی حاجی خورشید بەگی قەلاسنج لە بنەماڵەی میرانی قادر بەگ. لە ساڵی ١٩٤٦ دەستەی یەکەم بوو لە قوتابخانەی عەوێنەی سەرەتایی، ئەو کاتە خوالێخۆشبوو عەبدولکەریم رەئوف



عوسمان سەرسۆر بەجلی سەربازییەوە - ١٩٦٢

مامۆستای قوتابخانەکە بوو ئەو دەستەی یەکەمی قوتابخانەکەی عەوێنە ئەمانە بوون. عەزیز حەسەن ئاغا- عوسمان حەسەن ئاغا- عومەر مەجید حاجی برایم- عوسمان عەزیز عەلی- محەمەد سمایل حەمە- عەبدولخالق مەلا مەعروف-عومەر کوێخا رەحیم- عەبدولعەزیز حەمەد عەلی کامەلا- نەجمەددین مەلا رەزا- عەبدولمەجید قادر کامەلا. عوسمان بەکر ئەحمەد نوقە- تەلعەت عوسمان مام شوان. لە پاش دوو ساڵ م.عەبدولکەریم رەئوف گوێزرایەوە، مامۆستا عەبدولقادر بەکر شوێنی گرتەوە، مامۆستا سەر بە رێکخستنەکانی شیوعی بوو، زۆر مکوڕ بوو، دامەزراندنی حزبی شیوعی لە عەوێنەش بۆ مامۆستا عەبدولقادر دەگەڕێتەوە....

پاش تەواوکردنی پۆلی شەشەم لە عەوێنە ئیدی بۆ دەوام لە ناوەندی روو دەکاتە شاری هەولێر، هەر لەسەرەتای دەوامکردنی لە هەولێر هەستی کوردایەتی لە دەروونی چەکەرە دەکات،لەساڵی ١٩٥٧ دەچێتەریزەکانی رێکخستنی قوتابیان و دەست دەکات بەجموجۆڵی حزبایەتی و دابەشکردنی نەشرەلەکوچەو کۆڵانەکان،دواتر لەساڵی ١٩٥٩-١٩٦٠ خوێندنی ئامادەیی لەهەولێر تەواو دەکات، لە عەوێنەش یەکەم بەردی بناغەی رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمانە بوون: محەمەد سمایل حەمە. خوالێخۆشبوو تا کۆچی دوای کادر پێشمەرگە بوو. عوسمان عەزیز عەلی ئێستا ئەندامی مەڵبەندی "ی، ن، ک"ە، زیاتر لە پەنجا ساڵە پێشمەرگە و کادر بووە..

عومەر مەجید حاجی برایم تا ئێستاش هەر لە رێکخستنەکانی پ، د، ک. کار دەکات. عوسمان ئاغا لە کاتی قوتابی بوو لە هەولێر لە هەموو جموجۆڵی قوتابیان بەشدار بوو، هەر لە گێڕانی ئاهەنگی نەورۆز بە نهێنی لە کاتی حکومەتی پاشایەتی لە عێراق و دوای شۆڕش ١٤ تەمووز...

لەساڵی خوێندنی ١٩٦٠-١٩٦١ دەست دەکات بەخوێندن لەپەیمانگای باڵای زمان لەبەغدا لەبەشی زمانی کوردی.

لە ساڵی ١٩٦٢ چوومە بەغدا بۆ بەدواداچوونی "تحقیق هویە" بەغدام نەدیتبوو ئەو کاتە خۆشەویستترین برادەرم رەمزی بوو لەگەڵ سەردار عەبدولحەمید میران..

لێیان پرسیم چەندت پارە پێیە؟ گوتم ٣ دینار، سەردار گوتی ئۆی زۆرە، بەشی مانگێکت دەکا، رەمزی گوتی کاکم عوسمان لەبەغدایە لە "عەمارە خزل گعیمە" لە کۆلێژی زمان لە بەشی کوردی دەوام دەکات، چوومە وێستگەی شەمەندەفەری هەولێر لە جێگای بەندیخانەی ئێستا، کە بە "بەندیخانەی مەحەتە" بەناوبانگە، سەعات پێنجی عەسر سواری شەمەندەفەر بووم، بەیانی زوو گەیشتمە بەغدا، خزمێکی مامۆستا بوترس ئیسحاق لە عەنکاوە لە ناو شەمەندەفەر بوو لەگەڵ ئەو چوومە بەغدا، هەندێ جێگای نیشان دام پاشان چووینە مەیدان ئەو کاتە ساحە مەیدان لە بەغدا زۆر بە ناوبانگ بوو....

چوومە باڵەخانەی"خزعل گعیمە"، لە دەرگا چاوم بە کاک حەوێز قادر ئاغا کەوت، لای سەیر بوو گوتی رەئوف بۆچی هاتی، بۆم گێڕاوە مەسەلەی تەعین و تەحقیق هەویە لە وەزارەتی مەعاریف، گوتم هاتیمە کاک عوسمان ببینم و بزانم ئیشەکەم چی لێ دێت. کاک حەوێز بە شێواوی گوتی عوسمان لێرە نییە، زەحمەتە بیبینی باوەڕکە دەتگوت ئاوی ساردیان پێداکردم منی نەشارەزا، گوتی پێت دەڵێم عوسمان لەکێیە، بەڵام بەمەرجێ



عوسمان سەرسۆر لەتەمەنی ٧ ساڵیدا

لە هەولێر نەگێرییەوە گوتم باشە. گوتی: عوسمان لە گۆڕەپانی کۆلێژ وتاری یەکێتی قوتابیانی کوردستانی خوێندۆتەوە سەریشی سۆرە هەموو ئەمن و مخابەرات ناسیویانە، خۆی شاردۆتەوە بزانین تا چارەیەکی بۆ دەبینینەوە، منیش گوتم: باشە کەس نەبوو تەنیا ئەو، گوتی: عوسمان چۆن نایناسی، کاک عوسمان خۆی لە شوقەی ماڵان شاردبۆوە تا ئیشەکەیان بۆ چاک کرد، ئیتر چاوەڕێی عەزیز ئاغام کرد هاتەوە، لەگەڵ "ئیسماعیل کوێخا عەدۆ بندیان"، ئیسماعیل لە بەغدا لە دواناوەندی دەیخوێند. عەزیز ئاغا چاوی پێم کەوت شاگەشکە بوو، گوتی چۆن گەیشتیە ئێرە، گوتم واهاتم مەسەلەی هاتنەکەم بۆ گێڕایەوە. گوتی ئەوە ئاسانە، عەسر بوو چووینە ماڵی مامۆستا خوالێ خۆشبوو "محەمەد روشدی"، ماڵی لە بەرامبەر وەزارەتی ناوخۆ بوو زگورتی بوو، چاوی پێم کەوت گوتی: رەئوف چۆن هاتی؟ دەستم ماچ کردو عەزیز ئاغا رۆیی، مامۆستا محەمەد پێی گوت برۆ تۆ دەوامت هەیە. ئیشەکە ئاسانە، مامۆستا محەمەد روشدی "کوری مستەی زایەری" بوو، بەناوبانگترین سوارچاک بووە لە دەشتی هەولێر. بەیانی ئیشەکەی بۆ جێبەجێ کردم و گەڕامەوە هەولێر، ساڵ سوڕاوە کودەتای شوبات بوو ١٩٦٣، بەعس هاتە سەر حوکم، هەموو عێراقیان سوتاند و کوشت، عوسمان ئاغا پۆلی چوارەمی کۆلێژ بوو،لەنامەیەکدا بۆ برا گەورەکەی (کاک فاریق) بڕیاریدا کەئەم ساڵەی خوێندن بەجێ بهێڵێت،بەگوێرەی گێڕانەوەی کاک سەرتیپ کوڕەگەورەی کاک فاریق دەڵێت لەناوەڕۆکی نامەکەیدا باس لەبڕیاری پەیوەندیکردن بەریزەکانی پێشمەرگەی بۆ کاکی دەکات.ئنجا بوو بەپێشمەرگە، وابزانم کاکە مەم بۆتانی لەگەڵدا بوو بنکەیان لە حاجی قەڵای بوو لە دەشتی کۆیە. عوسمانی پێشمەرگەو کادر بووە حاکم لە دەشتی کۆیە، کە چووم بۆ گۆمەشین لەم ناوە بە "حاکم عوسمان" بەناوبانگ بوو خەڵکی ئەو دەڤەرە هەر لە مەدحی ئەو دابوون.

ساڵی ١٩٦٤ دانووستاندن دەستی پێ کردو گەڕاوە بەغدا، بەڵام نەیتوانی دەوری یەکەم تاقیکرنەوەکان بدات لەبەر ئەوەهەموو تاقیکردنەوەکانی دا لەدەوری دووەم ئنجا لە پۆلی چوارەم دەرچوو. بەڵام تەعین نەکرا، یەکەم دەستەی بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا بوو. ئەو کاتە دەرچووی کۆلێژ دەبوونە "ئەفسەر"لەبەر ئەوە کاک عوسمان توانی لەکۆلێژی ئیحتیات(کلیە الاحتیاگ) لەرۆژی ١٩٦٥/٢/٩ تاوەکو ١٩٦٥/٧/١ دەوام بکات و بووە "ملازم "لەقوتابی یەزیرەکەکان بوو لەم کۆلێژەبۆیەبوو بەئامر ئینزیباتی نەجەف، لە ئینزیباتی نەجەف زۆر پەیوەندی پەیدا کردبوو لەگەڵ خەڵکی نەجەف، ئێستاش ئەو هاتووچووە هەرماوە. لە ساڵانی هەشتاکان کوڕێکی گەنجی خەڵکی نەجەف هات بۆ لای قوتاری کرد بۆ دەرەوەی عێراق...لەرۆژی ١٩٦٦/٧/٢٠ لە عەسکەری تەسریح بوو..دوواتر لە١٩٦٧/٢/١٨ تەعین بوو، بە مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەی سۆران دامەزرا، کە دەچێ دەست بەکار بێ مامۆستا کەمال شاکر بەرێوەبەر بوو کە لە ئیدارە دادەنیشێ کاغەزێکی باوکی بە بیردێتەوە کە مامۆستا ئیسحاق و بوترس لە ئیدارە دەبن، دەڵێ مامۆستا کەمال هەتا ماڵێ دەچمەوە کاغەزێکی باوکم دێنم، ئیشائەڵڵا ماوە هەتا نەیهێنم پێت ناڵێم، دەچێتە ماڵەوە کاغەزەکە دەهێنێ بۆ مامۆستا کەمال شاکر، ناوەرۆکی کاغەزەکە ئەمەیە چەند جار خوێندومەتەوە:

**عەزیزم عوسمان**

چاوت ماچ دەکەم چاوی عەزیز ماچ دەکەم زۆرم پێ ناخۆش بوو لە کولیەی شورتە وەرنەگیرای،چوویە کولیەی زمان. کە تەخەروج دەکەی تەعینت ناکەن ئیلا بە "مامۆستا" نەبی، لۆ من دەبیە مامۆستا لەگەڵ بوترس و ئیسحاق دەرس دەڵێیەوە.

**حەسەن شێتە دزەیی**

**تێبینی :**

بۆ زیاتر دەوڵەمەند کردنی ئەم بابەتەگرنگە،وەک لەناونیشانەکەیدا دیارەدەکرێ هەر هاورێ و خۆشەویستەکی شەهید عوسمان سەرسۆر خزمەت بەرۆحی ئەو بکات و زانیاری ووردتر دەربارەی ژیانی تایبەتی و خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی بۆمان رەوانەبکات بۆ ئەم ئیمێلانە:

**بەشی یەکەم**
bedrxan@yahoo.com
dizayee_٨@yahoo.com
یان پەیوەندی بکات بەم ژمارەتەلەفۆنانی خوارەوە:
د.کاروان دزەیی : ٠٧٥٠ ٤٤٩ ٥٣١٥



نووسەر لەگەڵ عوسمان سەرسۆر

---

لەسەر لێدەنا، قاوەش خەو دەرەوێنێتەوە، دەبوو شەوانی زستانان تا بەرەبەیانان بخوێنینەوە، بەتایبەتیش ئەوکاتەی کەوتبوومە خوێندنەوەی رۆمانە گرنگەکانی دنیا، چونکە دەبوو رۆژی دواتر قسە لەبارەیانەوە بکەین، ئەوسای گەنجایەتی و ساڵانی دواتریش ئێمە بووینە قوربانیی میسالیاتی ناو کتێبان، یەکێک لە قوربانی دانەکانی ئێمە ئەوە بوو لەبەر کتێب خوێندنەوە نەمتوانی قۆناغی زانکۆ ببڕم. لە سەرەتاوە کە زۆرمان دەخوێندنەوە و دەهاتینە دەرێ زۆر بەخۆمانەوە دەنازین، وامان دەزانی کە هەموو دنیا هی ئێمەیە و زۆر دەزانین، کە دەکەوتینە خوێندنەوەی کتێبێکی نوێ فش دەبووینەوە. داخەکەم لەناو دەوروبەرەکەماندا هەستمان دەکرد ئێمە شتێکمان دەزانی کە جێگەی بایەخی ئەوان نەبوو، خوا خوامان بوو کەسانێک بدۆزینەوە لەگەڵیان بکەوینە موناقەشەوە، زۆرجار دەگەڕاینەوە لای نەوەی پێش خۆمان، دەمانویست شتێک لەوان فێربین، بەداخەوە ئەوان ئیستیجابەیان لەگەڵ ئێمەدا کەمتر بوو، لە هەولێر کەسانی وەک: (عەلائەددین سەجادی) و (زێوەر خەتاب) و (جەودەت ئەحمەد ناجی) و (خەیرولڵلا محەمەد)ی هونەرمەند هەبوون زۆر باخەبەر و خوێندەوار بوون، دەچوومە لایان و لەگەڵ ئێمە لە کەسانی دیکە باشتر بوون. بۆ تەرکیز کردن و خوێندنەوە تۆ زۆر جار دەبێ دەستنیشانی جۆری خواردنەکانیشت بکەیت، بۆیە دەبێ خۆت لە خواردنی توندوتیژ و ترش و چەور بە دوور بگریت. لەبیرمە جارێکیان لە بەغدا چوومە خزمەتی مامۆستا مەسعوود محەمەد، ئەگەرچی مانگی رەمەزان نەبوو، کەچی سەرنجمدا مامۆستا بە رۆژوو بوو، کە لێم پرسی مامۆستا چۆنە وا بەرۆژوویت؟ لە وەڵامدا پێی وتم کە بەشێکی زۆری رۆژەکانی ساڵ ئەو بە رۆژوو دەبێ، چونکە کە نانت خوارد لەشولارت خاو دەبێتەوە و دوای نان خواردنەکە پێویستت بە راکشان و حەسانەوە دەبێ، منیش ئیشم زۆرە و دەبێ کار بکەم و بنووسم و وەڵامی نامەیەکی زۆر بدەمەوە کە پرسیاریان لێ کردووم، بۆیە باشترین شت بۆ من بە رۆژوو بوونەکەیە کە دەتوانم بەم کارەم لەسەر نووسین و وەڵامی نامەی خەڵکی و خوێندنەوە بەردەوام بم.

هەندێ جار بۆ کڕینی کتێبێک ماوەی مانگێک ئابڵووقەم لەسەر خۆم داناوە، جار بووە لەبەر کڕینی کتێب بە ساڵ جلوبەرگم نەکڕیوە، چونکە کتێبم بە پێویستتر زانیوە، بیرمە ساڵی ١٩٧٩ کە لە سلێمانی بووم و هێشتا سەڵت بووم، فوئاد عەبدولڕەحمان لە سلێمانی کە بە (مراسلة) لە بەیرووت دەیخوێند و بۆ تاقیکردنەوەکان دەچووە ئەوێ، جارێکیان داوام لێکرد سێ بەرگەکەی کتێبی (الثابت و المتحول- بحث في الأبداع و الأتباع عند العرب)ی ئەدۆنیس، کە پارەکەی بۆ ئەو ساڵە زۆر زۆر بوو، ئەمە وای لێکردم ماوەی مانگێک من نان و چاو هێلکە و رۆنم لەلای (مام برایم)ی تەنیشت سینەمای رەشید خوارد.

*** ئەی هیچ رێکەوتووە کتێب بەخێر بۆتان گەڕابێ؟**

- بەڵێ. من لە ساڵی ١٩٨٦ەوە وەک وتم ماڵم لە هەوارە بەرزە بوو، لە خانووەکەی هونەرمەند شەماڵ سائیب کرێچی بووم، تا شەماڵ سائیب مابوو، من مانگانە کرێیەکەم ڕووبەڕووی کاک نووری گوشادی ئامۆزای دەکردەوە کە لە پەروەردەی سلێمانی فەرمانبەر بوو، دوای کۆچی دوایی هونەرمەند شەماڵ سائیب خانووەکە بۆ وەرەسەکەی مایەوە، ئەوە بوو ئەوان هەر جارەی بە بیانووییەک لە رێگەی دادگاوە بە جۆرێک تەنگیان پێ هەڵدەچنیم تا خانووەکە چۆڵ بکەم، لە دادگای سلێمانی حاکم (عەزیز عەبدوڵڵا) هەبوو خۆی وەک سەرۆکی لیژنە لەگەڵ ئەندامەکانی لیژنەکە هاتن بۆ ماڵەکە تا بە چاوی خۆیان ئەو خانووە ببینن کە منی تێدا بووم، کاتێ هاتن ئێوارەیەکی هاوین بوو، کە لەگەڵ لیژنەکە ژوورەکانی بەسەر کردەوە هەر کتێب و کارتۆنە کتێبی بینی، پرسیاری لێکردم کە من دیارە نووسەرم و کتێب دەخوێنمەوە پێم وت بەڵێ، یەکسەر بڕیاری دا لە بەرژەوەندیی من کۆتایی بە دەعوایەکە بێنێ و لە تەمیز کردنەوەکەشی هەر پشتی منی گرت و هەقی دایەوە بە من، لێرەدا هەستم کرد کتێب خێری بۆ من دایەوە و وەک فریادڕەس بەفریام کەوت، ئیتر تا راپەڕین لەو خانووەدا ماینەوە تا ئەوە بوو ئۆتومبێلێکی مینڕێژکراو کە لەودیوەوە رەوانە کرابوو و ئەو بۆشاییە ئەمنییەی بەهەل و دەرفەت زانیبوو لە کۆڵانەکەمان تەقییەوە، ئەوە بوو بە موعجیزە لەو رووداوە دەرچووین، ئەگەرچی برینداریش بووین، بەڵام خانووەکە ئاداری بەسەر پادارەوە نەما.

*** چیرۆکی کتێبەکەی (دۆن کیشۆت) چییە کە لەلات بووە و باس دەکرێ؟**

- چاپە تەواوەکەی (دۆن کیشۆت)ی سرڤانتس دەمێک بوو بەدوایدا عەودال بووم، من چاپە بازرگانییەکەم خوێندبووەوە کە زۆر بچووک و کورت کرابووەوە، دواجار بە ئەمانەت لە هەولێر لەکاک تاریق جامبازم وەرگرت بۆ خوێندنەوە کە نزیکەی (١٧٠٠) لاپەڕە دەبوو، ماوەیەک بوو خوێندبوومەوە و لە دائیرەکەم لە سلێمانی (مۆزەخانەی ئیتنۆگرافی- فۆلکلۆری) لەچاوی مێزەکەم دامنابوو، بەڵکو یەکێکم بۆ هەڵکەوێ بیباتەوە بۆ هەولێر و بیداتەوە بە خاوەنەکەی، یان لە رێگەی د. مارف خەزنەدار-ەوە پێی بگاتەوە، ئەوەبوو راپەڕینی بەسەرداهات و ئەوکەسە هەر پەیدا نەبوو ئەو ئەمانەتەم بە دڵنیایی بۆ بگەیەنێتەوە. رۆژی یەکەمی راپەڕین هاتن خەبەریان دامێ کە خەریکن مۆزەخانە تاڵان دەکەن، بە هەڵەداوان و هەر بەپێ لە هەوارە بەرزەوە خۆم گەیاندە مۆزەخانە کە لەلای فولکەی نالی بوو لە ئەسحابە سپی، کاتێ گەیشتم خەریک بوون مێزەکەی منیان دەهێنایە دەرێ، پێم گوتن برادەرینە کتێبێکم لەناو چاوی ئەو مێزەیە و ئەمانەتە، دەزانم ئێوە سوودی لێ وەرناگرن، ئەو کتێبەم بدەنەوە و مێزەکە بۆ خۆتان، ئیدی باش بوو لە دوا ساتەکانی فەوتانی ئەو کتێبە فریای کەوتم و ئەمانەتەکەم بۆ خاوەنەکەی گێڕایەوە بۆ هەولێر.

**بەشی سێیەم و کۆتایی**

روونکردنەوە:

لە ژمارەی رابردوو، مانشێتی دیداری مامۆستا (ئازاد عەبدولواحید) بەهۆی هەڵەیەکەی هونەرییەوە مانای تەواوی نەدەبەخشی، راستییەکەی بەمشێوەیەی لای خوارەوەیە: (بەهۆی خوێندنەوەوە دەمویست غەم و تەنیایی خۆم لەناو کتێبەکاندا بنێژم)

---



ز بـر

تامان شاکر

## مەلاو کلتوور

هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان ئەمساڵ لە کوردستان زۆر هێمنتر بوو لە ساڵانی پێشوو، لە هەموو کەناڵەکانی راگەیاندنی بیستراو و بینراو و لە رۆژنامەکان بە شێوەیەکی بەرچاو باس لەم دیاردەیە کرا، زۆر کەس سیستەمی باوکسالاری و کەسانی تر کلتووری کۆمەڵگاو هەندێکی تر ئایینیان بە هۆکارێک دادەنا بۆ بوونی ئەو هەموو توندوتیژییەی کە تاکی کورد لە نێو ماڵ و لە کۆمەڵگادا پەیڕەوی دەکات. هەموو لایەکیش هیوایەکی زۆریان بە مامۆستایانی ئایینییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، لەبەر ئەوەی خەڵکی ئێمە زۆرینەیان موسوڵمانن و گوێ لە مامۆستایانی ئایینی دەگرن، بەم شێوازە بێت هزر و ئاوەز و رۆشنبیری و فەلسەفە لە کۆمەڵگایەک کە باس لە مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت دەکات هیچ رۆڵێکی نامێنێت. ئەم بیرکردنەوە وامان لێدەکات، لەهەموو کارو کێشەکانی رۆژانەدا بگەڕێینەوە بۆ لای مامۆستایانی ئایینی و ئەوان بکەین بە مەرجع و تاکە سەرچاوەی ژیان، بە پێی بۆچوونی ئەم کەسانە، ئەو کلتوورەی ئەمڕۆ لە کوردستان باوەو رەگی داکوتاوە هەندێک لە مەلایانی کورد دایانهێناوە، ئەو زەمانە تاکە سەرچاوەی خوێندن قورئان بووە، مەلاکانی کوردستانیش بە گوێرەی تێگەیشتن و زیرەکی خۆیان خویندنەوەیان بۆ کردووە، ئەوەی لێی تێگەیشتوون ئەوەشیان داوەتەوە بەر خەڵک، هەندێک لە مامۆستایانی ئایینی دەڵێن ئیسلام ئایینی ئاشتییە، بەڵام مامۆستایانی ئایینی کوردستان نەیانتوانیوە بە باشی لێکدانەوەی بۆ بکەن، ئەمەش کۆمەڵێک بیروڕای جیاوازی سەبارەت بە ئایینی ئیسلام هێناوەتە ئاراوە، بە تایبەتی ئەو لێکدانەوانەی دەربارەی ژن کراوە، ئایا ئایینی ئیسلام ژن دۆستە یان بەڕاستی ژنی وەک نۆکەری پیاو و لاواز دەستنیشانکردووە، بۆیە دەبێ ژنان گوێڕایەڵی پیاوان بن و لە فەرمانەکانیان دەرنەچن، چونکە ئیسلام رێی بە پیاو داوە چوار ژن بهێنێ، لە ژنەکەی بدات و کەی پیاوەکە ویستی دەتوانێ بەبێ ئاگاداری ژنەکەش تەڵاقی بدات، ژنیش بە کێڵگەی پیاوان دادەنێت، لە سیمینارێکدا مامۆستایەکی ئایینی منەتی ئەوەی بەسەر ژناندا دەکرد، کە خودا سورەتێکی بە ناوی ژنان ناردووە و هیچی بەناوی پیاوان نەناردووە، جەنابی مامۆستا لە بیری چوبوو ئەو سورەتەی کە بە ناوی ژنیشەوە هاتووە باس لە پاداشتی خودا دەکات بۆ پیاوان لە بەهەشتدا، لەم هەل و مەرجەی ئەمڕۆی کوردستان و لە ناو ئەم هەموو کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە هەمانە ئەرکی مامۆستایانی ئایینی گرانتر کردووە، ئێمە پێویستمان بە ریفۆرم هەیە، پێویستمان بە چەند مامۆستایەکی بە جورئەت هەیە کە بتوانن خویندنەوەیەکی نوێ بۆ ئایینی ئیسلام بکەن، کە لەگەڵ دنیای سەردەم و کێشەکانی ئەمڕۆماندا بگونجێ هەروەک لە ئایینەکانی تردا کراوە، ئەمڕۆ مرۆڤی کورد پێویستی بەپەیوەندییەکی رۆحی هەیە لەگەڵ خودا، پێویستی بەوە هەیە ئایین لە چوارچێوەی حیزب بهێنێتە دەرەوەو لە سیاسەت رزگاری بکات و ئایین پێویستی بە وەزیرو بەڕێوەبەری گشتی و بودجەی مانگانە و کەناڵی ئاسمانی و بارەگای حزبی نییە، ئایین قوڵبوونەوەیە، تێڕامانە لەو دنیا جوانەی پەروەردگار دروستی کردووە، تاکە چارەسەر جیانەکردنەوەی دینە لە دەوڵەت، بەڵام ئەمە کارێکی ئاسان نییە و لە وڵاتێکدا سیاسەتمەدارەکانی وەک مامۆستایانی ئایینی بیردەکەنەوە، دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتەی ئێمە حەز بە دەوڵەتی رێکخراوەیی ناکەن، چونکە لە دەوڵەتی رێکخراوەییدا تاکەکان ئازاد دەبن و سیستەمی سواڵکردن لەلایەن ئەو بەرپرس و مەسئول نامێنێ، ئەمەش لە بەرژەوەندی حزب و دەسەڵاتدا نییە. کاتێکیش باس لە مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت دەکەن، تەنها بۆ رازی کردنی دنیای دەرەوەیە، کە دەڵێن ئێمە بڕوامان بە بنەماکانی مافی مرۆڤ هەیە و دەبێت دەستووری کوردستان لەگەڵ ئەو بنەمایانە یەکبگرێتەوە و لە لایەکی ترەوە دەڵێن ئێمە هیچ شتێک ناکەین دژی شەریعەتی ئیسلام بێت، جا ئەو دوو ڕووییەی دەسەڵاتی کوردی کێشەکەی ئاڵۆزتر کردووە،چونکە ناتوانێ دەستبەرداری هیچ کام لەو لایەنانە بێت، بڕواشی بەوە نییە کە دین و دەوڵەت لێک جیابکاتەوەو سیستەمێکی دیموکراسی لە وڵاتدا پیادە بکات، چونکە دەزانێ نەخودی دەسەڵات، نە خەڵکی کوردستان بەرگەی سیستەمی تازە ناگرن، بەرگەی ئەوە ناگرن هەموو یەکسان بن بەرامبەر بە یاسا و هەموو هاووڵاتی پلەیەک بن و دادپەروەری لەم وڵاتە پیادەبکرێت، کەواتە دەبێ چاوەڕوانی مامۆستایەکی ئایینی هاوشێوەی مەلای گەورە بین، بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کوردی لەم گێژاوە رزگار بکات و سیستەمی یەکسانی بەرقەرار بکات وئایینیش بکاتە عیبادەت نەک عادەت.

# Celal Talebanî: Braderên Goranê nehişt em YNK-ê biguhorin



SILÊMANÎ- Sekreterê giştî yê Yekîtiya Niştimanî ya Kurdistanê Celal Talebanî di civîneka digel kesên ku ji tevgera Goranê ya Noşîrwan Mistefayî paşve li YNK-ê vegeriyane de got wî berî du salan dixwest YNK-ê reforme bike lê belê hevalên Goranê nehişt.

Li gor nûçeyeka Pukmediayê 1 000 kadir û alîgirên tevgera Goranê yên li devera Behdînan vegeriyan nav rêzên YNK-ê. Celal Talebanî di civîneka digel wan de got:"Bihêzkirina YNK-ê bihêzkirina hewla guhortinê ye li Kurdistanê û lawazkirina wê jî lawazkirina demokrasiyê ye. Di bingeh de siyaseta reform û guhortinê ya YNK-ê bû û min berî du salan ev proje pêşkeşî polîtbîroyê kir û hate qebûl kirin lê wan biraderên ku di nav me de bûn [yanî Noşîrwan Mistefa û hevalên wî] nehişt ku ev proje bi ser keve. Piştî cudabûna wan biradaran niha ber çavên me diyar e û rêzên YNK-ê yek rêz in û YNK di nav YNK-ê de bihêz e. Piştî sazkirina plenûmê jî çareseriya ji bo wan pirsên ku hene hate dîtin."

Celal Talebanî behsa deverên minaqeşebar yên Kurdistanê ku li derveyî îdareya herêma Kurdistanê ne kir û got:"Heta niha me hin ji armancên girîng ên xwe bi dest nexistine û hêj navçeyên nakukbar ku navçeyên kurdistanî ne û nehatine ser herêma Kurdistanê wek Mexmûr û Şengalê. Wek hon jî dizanin Şengal ji bo kurdan navçeyeke pîroz e û xelkê Kurdistanê dest jê bernade. Divêt em ji bo vegerandina van navçeyên kurdistanî hewl bidin û madeya 140-ê ya destûrê bêt bi cih anîn." Celal Talebanî di derheqê Kerkûkê de jî got Kerkûk navçeyeke kurdistanî ye û divêt ev mesele li gor madeya 140-ê bê çareser kirin.

## Bemzuwane Însklopîdîyay Hewlêr le 10 bergda bixwênewe




Paş mandûbûn û şewnxûni (5) pênc sal karkirdin sebaret be nûsînî Însklopîdîyay Hewlêr, be serperştî lîjneîekî pispor tiwanira ew şakare kurdîye bête berhem, Însklopîdîyay Hewlêr le bilawkirawekanî dezgaî çap û bilawkirdineweî Bedirxane.

Latînî

# DTP: Îmraliyê dikin maşika gefan

## ENQERE (DÎHA) Hevserokên DTP'ê Ahmet Turk û Emîne Ayna, têkildarî rewşa Rêberê PKK'ê Abdullah Ocalan, li ber avahiya DTP'ê ya Navenda Giştî daxuyanî dan çapemeniyê.

Hevserokên DTP'ê Ahmet Turk û Emîne Ayna, têkildarî rewşa Rêberê PKK'ê Abdullah Ocalan, li ber avahiya DTP'ê ya Navenda Giştî daxuyanî dan çapemeniyê. Di daxuyaniyê de Endamên Meclisa Partiyê û hevserokên DTP'ê amade bûn. Turk diyar kir ku hewldanên demokratîk hêvî bi gel re çêkiribûn, lê piştî girankirina mercên Rêberê PKK'ê Abdullah Ocalan şik û guman zêde kirin. Turk, ji hikûmetê xwest bi wêrekî tevbigere û hemû pirsgirêkan bi awayekî berfireh nîqaş bikin. Turk, xwest bêyî xapandinê û bi awayî durist pirsgirêk bê çareserkirin.

**'Mijara Ocalan stratejîk e'**

Turk, diyar kir ku şertên Ocalan di bin navê "başbûnê de hej xirabtir kirine" û şertên li Îmraliyê hêj girtantir kirine û gotinên Ocalan ên "Wekî ez avêtime çala mirinê da. Wekî kesekî nexweş yê girêdayî cihaza bêhndayînê" bi bîr xist. Turk, anî ziman ku ev rewş aştiya civakê tehdît dike û wiha got: "Ocalan girtiyek an jî hukumxarekî ji rêzê nîn e. Şertên Ocalan ên jiyan û tenduristiyê ji bo ewlehiya Tirkiyeyê û pêşveçûnên din di asteke gelek giran de ye. Divê ev yek bê dîtin û li gorî vê yekê tevbigerin. Em pêvajoyeke gelek hesas re derbas dibin û di xaleke stratejîk de ne. Turk, tespîtên CPT'ê yên di raporên wan de yên "Ocalan di bin îşkenceyê de ye" bi bîr xist û wiha domand: "Divê CPT bi awayekî lezgînî li Îmraliyê lêkolîn û ziyaretê bike. Ev yek şert e. Dîsa heyetek ji rêxistinên civakî yên sivîl û siyasetmedaran pêk tê divê biçin Îmraliyê şertên Ocalan di cih de bibînin û kontrol bikin. Ev yek zarûrî ye."

**'Çavên kurdan li Îmraliyê ne'**

Turk, axaftina xwe wiha domand: "Îmralî, neynika hikûmetê ya pêvajoya gavên çareseriyê ye. Şertên gavên demokratîk ên çareseriya pirsgirêka kurd yên herî girîng û yekemîn nêzîkahiya Îmraliyê ye. Lewma çav û guhên kurdan li Îmraliyê ne. Gelê kurd tiştê baş û xirab ên li Îmraliyê tên bikaranîn ji bo xwe dihesibînin. Ji ber vê yekê, Îmralî ji bo kurdan aştiya civakê xaleke herî hesas e." Turk, destnîşan kir ku di bin hemû şertên ne baş de Ocalan ji bo aştiyê tekoşînê dide û ji bo vê yekê nexşerî amade kir û bêçalakitiya PKK'ê û hatina komên aştiyê jî mînakên herî berbiçav in. Turk, diyar kir ku li hemberî vana girankirina şertên Îmraliyê ne meşrû ye.

**'Ocalan mifteya astiyê ye'**

Turk hikûmet hişyar kir û wiha dirêjî da axaftina xwe: "Dema ku pêvajoyeke Ocalan neyê ber çavan, wî tune bikin, riyên diyalogê venekin ev yek jî bo çareseriya pirsgirêka kurd tu xizmetan nake. Her wekî din bêçareseriyê dê hin kûrtir bike." Turk, da zanîn ku divê hesasiyetên gelê kurd li ber çavan bên girtin û wiha berdewamî axaftina xwe kir: "Divê bi awayekî lezgînî dest ji pergala Îmraliyê bê




berdan. Divê pergala Îmraliyê wekî tehdîd û şantajê neyê bikaranîn. Ev yek dê welatê me bibe xaleke gelek talûke. Divê hajî vê talûkê hebin. Ocalan mifteya çareseriyê û aştiyê ya herî girîng e û divê wisa bê nirxandin. Divê ji bo birêz Ocalan şertên alîkariyê yên ji bo aştiyê û çareseriyê bên afirandin."

Turk, diyar kir ku heta li Tirkiyeyê pêşketinên demokratîkbûyînê yên berfirêh nebin hişmendiya heyî û rejîma niha nayê guhertin, ji ber vê yekê jî wekî DTP'ê pêvajoya demokratîkbûyînê dane destpêkirin û wiha got: "Ne israra CHP'ê û MHP'ê ya statukoparêzî û ne jî mantixê qedandinê yê AKP'ê nikare pirgirêkeke wekî ya kurd berfireh çareser bike.

**'Ocalan nirxê gelê kurd e'**

Turk, anî ziman ku lazim e hesasiyetên kurdan li ber çavan bên girtin û da zanîn ku hesasiyetên kurdan li ber çavan nayên girtin û wiha pê de çû: "Lazim e desthîlatdarî û muxalefet li hemberî nirxên kurdan uslubek hesas bi kar bînin. Nêzîkatiya di vê mijarê de ya bêhîstiyarî û tune hesibandin, alîkariyê dijberî çareseriyê dide neçareseriyê û rê li ber aloziyan vedike." Turk, destnîşan kir ku Ocalan nirxê gelê kurd ê sereke ye û da zanîn ku rewşa Ocalan kirine wekî îşkenceyê.

**Hikûmet di nav gefan de ye**

Turk, derbirî ku peymanên navneteweyî û maf û azadiya mirovan tune tê hesibandin û rewşa Ocalan tê girankirin û wiha got: "Di pêvajoya hikûmeta AKP'ê de polîtîkayên li Îmraliyê hatin pêkanîn, di gelê me de gumanên kirina alava şantaj û gefan çêkirine û guman zêdetir bûne. Di sala borî de tiştên hatin jiyîn û gel nerehet û êşandin ew pêkanînên nebaş hîn jî ji hişê me tevahan derneketiye. Pêkanînên bi zorê qusandina por, şîdeta fîzîkî hîn jî nehatin ronîkirin, berpirsiyar dernexistin pêşberî darazê.

**'Me hay ji konseptê heye'**

Turk, bal kişand ser êrîşên di pêvajoya dawî de li dijî kurdan û DTP'ê pêk tên jî û wiha dom kir: "Em dizanin ku bi awayekî demdirêj konseptek înkar, îmha û belavkirinê li ser me tê meşandin. Armanca vê konseptê neçareserkirina pirsgirêkê ye, her wiha tasfiyekirina hêz û rêxistina kurd e. Divê di demeke nêzîk de hikûmet dest ji van polîtîkayên şer û pevçûnê berde." Turk, bang li Serokwezîr Erdogan jî kir û xwest li şûna li derve li çareseriyê bigere bi dînamîkên hundir re li hev rûnê û li hundir pirsgirêkê çareser bike.

Turk, pirsên rojnamegeran jî bersivandin û anî ziman ku heta şert û mercên Îmralî çareser nebin dê bi awayekî xwezayî bertek û çalakiyên civakî bidomin.

www.arsivakurd.org

# BEDIRXAN

Hefitenameyekî Hunerîy
Rojnamewanîy Giştîy Azade.
Jimare (0)î le
22/10/2000 da Derçuwe

# MÎR KAMIRAN BEDIRXAN

Mîr Kamiran Bedirxan 21 Tebax(Ab) 1895 li Stenbolê ji dayik bû. Wekî her du birayên xwe yên mezin Sureyîa û Celadet ket li ser rê ya bapîrê xwe yê mezin Mîr Bedirxan ê Cizîra Botan. Ew navekî mezin û girîng bû, lê hilgirtina wî navî jî ewqas zehmet bû. Ji biçûkiya xwe de xewna wî yê ji hemûyan balkêştir ew bû ku li ser rêya bapîrê xwe yê hate nefîkirin bidomîne. Mîr Kamiran heya temenê wî 17 sal bû gelek bîr û baweriyên wî li ser îslamê bû. Ew gotibû (Baweriya min bi Islamê gelek hebû ji bo min parastina vê olê tiştekî gelek girîng bû.) Lê rojek (Arif Beg (Jonturk) ku naskiriyê bavê wî bû û li dema xwe de dadwerê mezinê Stenbolê bû, di axaftina xwe de diyar kir ko nêzîkbûna jenosayda Ermeniya û domkir û got dema em ji wan biqedin roja Kurda wê bê. Kamiran rabû û derket bêyî ku silava wî mêrikî bike û got (vê carê ez têgihiştim ku biratiya misilmana bi tenê peyîveke û êdî tu hêviya min ji Tirka nemaye û êdî divê destpêbikim dijî wan rawestim û şerê wan bikin) ji wê rojê û şûnda destpêkir têkoşîna xwe ya siyasî û çandî kir.
Piştî şikestina Ararat 1927 sê bira ji hevdû diqetin Sureyîa diçe Misrê û Celadet û Kamiran berê xwe didin Elmanya. Li wêrê Mîr Kamiran doktorayê xwe li Leipzig temam kir. Salên 30 ê li Beyrûtê nivîsîngehek parêzeriyê vedike û di heman demê de li gel birayê xwe Celadet li kovara Hawar û Ronahiyê de dinivîsand û bi vî awayî hêdî hêdî hate naskirin. Dema şerê cîhanê yê duyê Mîr Kamiran dest bi rojnameya xwe ya du zimaniya Fransî û Kurdî ya bi navê (Roja Nû) ya rojane dike. Li wê rojnameyê de dijayetiya xwe ya ji bo Nazismê diyar dike û her wiha bê westan û rawestanê dengê zilameke xemgîn ku dixwest ji cîhanê re kêşeya gelê xwe bide zanîn. Piştî şerê cîhanê yê duyê hizir kir ku çûna wî ya li Ewrûpa wê ji mayina wî ya li rojhilata navîn bi sûdmendtir bibe û hêdî hêdî berê xwe da Fransa û li sala 1947 li Parisê bi cîh dibe û li wir navenda xwendina Kurdî vedike û destpêdike karê nivîsandin û çapkirina belavokên di derbarê gelê Kurd û Kurdistanê. Di sala 1948 an diçe Wilayetên Yekgirtiyê Emerîka û memorandûmek li ser rewşa Kurda pêşkêşî sekreterê giştiyê Neteweyên Yekgirtî dike lê mixabin tu bersîv wernagire.
Di heman demî de xwendina zimanê Kurdî li zanîngeha zimanên Oryantalî ya Sorbonê vedike û dest bi dersên zimanê Kurdî dike. Ji salên 1961 ê pêve hemû kar û xebatên xwe li ser şoreşa Kurdî ya ku bi serokatiya Mela Mistefa berhev dike û bala dewletên mezin dikşîne li ser kuştin û şewitandina gundên Kurda û amadekariyê çûn û hatinên rojnamevanên biyanî yên li Kurdistanê dike. Dîsa vedigere Neteweyên Yekgirtî da ku careke din dengê xwe bide bihîstin. Sala 1970 an dixwaze ew bi xwe here Kurdistanê û têkilî Pêşmergeyan bibe û jiyana wan ji nêzîk ve bibîne. Her wiha berî ku koça dawî bike dixwaze careke din bi çavê xwe Kurdistanê bibîne. Nemir Mela Mistefa Barzanî bi awayeke germ pêşwaziya wî dike û rola wî gelekî bilind dinirxîne. Ji her çar perçeyên Kurdistanê Kurd têne seredana wî û silava wî dikin. Hingê Mîr Kamiran pêdihese ku xebata wî serkeftî bûye.
Li roja 04.12.1978 demjimêr 17:00 an de, Nivîskar, Helbestvan, Dîplomatkarê Kurd, Doktorê Hiqûq û Profesorê Zimanê Kurdî li Zanîngeha Oryantala Sorbonê, li Nexweşxaneya St. Paul li Parisê koça dawî kir.


Endezyarê Dîplomasiya Kurd: Mîr Kamiran Bedirxan

**Berhemên Wî:**
1- Elfaba Min, Çapxana Hawarê, Şam 1938, 32r
2- Langue Kurde, Paris 1953, 253r
3- La Question Kurde, Paris 1959
4- Le Kurde Saus Peine, Paris 1965, 172r
5- Der Adler von Kurdistan, Postdam 1937
6- Destpêka Xwendinê, Paris 1971, 165r
7- La Lyre Kurde, Le Calvaire du Kurdistan (Helbestên Fransizî)
8- Çarînên Xeyam
9- Dilê Kurên Min, Kitêbxaneya Hawarê
10-Elfabeya Kurdî Kitêbxaneya Hawarê
11- Xwendina Kurdî, Kitêbxana Hawarê Demascus 1938
12- Dersên Şerîetê, Kitêbxana Hawarê
13- Proverbes Kurdes (Metelokên Kurdî) Lucy Paule, Marguerite û Kamûran Alî Bedirxan, Paris 1937
14- Le roi du Kurdistan (Qralê Kurdistanê) Kamûran Alî Bedirxan û Adolphe de Falgerolle. Paris 1937
15- Der Adler von Kurdistan (Eyloyê Kurdistanê) Kamûran Alî Bedirxan û Herbert Ortel. Berlin 1937
16- Der Schnee Des Lichtes (Berfa Ronahiyê) Şihrên Kurdî Kamûran Alî Bedirxan û Dr Curt Wunderlich, Berlin 1937
17- Edirne Sukutunun iç yuzu Kamûran Alî Bedirxan Celadet Alî Bedirxan Çapxana Serbestî
18- Ji Tefsîra Quranê, Paris 1971
19- Le Dossier du Kurdistan du Sud(Dosya Kurdistana Başur) Paris 1965
20- Fêrbûna Xwendina Kurdî, 1968 Paris 61r
21- Turkçe izahli Kurtçe Gramer çapa 2 Ozgurluk Yolu Istanbul 1977, 60r
22- Zimanê Mader, la langue Maternelle, alphabet et lectures Kurdes Paris 1965
23- Zimanê Kurdî Gramera Kurdî, Tirkî Dr Kamûran Alî Bedirxan û S. Şivan Weşanên Kawa Istanbul 1976
24- Nivîsa min, Mon Livre Cours Pratique de la langue Kurde Paris 1965
25- Livres Scolaries Kurdes, Damas 1937
26- Le calvaire du Kurdistan (Helbestên Fransizî) Paris 26r
Berhemên Çap Nebuyî
1- Ferhenga Kurdî-Fransizî
2- Tefsîra Quranê (Bi tenê ji hinek sûreyan çap bûne)
3- Çar Încîl
Ferhenga Kurdî - Fransî ji bo çapkirinê min dabû Enstitûya Kurdiya Parisê lê mixabin eve 30 sale nehatiye çap kirin û ez niha hewl didim wan çap bikim.

# EVE 26 SALE DÊ FERHENGA KURDÎ ÇAP BIBE

S31 al Derbasbû lê hê jî ferheng ne li holê ye Sih û yek sal wekî îro 04.12.1978 Mîrê Kurd Kamiran Bedirxan xatira xwe ji hezkirên xwe xwest koça dawî kir.
Wekî ku tê zanîn, zimanzan û endezyarê diplomasiya Kurdistanê Mîr Kamiran Bedirxan li pişt xwe nêzîkî 30 berhemên giranbiha diyariya pertûkxaneya Kurdî kir. Yek ji wan berhemên giranbiha jî ferhenga Kurdî - Fransî ye ku bi mixabinî heta niha ew berhem nehatiye çapkirin.
Li vê derbarê de Sînemxan Celadet Bedirxan da zanîn ku ferheng li Enstituya Kurdî ya Parisê ye û li gor gotina wan divê ev ferheng li dawiya îsal bête çapkirin.
Sînemxan Bedirxan di pêwendiyeke telefonî da wiha got: Belê, ew Ferheng piştî ku Mîr Kamiran Bedirxan 04.12.1978 xatira xwe ji me xwest, gelek berhemên wî û li gel Ferhenga wî ya Kurdî - Fransî min li Parîsê hiştibû cem hevalan. Dema ku li sala 1983 an de Enstituya Kurdî ya Parîsê vebû, min wan berheman bir Enstituyê ku bête çapkirin. Lê mixabin heta niha ji wan berhemen tiştek nehatiye çapkirin.
Her wiha Bedirxan di derbarê çapkirina berheman de got:
Serokê Enstituyê gotibû ku dumahîka îsal dê amade bibe û em jî heta niha li benda çapkirina wê berhemê ne. Di vê navberê de bi çavdêriya Xanima Yekema Iraqê Hêro Îbrahîm Ehmed û Serok Komarê Iraqa Federal Celal Talebanî, me karî em pertûkên Alfabeya Min, Edirne Sukutunun Iç Yuzu û Destpêka Xwendinê li Stenbolê weşanxaneya Avesta çap bikin.



# د. کەمال مەزهەر: سازدانی کۆنفرانس سەبارەت بە پرسی کورد لەدەرەوە کارێکی ئیجابییە



**حەمید بەدرخان**

بەمەبەستی زیاتر تیشک خستنەسەر چالاکی و ئامادەگی لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکاندا بەدرخان لە نزیکەوە دکتۆر کەمال مەزهەری دواند و پرسیاری ئەوەیکرد ئاخۆ بەشداریتان لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی پاریس چۆن بوو، ئامانج لە سازدانی ئەو کۆنفرانسە چی بوو، لە وەڵامدا گوتی: کۆنفرانسێکی زۆر گەورەو رێکوپێک بوو، ناونرابوو بە "الحوار العربي- الكردي" و لە پەرلەمانی فەرەنسی سازکرا، گەلێک لە شارەزایان و مێژوونووسان بەشدارییان لەو کۆنفرانسە کرد، کە فەرەنسییەکان بیروبۆچوونی جیاوازیان هەبوو، لەوێ بەزمانەکانی عەرەبی و فەرەنسی و ئینگلیزی راستەوخۆ وەردەگێڕدران، ئەوەی مەبەستی بووایە دەیتوانی راستەوخۆ تێبگا،لەبەرئەوەکۆنفرانسێکی زۆر سەرکەوتوو بوو، ئێوە شتێکتان لە ژمارەی رابردووی بەدرخان بڵاو کردەوە، ئەوە دەنگێکی باشی داوەتەوە.

دەربارەی ئامانجی سازکردنی ئەو کۆنفرانسە د. کەمال مەزهەر گوتی: ئامانجی هەرە گەورەی ئەو کۆنفرانسە ئەوە بوو کە پرسی کورد بخرێتەڕوو و دادپەروەری ئەو پرسە بە جیهان بگەیەنرێ، کە لەوەشدا لوئەی جاف رۆڵێکی گەورەی بینی.

سەبارەت بە پرسی ئەمڕۆی کورد و گرنگی لای فەڕەنسییەکان کەمال مەزهەر گوتی: لەناو فەڕەنسییەکان کەسی ئەوتۆ هەن کەزۆر بەڕێک و پێکی و دڵسۆزی داکۆکی لە پرسی کورد دەکەن، لەوانە دکتۆرە جۆیس بلۆ، کە لەوێ بینیمان، ئەو ئافرەتە لە کورد بەپەرۆش ترە بۆ پرسی کورد، لە هەر شوێنێکیش توانیبێتی پرسی کوردی هێناوەتە پێشەوە و باسیکردووە.

لەو کۆنفرانسەدا ئەو کەسە ئەکادیمی و مێژوونووسانەی کورد بوون، چەندە ئامادەگیان هەبوو، کەمال مەزهەر لە وەڵامدا گوتی: وەک ئەکادیمی تەنها من بووم بەناوی ئەکادیمیای کوردستان ئامادەبووم و لێکۆڵینەوەکەم پێشکەش کرد.

لەبارەی کەم و کورتییەکانی کۆنفرانسەکەش گوتی: زۆر بەداخەوە ئەوە کەموکورتییەکان کە بەر لەهەموو



شتێک کەنداڵ نەزان و جۆیس بلو و دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا کە ئەوانە مرۆڤی زۆر زیرەکن ئامادە نەبوون، جارێ زۆربەی کوردەکان نەهاتبوون، وادیارە هەر پێیان نەگوتوون، هەتا ئەگەر دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا ئەگەر لە کوردستانیش بووبێ بۆ ئەو زۆر ئاسان بوو بگەڕێتەوە فەڕەنسا بۆ بەشداریکردن لەو کۆنفرانسە.

سەبارەت بە سازدانی کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان دەربارەی پرسی کورد و گرنگیان د. کەمال مەزهەر گوتی: سازدانی ئەو کۆنفرانسانە شتێکی زۆر زۆر باشە، پرسی کورد بەرای گشتی جیهانی دەگەیەنێ، بە تایبەتی لە وڵاتانی ئەورووپاو تارادەیەکی زۆریش لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوانە کاری زۆر زۆر پێویستن.

جێی ئاماژەیە لە ئایندەیەکی نزیک بەرگی دووەمی کتێبی کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا چاپ دەکرێ، کە بڕیاربوو لەلایەن ئەکادیمیای کوردستان چاپ بکرێ، بەڵام نووسەر بە هاوکاری عەبدوڵڵا زەنگەنە چاپی دەکا، بەرگی دووەمی کتێبەکە پێشکەشی هاوسەری خۆی شەهلا حەیدەری کردووە، بیرەوەرییەکانیشی لە دوا قۆناغی نووسینەوەیەتی و بەنیازە ئەمیش لە دەرفەتێکدا چاپ بکرێ.


ریکلام

# مژدە..مژدە

چاپی دووەمی کتێبی "کورد وکوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا" لە نووسینی دکتۆر کەمال مەزهەر و هەروەها چاپی یەکەمی "بستێکی خاکی کوردستان بە هەموو دنیا ناگۆڕمەوە" کەوتە کتێبخانەکانی کوردستان.



ئەوەی شایەنی باسە ئەم کتێبە، کە لەسەر ئەرکی "فاتیمە ساڵح"ی دایکی ئامادەکار "عەبدوڵڵا زەنگەنە" چاپکراوە، قازانج و بەشێک لە مایەکەشی پێشکەش بە کەسوکاری شەهیدانی رۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٨ی شاری "کەرکووک" و ٢٠٠٩/٢/٥ی چێشتخانەی "ئەبو دلشاد"ی شاری "خانەقین" دەکرێت.

شوێنی فرۆشتن:

سلێمانی: کتێبخانەکانی سلێمانی — ٠٧٧٠١٥٢٤٥٤٨، ئەندێشە، ٠٧٧٠١٩٢٤٢١٩، رۆژی نوێ، شێخ رەزای تاڵەبانی،

هەولێر: کتێبخانەکانی تەفسیر، ئەندێشە، سۆران، یەکێتی نووسەران، چاپ کوردستان.

دهۆک: کتێبخانەکانی جزیری، ئەحمەد زەرۆ.

کۆیە: کتێبخانەکانی پاشا، دیاری.

رانیە: کتێبخانەکانی مەحوی، پەروەردە.

هەروەها لە کەرکووکیش لە لقی کەرکووکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هەیە.

## چاپی دووەمی ئەم کتێبە لەدەست خۆت مەدە، لەبەرگێکی قەشەنگ لە لوبنان چاپکراوە



بەدرخان
Bedrxan
www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com

- سەرپەرشتیاری سایت: فەرهاد باپیر - ئەڵمانیا

- خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)
- بەڕێوەبەری نووسین:
عەبدولڕەحمان مەعروف (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
- ستافی کارا:
کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعودی مەلا هەمزە، حەسیبە بابۆڵی.
- نەخشەساز:
ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)

- بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای راپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

- راوێژکاری مێژوو: د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی
- راوێژکاری زمانەوانیی: د.وریا عومەر ئەمین
- راوێژکاری رووناکبیریی: د. هیمداد حوسێن
- راوێژکاری کلتووری: خالید جوتیار
- راوێژکاری هونەری: محەمەد زادە
بەشی کۆمپیوتەر: ئەیوب یوسف ئەبوبەکر



ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری
نۆرماڵ: ٠٦٧٩ ٢٥١ ٠٦٦
مۆبایل: ٥٨٧٨ ٤٥٥ ٧٥٠ ٩٦٤ +
سلێمانی، باڵەخانەی رەحیمی مەلا عەلی
مۆبایل: ٨٥٥٤ ١٥٩ ٧٧٠ ٩٦٤ +